گێڕانەوەی

قالــون

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَان

في القراءات العشر للقرآن

رواية قالون

عن نافع المدني
من طريق الشاطبية

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبوسمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والأربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

گێڕانەوەی

قـالـون

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شیخ نظام الدین یونس عزیز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
345 لە 2022-4-13
عێراق - هولێر

ليستی سەرپەرشتیاری تەرجەمەکردنی پەرتووک

شێخ هيبت فخري القاضي — سەرپەرشتیاری زانستی

رێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووک و گەورەو چوار شاذەکە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — پێداچوونەوەی زانستی

رێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووک

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — پێداچوونەوەی زمانەوانی

قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووک

دکتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازیار زاهر مزاحم الشريده — سەرپەرشتیاری چاپ


قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووک

ماستەر لە ئەندازیاری کۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — وەرگێڕ

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

له عوسمانی کوڕی عەفانەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەكی بە پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ئەوەی كە ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكەی ئەوەی لەگەڵ كردوین كە باوەڕی پێ بەخشیوین، وئێمەی تایبەت مەند كردووە بە ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبە لە جوانی و بە هێزیدا و چیرۆكەكانی دووبارە ئەبێتەوە، قورئانی پیرۆز ڕوونكەرەوەی هەموو شتێكە، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتەو مزگێنیشە بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازە، درودو ڕەحمەت بۆ سەر ئەو نێردراوەی كە ڕەحمەت و بەرەكەتە بۆ هەمووو جیهان، گەورەو خۆشەویستمان موحەمەد (ﷺ)، ومیهرەبانی برژێ بەسەر خانەوادەو ئەصحاب و شوێن كەوتوانی و ئەوانەی شوێنیان كەوتوون بە چاكە تا ڕۆژی دوایی.

بە دڵنیایەوە خودای مەزن فەرمانی كردووە بە ڕووكردنە قورئانی مەزن بە خوێندنەوەو لەبەر كردن و تێگەیشتن و بیرلێكردنەوەو كارپێكردنی لە زۆر ئایەت لە قورئانی پیرۆز، یەكێك لەو ئایەتانە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ ﴾ فاطر: ٢٩

وهەروها پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كە خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكەین و كەسانی تریش فێر بكەین، هەر وەك ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پەروەردگاری پاك و بێگەرد خەڵكانێكی ئامادەكردووە لە هەموو كات و سەردەمێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمەت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوەكو بەڵێنی پەروەردگار بێتە دی لە پاراستنی پەرتوكەكەی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبەت كردووە بۆ خزمەت كردنی قورئانی پیرۆز، وەریان گرتووە، هەروەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) وەری گرتوەو كەسانی دوای خۆی فێركردووە،

موسلمانانیش لە هەمووو سەردەمێکدا قورئانیان خوێندووە بە خوێندنێکی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووە بە پاك و بێگەردی دوور لە هەموو هەڵەو کەم و کورتیەك، بە سەنەدێکی نەپچڕاو دەست بە دەست تاوەکو دەگات بە پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

بە شێوەیەکی گشتی وڵاتمان بە تایبەتی گرنگیەکی زۆری داوە بە قورئانی پیرۆز، بە شێوەیەك کە بە هەزارەها ئەزبەرکاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵکەوتووەو لە هەردوو ڕەگەز بە دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلکەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاکەیەکە، وسوپاس بۆ ئەو چاکەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە کردویەتی، خەریك بوون بە قورئان باشترە لەوەی کە خەڵکی لە مولك و سامان کۆیدەکەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵکی پێش بڕکێ دەکەن بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست کەوتنی خێرو پاداشت.

یەکێك لەوانە برای خۆشەویست دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی کردووە بە ئامادەکردنی زنجیرەیەك لە کتێبی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەکانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو کەسانەی کە گرنگی بە قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریکی ئەم کارەن، ئاسان کردنی فێربونی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاکردنی کەسانی تر، من سەیری ئەم کارەم کرد بۆم دەرکەوت کە ماندوبونێکی زۆر پیرۆزی تێدا بەکار هێناوە، دە خوێندنەوەکانی قورئانی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، بە وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی کردووە بە باس کردنی بنچینەکانی خوێندنەوەی قاریئەکە، ئەوەی کە مەبەستە لە باسەکەدا، دواتر دەستی کردوە بەوەی کە جیاوازەو پێچەوانەی قیڕائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەکانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان لە بەشی سێهەم دەستی کردووە بە باس کردنی وشەکانی (فەرش) کە پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەکی زانستی قیڕائاتی قورئانە، کە ئاماژەدەکات بەو ووشانەی کە لە خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە لە نێوان قاریئەکاندا. (وەرگێڕ)

(حەفصە). پەرتوکەکە گشتگیرە بەوەی کە جیاوازی قاریئەکە لە خۆ دەگرێت و فێرخواز شتە وونبوەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.

داواکارم لە پەروەردگار ئەم بەرهەمە سودی هەبێت بۆ هەمووو خەڵك بە شێوەیەکی گشتی و خەڵکی تایبەتمەند بە قورئانی پیرۆز بە تایبەتی، وپاداشتی برای بەڕێزمان کاك ئەحمەد بداتەوە کە هەستاوە بەم کارە چاکە بە باشترین شێوە وئەمەشی بۆ بکاتە چاکەیەکی نەبڕاوە بەو زانستەی کە خەڵکی سودی لێببینێ، وداواکارم خودای مەزن هێزو چالاکییەکی پێ ببەخشێت بۆ خزمەت کردنی پەرتوکی پەروەردگارو بڵاوکردنەوەی زانستەکانی قورئان تا بچێتە ژێر ئەم فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

پەروەردگار ئەم کارەمان لێ وەربگرەو لە ڕیزی چاکەکانماندا تۆماری بکە، چونکە بەڕاستی تۆ پەروەردگاریگی زۆر بیسەرو زانایت، تەوبەو پەشیمانیمان لێ وەربگرەو بێگومان تۆ پەروەردگاریگی زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانی، خودایە بمانگێڕە لە ئەصحابی قورئانی پیرۆزو نزیك لە خۆتت بە تایبەت، خودایە دڵێکی پاك و مەبەستێکی بێ گەردمان پێ ببەخشە لە گوفتارو کردەوەدا، خودایە کۆتایی تەمەنمان پر خێر بکەی.

درودو ڕەحمەت بۆ سەر پێشەواو خۆشەویست و پێغەمبەرمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سەر خانەوادەو یارانی بە گشتی.

عبدالرحمن ی کوڕی یوسف الجمل(1)

(1) دکتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشەوای قورئانخوێنانی فەلەستین، لە دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نەسیرات لە ناوەڕاستی کەرتی غەزە، مامۆستای بەژداربو لە تەفسیر و زانستەکانی قورئان و خوێندنەوەکانی قورئان لە کۆلێژی بنەماکانی ئاین لە زانکۆی ئیسلامی لە غەزە، کاری کردووە وەك مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی بنەماکانی ئاین، دواتر بۆتە عەمیدی کۆلێژی ناوبراو، ئێستا کار دەکا وەك سەرۆکی دەزگای قورئانی پیرۆز و سونە لە کەرتی غەزە و سەرۆکی فەرمانگەی قیرائاتی سەنەدەکانی قورئانە، بەڕێز دکتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینەی چاکەو ماڤ بەسەرمانەوە هەیە لە دوای پەروەردگاری مەزن لە بلاوکردنەوەی زانستەکانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنەوەی لە غەزە، چەند پەرتوکێکی بڵاو کراوەی هەیە لە قیرائاتی قورئان و سەنەدەکانی وەرگرتوەو ڕێگە پێدراوە لە لایەن کۆمەلێك بەڕێزو مامۆستای گەورەوە، لەوانەی مامۆستاو شێخی گەورە بەڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەكی بە پێنووسی شێخ: سەعید زەعیمە

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ڕەحمەت وسەلام بڕژێ بەسەر چاترینی پەیامبەران و پێشەوای بڕواداران، ئەو كەسەی كە كتێبێكی بەسەر دابەزیوە هیچ خواری و كەم و كورتی تێدا نیە، نە لەپێش و نە لە دواوە.

سەیری ئەم زنجیرە پیرۆزەم كرد كە ناونراوە بە گەوهەرەكانی قیڕائاتی قورئان (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئان، كە دكتۆر ئەحمەد ضـەیف الله باوكی سەمهەدانە، بینیم پڕە لە زانیاری ورد لە ناوەڕۆكدا.

منیش داواكارم لە یەزدان كە سودی هەبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بەوەی كە داڕێژراوەو نوسراوەتەوە لەم زنجیرە پیرۆزەدا .

دووبارە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعید صالح زعیمە[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سەعید صالح مصطفی زعیمە، زانایەكی لێكۆلەرو كاربەجێیە، یەكێكە لە زانایانی خوێندنەوەكانی قورئان لە ئەسكەندەریە، پزیشكی جەڕاحە لە ئەزهەر، لە دایك بوی1957ز، دەرچوی پەیمانگای سەموحەیە، بۆ قیڕائاتی قورئانی بڕوانامەی باڵای وەرگرتوە لە دە خوێندنەوەكانی بچوك و گەورە، شیكردنەوەو ڕوونكردنەوەی هەیە لەسەر دەقەكانی شێخ و زاناكان وەك شاطبی و ئیبن جەزری و جەمزوری، قورئانی پیرۆزی بەتەواوی خوێندۆتەوە بە دە خوێندنەوەكانی بچوك و گەورە بەسەر زانا شێخ موحەممەد عبدالحمید عبدالله خلیل ، خاوەنی بەرزترین پالپشتە لە جیهاندا لە خوێندنەوەی دە قیڕائاتە گەورەكە، وشێخ سەعید قورئانی خوێندۆتەوە بەسەر زۆر شێخ دا كە باس دەكرێن نزیكەی چل پیاو و ئافرەت دەبن، هەمووی ڕێپێدانیان وەرگرتوە، بۆ نمونە كەسێكە بەناوی عبدالفتاح مەدكور، وهەروها شێخ سەمنودی،و شێخ عەلی نحاس،و شێخ عەلی رحال،و دایكی سەعد، ومۆلەتی لە خوێندنەوەی دەی بچوكی پێداوم بەناوی مامۆستا تناظر النجولی، زۆر كتیبێی هەیە لە زانستی خوێندنەوەكانداو جگە لە خوێندنەوەكانیش،

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەكی شێخ: جەمال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و تەنیا، درودو ڕەحمەت بۆ سەر گیانی ئەو كەسەی كە هیچ پێغەمبەرێك لە دوای ئەو نایەت.

ئەم پەرتووكەم بینی كە ناونراوە بە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، لە نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئەحمەد ضەیف الله باوكی سەمهەدانە ، بینیم كتێبێكی چاكە لە داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كەش كردوە، سود بەخشە لە بابەتەكانیدا، ئاسانە لەسەر زانست خوازان، تكاكارم لە پەروەردگار سودی بگێنێت لە هەموو كات و ساتێكدا، چونكە تەنها ئەو پشتیوان و بەهێزە لەسەر هەمووو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووتەی شێخ:

جەمال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

هەول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئەنجام داوە لە بلاْوكردنەوەی زانستی قیراْئات، لەگەلْ ئەوەش زانستێكی بەرفراوانی هەیە لە زانستی نەحوو صەرف و تەفسیر و زانستە شەرعیەكاندا.

[1] شێخ: جەمال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحەممەد القرش، لە دایك بوی 1963ز، چەن ڕێگە پێدراوێكی بەدەست هێناوە لە خوێندن و خوێندنەوەدا، بڕوانامەی زانكۆیی هەیە لە كۆلێژی ئاداب و پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی سالی1987ی زاینی، سەرپەرشتیار بووە لە بەشی قورئانی پیرۆزو زانستەكانی لە بنكەی یەكەم بۆ پەرەپێدانی پەروەردەیی لە ڕیاز، بەژداری لە زۆر خول كردووە وەك لێهاتویی و سەرپەرشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوەو سەرۆكی بەشی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانمانی پێشو لە ولاْتی سعودیا، وەهەروەها كاری كردوە وەك بەڕێوەبەر بۆ كاروباری فێركردن لە قوتابخانەكانی ناوەڕاست لە سالی1427ی كۆچی تا وەكو سالی1433ی كۆچی، بەژداری كردوە لە پێش بركێی نێو دەولْەتی بۆ لەبەر كردنی قورئانی پیرۆز لە ولاْتی كویەت لە سالی 1432ك، و 1433ك، چەن نوسراوێكی خۆی هەیە لە (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربی	كوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	له‌بری
4	سكون	زه‌نه‌دار
5	شدة	شه‌دده‌دار
6	ضمة	ضه‌مه‌دار
7	فتحة	فه‌تحه‌دار
8	كسرة	كه‌سره‌دار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانه‌پاڵ
11	وقف	وه‌ستان
12	وصل	نه‌وه‌ستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنه‌وه
15	مد	درێژكردنه‌وه
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنی شه‌ش جوڵه
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنه‌وه

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان

پێشهكی:-

سوپاس بۆ ئهو خودایهی قورئانی پیرۆزی كردۆته ڕۆناكی بۆ خهڵك تا ڕێ نیشاندهری گومڕاو سهرلێشێواوان بێت، وخهڵكی له تاریكی نهزانی ڕزگار كردووه بهرهو ڕوناكی قورئانی پیرۆز، ودهروونی پاك كردۆتهوهو دهری هێناون له سهر گهردانی و بهرهو جوانترین و بهرزترین پلهوپایهی بردوون.

ڕهحمهت و میهرهبانی برژێ بهسهر پێشهومان، موحهممهدی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئهو كهسهی كه ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی بهسهردابهزیوه.

بههۆی ئهم قورئانه پیرۆزه چلكی ئارهزوهكانی لابردوه لهگهڵ پیسیهكان، ههر بههۆی ئهم قورئانه پێشهوایهتی بۆ مرۆڤهكان دروست كردووه، بوون به نمونه له پۆشاكی هێزی باوهڕدا، درووود لهسهر خانهوادهی ئهم پهیامبهرهو ئهم هاوڕێیانهی كه چاكترین كهس بوون، ودرووود لهسهر ئهوكهسانهش كه شوێن كهوتهی ڕێبازی ئهوانن له پیاو چاكان و پاكان، ئهوانهی قورئانی پیرۆزیان ئهزبهر كردو پارێزگاریان لێ كرد، پهروهردگار پاداشتی چاكهكانیانی داوه له دونیاو دوارۆژدا، پهروهردگار چاكهكارانی خۆش دهوێت:

به دڵنیایهوه زانستی تهجویدو خوێندنهوهكانی قورئانی پیرۆز لهپێشینهی زانستهكانی تره لهباس كردن و یادگهدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگهیان ههیه ، چونكه پهیوهستن به فهرمودهی پهروهردگاری جیهانیان به شێوهیهك ئهو زانستهو ئهو زنجیره قورئانیانه پاداشتێكی زۆری لهسهره، پێغهمبهر(ﷺ) دهفهرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إِلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئەوەی فێركردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبڵاوكردنەوەی شێوەی خوێندنەوەكەی و گێڕانەواكانی، نزیكت دەكاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پاڵ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) كە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. واتا: چاكترینتان ئەو كەسانەن كە خۆی فێری قورئان دەكات و كەسانی تریش فێر دەكات.

لەسەر وەلأم دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم كرد، داوای كۆمەك و هاوكاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ كرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام كرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن كەوتەی پێغەمبەرەكەم (ﷺ) دەستم پێ كرد بە داوای پاڵ پشت و هاوكاری خودای گەورە لەسەر بلاوكردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی كە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەكان (القراءات الشاذة) بە پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزەكان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەكانم، دەست پێ دەكەم لەم ڕووەی كە هەست بە بەرپرسیارەتی دەكەم، نەك لەڕووی ئەوەی كە بلێم من شایەنی ئەم كارەم.

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆزو زانستەكانی كە ناوم ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم كۆكردۆتەوە لە كتێبەكانی پێشو، وئەوەشی كە وەرم گرتوە لە مامۆستاكانم، باسی ئەو جیاوازیانەم كردووە كە ڕاویەكان یان قاریئەكە پێچەوانەی

---

[1] **ئەبو داوود، پەرتووكی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.**

[1] **بوخاری، لە باسی خیركم من تعلم القران و علمە، ژمارەی فەرمووده5027، لاپەڕە436.**

پێشه‌وا حه‌فصی كردووه‌، باسی یه‌ك ده‌نگیم له‌ نێوانیاندا نه‌كردووه‌، مه‌گه‌ر كه‌مێك جار نه‌بێ كه‌ باسی یه‌ك هه‌ڵ وێستیان ئه‌كه‌م زیاتر بۆ ڕوون كردنه‌وه‌و ته‌واوكه‌ری سوده‌كانه‌، ئه‌م په‌رتوكه‌ی له‌ ژێر ده‌ستی خوێنه‌ری به‌رێزدایه‌ كردومه‌ به‌ سێ به‌ش، له‌ به‌شی یه‌كه‌م : باسی بنچینه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا ئبی عه‌مری بسڕی به‌ ریزبه‌ندی بابه‌ته‌كانیشیم ڕێك خستووه‌ به‌ پێی ئه‌وه‌ی كامه‌یان گرنگتره‌ له‌وی تر، به‌پێی ئه‌و ئه‌زمونه‌ی كه‌ هه‌م بووه‌ له‌ وانه‌ وتنه‌وه‌ی قورئانی پیرۆزدا.

له‌ به‌شی دووم : به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی زیاتر باسی بنچینه‌كان و (فه‌رش)م كردووه‌، به‌ شێوه‌یه‌كی ڕێك و پێك باسم له‌ وردودرشتی ووشه‌كان كردووه‌، وهیچ جیاوازی نیه‌ له‌ نێوان ئه‌م وشه‌ ناكۆكه‌ له‌ وشه‌كانی بنچینه‌یی بێ یاخود (فه‌رش) بێ، تاوه‌كو پێداویستیه‌كانی كه‌سی سه‌ره‌تایی جێ به‌جێ بكات، ئه‌مه‌ش له‌ ڕێگه‌ی دروست كردنی خشته‌یه‌كی سێ ستونی به‌م شێوه‌یه‌:

ستونێكیان تایبه‌ته‌ به‌ پێشه‌وا (حفص) ستون تایبه‌ته‌ به‌ پێشه‌وا قالونو ستونێكیان تایبه‌ته‌ به‌ ڕوونكردنه‌وه‌ی چۆنیه‌تی خوێندنه‌كان، سه‌باره‌ت به‌ به‌شی سێیه‌می ئه‌م په‌رتووكه‌ لێكچونێك هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ به‌شی پێشه‌ خۆی ته‌نها ئه‌وه‌ نه‌بێ من كورتم كردۆته‌وه‌ ته‌نها به‌ به‌كارهێنانی وشه‌ی (فه‌رش) له‌گه‌ڵ كه‌مێك زیاده‌، تا ئامانجه‌كان به‌ده‌ست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ شاره‌زاییان هه‌یه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌كاندا له‌ كاتی گه‌ڕانه‌وه‌دا بۆ ئه‌م به‌شه‌، وبتوانێ ووشه‌كانی (فه‌رش) ده‌ربهێنێ به‌ شێوه‌یه‌كی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێره‌دا باسی پێشه‌كیه‌كه‌ی(ئیبن مه‌هران)ی ئه‌صفه‌هانیم كردووه‌ خاوه‌نی كتێبی (المبسوط) له‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس له‌ كتێبه‌كه‌ی خۆی ده‌كان ده‌ فه‌رموێت: (ده‌مه‌وێت پێتانی ڕابگه‌ێنم كه‌ من پۆلێنم كردووه‌ ته‌نها بۆ تێگه‌یشتن و به‌رچاو ڕوونیه‌، بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ شاره‌زایی ته‌واویان هه‌یه‌ له‌م بواره‌دا، و هونه‌ری ته‌واوی هه‌یه‌ له‌ زانسته‌كان و ئاكاره‌كاندا)

بە مێشکم داهات کە هەندێ بابەتی پەروەردەیی تێکەڵاو بکەم لەم زنجیرە پیرۆزەدا، وەك مەبەستێك لەوانەوتنەوەکانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە زنجیرەو دانیشتنەکانی قورئان و ڕێگەی زنجیرەکانی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا قالون، وتوندو تۆڵکردنی زنجیرەکانی قورئانی پیرۆز تایبەت بە خولی ناوبراو، کاتێ تاقیکردنەوەکان و گشت بابەتەکان تەواو ئەبن بەیەکتر پەیوەست ئەکرێن، وجگە لە کاری تری پەروەردەیی کە شاراوە نیە لای هەمووو کەسێکی تێگەیشتوو، ئەوانەی باس کران هەمووویان لە چوارچێوەی تەواوبوندا لە نێوان چوار چێوەی تیۆری و لایەنی کرداری دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مامۆستا یان خوێنەر تا پشتی پێ ببەستێ لە کاتی فێرکردن و فێربوونی ئەم قیرائەیە.

داواکارم لە خودای مەزن ئەم زنجیرە قورئانیەم بۆ وا لێبکات کە مەبەستم تەنها ڕازی بوونی ئەو بێت و تەنها لە پێناو ئەودا بێت، تکام وایە لێم وەربگرێت بە باشترین شێوە، وڕێزێکی گەورەو بێ پایەنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسەرەکەی و ئەوکەسانەشی کە لە دەورو بەریدان هەبێت، وهەروها سودەکەی بگێنێ بە نەوەی داهاتوو پشت بە پشت، منیش بپارێزێت لە بیرۆکەی نابەجێ، وپێنوسیشم ڕزگار بکات لە هەڵە، هەرکەسێ کەمتەرخەمیەکی بینی تیایدا یان هەڵەو کەمو کورتیەکی تیایدا دۆزیەوە تکای لێ دەکەم پۆزشم بۆ بێنێتەوەو ئامۆژگاریم بکات و چاکی بکاتەوە.

پێویستە ئەوەش بلێم کە ئەم ماندوبونەی من بۆ خزمەت کردنی پەرتووکی خودای گەورە هەر چەندە زەحمەتی تێدایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەزیەت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دەبێت.

بەرلەوەی پێنوسی ڕوون کردنەوە هەڵگرم، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارو یارمەتیدەرم بوون، پاداشتی چاکە کارانیش تەنها چاکەیە.

---

[1] ترمزی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپەڕە383.

سوپاسێكی بیٚ پایان و تایبەت بۆ شەیخەكەم بەڕێز (سولەیمان ی باوكی عاذره) **چاكەو ماڤ بەسەرمدا هەیە ، ئەو لە تەرازوی ژێریدا پێش دەخرێت، لەسەر پێداچونەوەی ئەم زنجیرە باسە و ڕاست كردنەوەی لە ڕووی زمانەوانیدا.**

وەهەروها سوپاسی برای بەڕێزم (عبدالسلام طباسی) **دەكەم لەسەر پێداچونەوەو زیادە خستنە سەر شێوە هونەریەكەی لە دەرچوون و ڕاخستنی ئەم پەرتووكە، وسوپاس بۆ شێخی بەڕێز** (عبدالله جمال العرقان) **لەسەر ئەم ماندوبونەو بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ مامۆستایان بۆ پێش كەش كردنی ئەم زنجیرە پیرۆزە.**

لە كۆتاییدا سوپاسی هەمووو ئەو كەسانە دەكەم كە سودیان پێم گەیاندوە بە ڕستەیەك، یان سودیان پێم گەیاندوە بە ئاماژەیەك، یان منیان ڕاست كردۆتەوە لە هەڵە، یارمەتیان داوم بە نوسین، گەر بمەویٚ سوپاس و پێزانینیان كورت بكەمەوە تەنها دەڵێم ئەوەیان لامە كە بە نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمەوە.

خزمە تكاری قورئانی پیرۆز

د. ئەحمەد ضیف الله عومر ئەبو سەمهەدانە

ڕێگە پێدراوی دە قیرائاتی (خوێندنەوەكانی) قورئانی پیرۆز بچوك و گەورە

و چوار جۆرە دەرچووەكە لە قیرائاتی قورئانی پیرۆز

دەروازەیەك:-

سوپاست دەکەم لەسەر وەرگرتنی ئەم پەرتووکە، ئومێدەوارم پالپشتت بیٚ لە بیرۆکەو زانیاری بە سود، هاوکاریت بکات لەسەر خوێندنەوەی پەرتووکی پەروەردگار بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

هەروها ئومێدەوارم – لە ڕێگەی ئەو پۆستە ئەلیکترۆنیەی داندراوە لە سەرەتای ئەم پەرتووکە – دەولەمەندم بکەیت بە تێبینیەکانت، وئەم پەڕاوە گرنگانەی کە من هەڵوەستەیان لەسەر دەکەم، ئەو دێرانەی کە من هێلم لە ژێر داوە، هیچ شتێك لەوە چاکتر نیە کە نوسەر ببینیٚ نوسراوەکەی بە جوانترین شێوە نوسراوە، بە تایبەت ئەگەر نوسین و پەرتوکەکەی پەیوەست دار بێت بە قورئانی پیرۆز، ئەوە زیاتر بایەخی پیٚ دەدات و دڵنیایی لەسەر دەبێت.

پێم باشە لێرەدا ئەوە بگوازمەوە کە (عیماد الاصفهانی)[1] باسی کردووە سەبارەت بە کەمتەر خەمی و ماندوبونی مرۆڤ، سەرەڕای گشت هەوڵەکانی، بۆ پوخت کردنی شتەکان و ڕاستکردنەوەیان و بەدواداچونیان، دەفەرموێت: "من ئەبینم هەرکەسێك پەرتوکێك بنوسێت لە ڕۆژی دواتر دە لی: ئەگەر لەبری ئەمە ئەمەم بەکار بهێنابوایە باشتر بو، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد کرابوایە چاکتر بو، ئەگەر ئەوە پێش بخرابوایە گرنگتر بو، ئەگەر ئەوە لا بردرابوایە جوانتر بو، ئەمەش گەورەترین پەندە، بەڵگەی سەلماندنی ئەوەیە کە نوسینی ڕستەکانی مرۆڤ کەم و کورت و ناتەواون" ئیبن قەییمی جوزی، د.ت، بەرگی 1، لاپەڕە 2).

داواکارم لە بەڕیزت کاتێکت هەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵپەڕی فەیس بوك: بەناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپەڕی کەسی من)، چونکە من

[1] ارەتی نوسینی ئەدبیات ی بەناوبانگ عیماد ئەصفەهانی، پاشان بەناوی عیماد بلاٌوبۆتەوە، لەم بارەیەوە سەیری: عبدالله ی کوڕی عبدالرحمن ی بەسام بکە: کتێبەکەی بەناوی (توضیح الاحکام من البلوغ المرام) مەککەی پیرۆز، نوسینگەی الاسدی، چ5، بەرگی 1، 2003ز، لاپەڕە 3.

دهمهوێت ههندێ شتی باش و دهستكاری و نمونه و سهرچاوهی تر دابنێم كه به ڕاستی سودیان بۆ تۆ دهبێت له دواییدا.

له نوسینی ئهم پهرتوكهدا شێوازێكی تایبهتم به كار هێناوه – پاش داوای یارمهتی و پاڵ پشتی له پهروهردگار – لێرهدا به كورتی باسی دهكهم بهم شێوهی خوارهوه:

1. نوسینی ئایهتهكانی قورئانی پیرۆز به وێنهی عوسمانی.

2. نوسینی فهرمودهكانی پێغهمبهر(ﷺ) به سهرو ژێرهوهو به نوسینێكی جیا له نوسینهكانی تر، مهبهست لهم كارهش بۆ گهورهیی و پیرۆزی فهرمودهی پێغهمبهره(ﷺ).

3. له كاتی نوسینی ئایهتهكانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوڕهتهكهو ژمارهی ئایهتهكهم كردووه، ڕاستهو خۆ لهدوای ئایهتهكهم داناوه تا نوسینهكان زۆرو تێكهڵاو نهبێت.

4. پێناسهی زاراوهكانم كردووه بهپێی توانا.

5. ڕونكردنهوهی واتای ههندێ وشهی نادیار له پهراوێزدا .

6. پێناسهی ههندێك كهسایهتی كه ناویان هاتووه لهم پهرتوكهدا.

7. من پێداگربوم – به پێی توانا – له بیركردنهوهو ههڵوهسته له وهرگرتنی ههر بابهتێك یان بڕیارێك لهسهر دیاردهیهك، لهبهر ئهوه ڕۆچوون له فهرمانێك كه پهیوهندی به قورئانی پیرۆزهوه ههیه ئهوه دهخوازێت كه بهدواداچونی بۆ بكهیت و لێی وردبیتهوه جوان تێڕابمینێیت، ئهوهش به یارمهتی پهروهردگار و چاكهی ئهوه بهسهرمهوه، لهگهڵ كورتی كات و دووری ڕێگادا.

8. لە كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەڕەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گەڕاومەتەوە سەر بەشێکی زۆر لە سەرچاوەو ماستەر نامەی زانکۆیی و بابەتی ترو مالپەڕە ئینتەرنێتیەکان، وگەڕاومەتەوە بۆ دەیەها سەرچاوەی تر بەڵام بەکارم نەهێناوە چونکە لەگەڵ بابەتی من زۆر تێکی نەکردۆتەوە.

15. زۆربەی جار ئەو دەقەی کە وەرمگرتووە ئاماژەم بەسەرچاوەکەی نەکردووە. تا ژێرنوسەکان زۆر نەبێت، ومن ئارەزوی کورت کراوە دەکەم و زیاتر ماندوبوونەکەم بۆ شتی گرنگتر بە کاردێنم، لە کۆتایی کتێبەکەدا باسم کردووە، لە ناوەڕۆکی سارچاوەکان ئەوەی کە زۆر سودم لێ بینیوە لە بڕگە زانستیەکەدا.

16. لە کۆتایی: کاتێك بینیم بەرفراوانیەك هەیە لە بنچینەو بڕگەکانی ئەم کتێبەدا و گشتگیریەکەیدا، دلنیابووم بڕگەکانی درێژە دەکێشێت، بینیم پێویستە ئەو بابەتانەی ڕوون وئاشکران کورت کەمەوە لەسەر ئەوانی تر، مەبەست لەم کۆششە ئاسایی کردنی بابەتە درێژەکان بوو.



ئه‌م ڕێگایه‌ی به‌كارم هێناوه‌ بۆ وشه‌ی فه‌رش

به‌ پێی توانا هه‌وڵمداوه‌ پابه‌ندبم به‌ به‌كارهێنانی نوسینی ڕه‌سمی عوسمانی له‌ نوسینی وشه‌كانی فه‌رشدا.

✓ ئه‌گه‌ر وشه‌یه‌كه‌م به‌ڕه‌هایی به‌كارهێنا، واته‌ مه‌به‌ستم پێی له‌كاتی وه‌ستان و نه‌وه‌ستانه‌ (وقفاً – ووصلاً)

✓ (أ) ئاماژه‌یه‌ به‌ ئاسانكردنی هه‌مزه‌، ئه‌گه‌ر نوسینی پیته‌ هه‌مزه‌كه‌ له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف بوو، وه‌ك: [ءَاْعۡجَمِيٌّ].

✓ (ؤ) ئاماژه‌یه‌ به‌ ئاسانكردنی هه‌مزه‌، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه‌ له‌سه‌ر شێوه‌ی (و) بوو، وه‌ك: [أَؤُنَبِّئُكُم].

✓ (ئـ) ئاماژه‌یه‌ به‌ ئاسانكردنی هه‌مزه‌، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه‌ له‌سه‌ر شێوه‌ی به‌رزكردنه‌وه‌ی ده‌نگ بێت(نه‌برِه‌)، وه‌ك: [أَئِمَّةَ].

✓ (•) ئاماژه‌یه‌ به‌ ئاسانكردنی هه‌مزه‌، ئه‌گه‌ر نوسینی هه‌مزه‌كه‌ له‌ ڕیزی پیته‌كانی تر نوسرابێت، وه‌ك: [أَءِنَّكَ].

✓ (ـۜ) ئه‌م نیشانه‌یه‌ له‌سه‌ر بێت، واتا خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م پیته‌ به‌ پیتی(س) ده‌بێت، وه‌ك: [ٱلصِّرَٰطَ].

✓ (ـۿ) ئه‌م نیشانه‌یه‌ له‌سه‌ر بێت، واتا وه‌ستان به‌ پیتی(ه)ی زه‌نه‌دار، وه‌ك: [فِيمَ][فِيمَه].

✓ (ـۖ) ئه‌م نیشانه‌یه‌ له‌سه‌ر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی له‌سه‌ر وه‌ستاو، به‌ پیتی(ه) وه‌ك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـٌ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ضه‌مه‌داركردنی پیتی نونی ته‌نوین، به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری ضه‌مه‌، وه‌ك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِندخُلُواْ].

✓ (ـٍ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر كه‌سره‌داركردنی پیتی نونی ته‌نوین به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری كه‌سره‌، وه‌ك: [أَحَدُۢ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر كه‌وته ژێر پیت، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر بوونی ئیماله[1]، وه‌ك: [مَجۡرِىٰهَا].

✓ ئه‌گه‌ر ناوی ڕاوی (گێره‌وه‌ره‌كه‌)م نه‌بردبوو، واتا هه‌ردوو ڕاویه‌كه یه‌ك خوێندنه‌وه‌یان هه‌یه، واته جیاوازیه‌كه ته‌نها له‌سه‌ر قالونه‌ به ڕاویه‌كانیه‌وه‌.

✓ له به‌شی یه‌كه‌م له وشه‌كانی فه‌رش كورت كردنه‌وه‌م كردووه له‌سه‌ر ناو هێنانی پیتی(م)ی كۆ، زۆربه‌ی جار دووباره‌م نه‌كردۆته‌وه له به‌شه‌كانی تر، ئه‌وه‌ش به‌هۆی زۆر به‌كارهاتنی له قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم له هه‌ندێك جار له‌گه‌ڵ یاسای تر باس كردووه له هه‌مان وشه‌.

✓ به‌شی سێیه‌م تایبه‌ت كردووه ته‌نها به وشه‌كانی فه‌رش، له‌گه‌ڵ ئاشكراكردنێكی كورت، ده‌رباره‌ی پیتی(ه)ی كینایه[2]، وپیتی(م)ی كۆ، له‌گه‌ڵ وه‌ستان به پیتی(ه) له‌بری پیتی(ت)ی مێ، وگه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه به‌یه‌كترو ئه‌وانه‌ی هاووێنه‌ی ئه‌وه‌ن كه باسمان كرد، له‌م به‌شه‌دا باسم نه‌كردووه، تا درێژنه‌بێته‌وه، ئه‌وه‌شی زانیاری زیاتری ده‌وێت بگه‌ڕێته‌وه بۆ به‌شی دووه‌م، زۆر به درێژی باس كراوه‌.

---

[1] ئیماله(الاماله) واته خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف و یائدا هاوشێوه‌ی (ی)ی كوردی لێدێت، وه‌كو:(مَجۡرِىٰهَا) (مه‌جراها) (مه‌جرێها)

[2] كناية: دركه – دوو نیازی – به‌لاَم لێره‌دا مه‌به‌ستی پێی ڕاناوی لكاوه‌(ضمیر متصل).

گرنگترین تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی ئه‌م په‌رتووكه

1. په‌رتوكه‌كه له ژێرده‌ستتدا ده‌بێت تا چێژ وه‌رگری له خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار، به‌خێرایی ده‌تگه‌یه‌نێت به زانستی خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، نه‌خوشیت بۆ دیاری ده‌كات، چاره‌سه‌ریشت بۆ ده‌دۆزێته‌وه، وبۆچوونه په‌سنده‌كه‌شت پی ده‌به‌خشێت.

2. نمونه‌ی كرداریت بۆ ڕێك ده‌خات له‌گه‌ڵ نمونه‌ی ژیری و گریمانه‌یی، تا خوێنه‌رێكی كاراو به توانات لێ دروست بكات بتوانی گه‌ڕان و تێڕامان بكه‌یت.

3. به وردی شیكردنه‌وه‌و كردنه‌وه‌ی گرێ كوێره‌كانی زۆرێك له بابه‌ته ئالۆزو تێكه‌ڵاوه‌كانت بۆ ده‌كات، دواتر چاره‌سه‌رێكی زانستی گونجاو بۆ هه‌ر یه‌ك له كێشه‌كان ده‌كات.

4. ئه‌م په‌رتووكه كێشه‌و چاره‌سه‌ری زۆرێك له بابه‌ته تایبه‌ته بچوكه‌كانت ده‌خاته ژێر ده‌ست، درێژه پێده‌ره تا بابه‌ته گه‌وره ئالۆزیه‌كانت پیشان ده‌دات.

5. نمونه‌و به‌ڵگه‌ی زۆر ورد هه‌لبژێردراون تا بیرۆكه‌ی بابه‌ته‌كان به ته‌واوی پێت بگات.

6. له ناوه‌ڕۆكدا كۆكه‌ره‌وه‌ی گرنگترین بۆچون و ئه‌و بابه‌تانه‌یه كه له په‌رتووكه‌كانی تری په‌یوه‌ست به‌م بواره.

7. ساده‌و ئاسان كردنی زانیاریه‌كان به‌پێی توانا.

8. بەكارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری كراو لە جیاوازییە فەرشییەكان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری كردنی وێناكردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم كردووە لە بەشی نوسینی وشەكانی فەرش.

9. ئەم پەرتووكە جیاكراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەكانی، وەك – پەیوەندی نێوان پیتەكان – بۆ ئەو كەسانەی كە سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەكان دەكەن تا دەركی پێ بكەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووكەكە دابەش كراوە بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەكان، لە پێشەكیەكەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مەبەست لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەكان كە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ كار پێكردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ كە ئامادەیە كەسێكی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و كۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاكە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بكات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ كردنی فەرمانی خودا كە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بكات لە نێوان ملكەچی و بیركردنەوە لە كاتی نوێژدا.

5. بەرووبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەكی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی كە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قولّی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵكی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بكات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونکە فێری یاسای ژیانی دەکات.

9. ئەو پەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەکی قورئانی بۆ منداڵی موسڵمانان، (زەکاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەکانی قیڕائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بکات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز کردنی تواناکانی لەسەر ئەزبەرکردن و جێبەجێ کردنێکی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەکانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێرکردن و دورکەوتنەوە لە تێکەڵاوکردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا قالون

- ئەم پەرتوکە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربکەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەکی ئەم خولە ئەم پەرتووکەیە کە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا قالون.
- ئامادەکردنی فەرش و وشەکانی قالون لەسەر موصحەڤ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیکردنەوەی چالاكی بەشێوەیەکی بەردەوام لە کۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاکانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلاْمانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەکەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەکانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووکە، یان بۆ پێش خستنی پەیڕەوی ئەم خولە.

ڕێکارەکانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا قالون

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاکەی دەرکردنە.
- وتەی لاوەکی کە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەکانەوە قەدەغەیە.
- قسەکردن بە مۆبایل لە کاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشهوا نافع

به باوكی رویم، یان (باوكی عبدالله) ی پێ گوتراوه نافع ی كوڕی عبدالرحمن ی كوڕی باوكی نوعهیمی لهیثی، ئهصبههانی (عبد) بهندی جهعونهی كوڕی شهعوبی شیجعی لهیثی، هاوپهیمانی حهمزهی كوڕی عهبدوالموتهلیب، نیشتهجێی شاری مهدینه بووه، یهكێك بووه له حهوت قاریئهكه، پێشهوای شاری مهدینه بووه كه به شاری كۆچ بۆكراو(دار الهجرة) ناوبانگی دهركردووهو له زانستی قیرائات دا له دوای ئهبی جهعفهری مهدهنی، لهسهردهمی عهبدوالمهلیكی كوڕی مهڕوان له دایك بووه له ساڵی70ی كۆچی، له چینی سێههم بووه له دوای صهحابه، باوهڕپێكراوه، پیاوچاكه، زانا بوو به ڕووهكانی خوێندنهوهی عهرهبی، زیاتر له حهفتا ساڵ خهڵكی فێری قورئان كردوو، كهسێكی ڕهش پێستی قسه خۆش و بۆن خۆش بووه، لێیان پرسیوه ئهی باوكی عبدالله ئایه خۆت بۆن خۆش دهكهیت كاتێك شتمان بۆ دهخوێنیتهوه؟ لهوڵامدا فهرموی دهستم له بۆن نهداوه، بهڵام پێغهمبهرم(ﷺ) له خهودا بینی قورئانی له دهمم خوێندنهوه، لهوكاتهوه من ههست به بۆنی خۆش دهكهم له دهمم دهردهچێت.

پێشهوا شاطبی ئاماژهی بهمه كردووه له هونراوهیهكیدا ئهفهرموێت:

فَأَمَّا الْكَرِيمُ السِرِّ في الطيِّبِ نَافِعٌ　　　فَذَاكَ الَّذِي اخْتَارَ الْمَدِينَةَ مَنْزِلاَ

پێشهوا مالیكی كوڕی ئهنهس ئهفهرموێت: خوێندنهوهی شاری مهدینه كرد، وتیان مهبهستت له خوێندنهوهی نافع؟ فهرموی: بهڵێ.

عبدالله ی كوڕی پێشهوا ئهحهمهدی كوڕی حهنبهل دهفهرموێت: پرسیارم له باوكم كرد كام خوێندنهوهت لا خۆشهویستره؟ فهرموی: خوێندنهوهی خهڵكی مهدینه، واته خوێندنهوهی نافع، گوتم ئهگهر نهبوو؟ فهرموی: خوێندنهوهی عاصم.

موسیبی دەفەرموێت: بە نافع گوترا: ئەوە چۆن دەموچاوت وا جوان بوەو ڕەوشتت بەرز بووە؟ فەرموی: چۆن وام لێنایەت لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەوقەی لەگەلمدا کردو منیش قورئانم بەسەرەیدا خوێند، مەبەستی لەخەودا.
قالون کە قوتابی نافیعەو زیاتر لە بیست ساڵ لەگەڵیدا ژیاوە دەفەرموێت: نافع پاکترینی خەڵك بوو وباشترین خوێنەری قورئان بوو لەناو خەڵکدا، کەسێکی دونیا نەویست و ماڵ بەخش بوو، نزیکەی شەست ساڵ نوێژی لەناو مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) کرد.

ئەعشی دەفەرموێت: نافع زۆر بەئاسانی خەڵکی فێری خوێندنەوەی قوڕئان دەکرد تا وای لێهاتبو خەڵك دەیانگوت تەنها خوێندنەوەی تۆ.

ئیسحاقی مسیبی لە نافع دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: بەخزمەت کۆمەڵێك تابعی گەیشتم ئەوەی دووکەس لەسەری کۆبویتەوە لە نێوانیان وەرمگرتوە، هەرکات یەکێکیان بە خوێندنەوەیەکی بیخوێندبایە کرد یەکسەر وازم لێ دەهێنا تا ئەم خوێندنەوەی ئێستای خۆمم دەستکەوت.

نافع قورئانی لای حەفتا لە تابعیەکان خوێندوە، لەوانە: باوکی داوود عبدالرحمن ی کوڕی هورموزی ئەعەرج (هاوڕێی ئەبی هوڕەیرە)، وباوکی جعفر یەزیدی کوڕی قەعقاع، وشەیبەی کوڕی نیصاحی قازی، وباوکی ڕەوح یەزیدی کوڕی ڕومان، وباوکی عبداللە موسلیمی کوڕی جوندوبی هوزەلی خزمەتکاریان، ئەم پێنج کەسە زانستی قیڕائەتیان لە عبداللە ی کوڕی عەیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعەو ئەبی هوڕەیرەو ئیبن عەباس وەرگرتووە، ئەوانیش لە ئوبەی کوڕی کەعب ئەوەیش لە پێغەمبەر(ﷺ) وەریگرتووە.

کاتێك نافع لە سەرەمەرگدابوو، کوڕەکانی پێیان گوت ئامۆژگاریمان بکە، ئەوەیش ئەم ئایەتەی بەسەریاندا خوێندنەوە: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَصۡلِحُواْ ذَاتَ بَيۡنِكُمۡۖ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾[ئەنفال:1].

نافع له شاری مه‌دینه‌دا وه‌فاتی كرد له ساڵی169ی كۆچی له ته‌مه‌نی 99ساڵیدا،(70-169ك)

خه‌ڵكێكی زۆر قیرائه‌تیان لیٚ وه‌رگرتووه، له‌وانه: پێشه‌وا مالیكی كوڕی ئه‌نه‌س و ئیسماعیلی كوڕی جه‌عفه‌ر و عیسای كوڕی وه‌ردان و سوله‌یمانی كوڕی موسلیم ی كوڕی جه‌ماز، ئه‌وانه‌ی باسكران هه‌موویان له‌سه‌ر ده‌می نافع دا ژیاون. ئه‌م تایبه‌ت مه‌ندیه ته‌نها بۆ مرۆڤه كه هاوسه‌رده‌میه‌كانی لای ئه‌و بخوێنن.

له نافع ڕیوایه‌تی كردووه پێشه‌وا ئیسحاق ی كوڕی موحه‌مه‌مه‌دی موسه‌یبی و عیسای كوڕی مینا كه به قالون ناسراوه، وعه‌بدولمه‌لیكی كوڕی قوریبن ئه‌صمه‌عی زانا له نه‌حوو زمان زان و شاعیر، وپێشه‌وا باوكی عه‌مری كوڕی عه‌لا یه‌كێك له حه‌وت قاریئه‌كان، وه‌خاریجه‌ی كوڕی موصعه‌بی خوڕاسانی و عوسمانی كوڕی سه‌عیدی به‌ناوبانگ به ورش.

به‌ناوبانگترین ئه‌و كه‌سانه‌ی كه زانستی قیڕائاتیان له پێشه‌وا نافع گێڕاوته‌وه

به‌ناوبانگترین ئه‌و كه‌سانه‌ی كه زانستی قیڕائاتیان له پێشه‌وا نافع گێڕاوته‌وه دوو ڕاویه‌كه‌یه‌تی(قالون) و(وه‌رش) ڕاسته‌وخۆ لێیان وه‌رگرتووه.

1- باوكی موسا عیسای كوڕی مینای كوڕی وه‌ردان ی كوڕی عیسای كوڕی عه‌بدوالصه‌مه‌دی كوڕی عومه‌ری زه‌رقی، ناسراو به‌(قالون) ئه‌م نازناوه شێخه‌كه‌ی نافع بۆی داناوه به‌هۆی جوان خوێندنه‌وه‌ی له قیڕائاتدا، چونكه وشه‌ی(قالون) به زمانی ڕۆمانی واتا(باش)[(1)].

[(1)]ئیبن ئه‌لجه‌زه‌ری ده‌فه‌رموێت: له په‌رتووكی(غاية النهاية في طبقات القراء) ب1 لا615 پرسیارم له ڕومیه‌كان كرد گوتیان به‌ڵیٚ ته‌نها ئه‌وه نه‌بێت پیتی(ق) ده‌كه‌ن به پیتی(ك) له‌سه‌ر كه‌لتوری خۆیان.

قالون له سالّی120ی كۆچی له دایك بووه لەسەردەمی هیشامی كوڕی عەبدوالمەلیك، قاریئی شاری مەدینه بووه له سەردەمی خۆیدا له دوای شێخەكەی خۆی نافع.

باوكی موحەممەدی بەغدادی دەفەرمویت: قالون نابیست بوو كەڕنا(البوق)ت بۆ لێدابا نەیدەبیست، بەڵام كاتێك قورئانی بەسەر بخوێندرابوایه گوێ بیست دەبوو، هەروەك ئیبن ئەبی حاتەم[1]. باسی دەكات و دەفەرمویت: قالون لەگەڵ ئەوەی بیستنی نەمابوو بەڵام قورئانی دەخوێندەوە، له هەڵەی قورئان خوێنان تێدەگەیشت و بۆیانی ڕاست دەكردەوە لەڕیگەی جوڵاندنی لێو و دەمیانەوە.

قالون قیرائاتی له نافع[2]. ڕاستەوخۆ وەرگرتبوو بەردەوام لەلای دەیخوێندەوە تا كەسێك زیرەكی شارەزا له قیرائاتی لێ دروست بوو، بەهۆی ڕێزلێنانی له شێخی خۆی وانەی نەدەووتەوەو خەڵكی فێرنەدەكرد لەگەڵ ئەوەی زاڵ و شارەزایی باشی هەبو له قیرائەت و فێركردن وەدەیفەرموو: لای نافیعم- زۆر خوێندووە كه ناژمێردرێ، تا نافع پێمی گوت تا كەی لای من دەخوێنی؟ بڕۆ گۆشەیەك دانیشه تا خەڵكت بۆ ڕەوان دەكەم لات بخوێننەوە.

گوتراوە قالون زڕ كوڕی نافع بووە، نافع زۆر گرنگی پێدەدا، قالون كۆچی دوایی كردووە له سەردەمی(مەئموون) سالی(220)ی كۆچی[3]. له شاری مەدینه لەتەمەنی100ساڵیدا.

---

[1]دەیگووت گوێم له عەلی كوڕی حوسێن بوو دەیفەرموو: عیسای كوڕی مینا بیستنی لەدەست دابو.

[2]خوێندنەوەی قیرائاتی بەسەر نافع له ساڵی(150)ی كۆچی بووە، هەروەك ئیبن باذش باسی دەكات له پەرتووكی (ئیقناع) ب1 لا59.

[3]ئەم بەرواره ئیبن ئەلجەزەری باسی كردوه له پەرتووكی(ئەنەشر) ب1 لا112 له بەرواری وەفاتی شتێكی تر باس كراوە، ئەهوازی دەفەرموێت: له ساڵی205ی كۆچی وەفاتی كردووە، له سەردەمی مەئموندا، له تەمەنی85 ساڵیدا، وهەروها ئیبن الباذش له پەرتووكی ئیقناع ب1 لا59 دا، وفەرەوی دەفەرمویت: ساڵی213ی كۆچی وەفاتی كردووە.

2- باوكی سەعید عوسمانی كوڕی سەعید كوڕی سولەیمانی كوڕی ئیبڕاهیمی مصری، ناسراوە بە(وەرش) لە ساڵی110ی كۆچی لە دایك بووە لە شاری(قفط) لە وڵاتی میصر، بە ڕەچەڵەك خەڵكی(قەیرەوانە) كەسێكی باوەڕ پێكراوەو پشت پێ بەستراوبووە لە قیرائاتدا، دەنگی خۆش بوو، كۆچی كردووە بۆ لای(نافع) لە شاری مەدینەی مونەوەرە، چەند جارێك خەتمی قورئانی پیرۆزی بە قیرائات بەسەر نافع خوێندۆتەوە لەساڵی155ی كۆچی.

نافع نازناوی بۆ داناوە بە(ورشان)-ناوی باڵندەیەكە وەك كۆترە لەبەر ئاسانی جوولەكردنی - وگوتراوە(وەرش) شتێكە لە ماست دروست دەكرێت، شێخەكەی ناوی ناوە وەرش بەهۆی سپیاتیەكەی.

خەڵكی فێر كردووە لە میصر دوای دوركەوتنەوەی بۆ ماوەیەكی زۆر لە پێشەوایەتی قیرائات بەو كۆتایی هاتووە لەسەردەمی ئەودا.
وەرش(ڕەحمەتی خودای لێبێت) لە میصر وەفاتی كردووە لە ساڵی197ی كۆچی لە تەمەنی87 ساڵیدا لە نێوان(110-197) كۆچی.

قالون دوو ڕێگای هەیە لە قیرائاتدا:

أ- **ڕێگای باوكی نەشیط:** باوكی نەشیط، موحەممەدی كوڕی هارونی مەڕوەزی، وەفاتی كردووە لە ساڵی258ی كۆچی(ڕەزاو ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) بەناوبانگترین قوتابیەكانی قالون بووە، كەسێكی وردبین و قاریئێكی ناوداربو، كەسێكی متمانە پێكراوو چۆتە بنج و بنەوانی ئەم بابەتە بە باشی.

ئیبنو ئەبی حاتەم دەفەرموێت: باوكی نەشیط كەسێكی ڕاستگۆبو، گوێبیستی بووم لەگەڵ باوكم لە بەغداد، ئەو ڕێگایەش پشتی پێ بەستراوە لەم پەرتووكەدا، ئەوەش ڕێگای(شاطبیه)

ب- ڕێگای ئه‌لحه‌لوانی: باوكی حه‌سه‌ن، ئه‌حمه‌دی كوڕی یه‌زیدی ئه‌لحه‌لوانی، وه‌فاتی كردووه‌ له‌ ساڵی250ی كۆچی(ڕه‌زاو ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت) ماموستایێكی گه‌وره‌و پێشه‌واییێكی مه‌زن و شاره‌زاییه‌كی ته‌واوی هه‌بوو له‌ قیرائاتدا، به‌تایبه‌ت له‌ ریوایه‌ته‌كانی قالون و هیشامدا، ئه‌لحه‌لوانی دووجار كۆچی كردووه‌ بۆ لای قالون له‌ شاری مه‌دینه‌، وكه‌سێكی باوه‌ڕ پێكراوو به‌ باشی قورئانی ده‌خوێند.

پێشه‌وا شاطبی (**ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت) ده‌فه‌رموێت:**


فأما الكريم السر[1]. في الطيب نافع فذاك الذي اختار المدينة منزلا
وقالون عيسى ثم عثمان ورشـــــهم بصـــحبته المجد الرفيع تأثلا[2]



[1] الكريم السر: واتا كه‌سێكی داوێن پاكی ڕێك و پێكی به‌رێز.
[2] التأثل: واتا سه‌ركه‌وتن بۆ به‌رزترین پله‌.

سه‌نه‌دی ڕیوایه‌تی قالون

قالون قیراِئاتی له نافع وه‌رگرتووه به شێوه‌ی خوێندنه‌وه(عرض) بۆ نافع، ونافعیش لای باوكی جه‌عفه‌ر یه‌زیدی كوڕی قه‌عقاعی قاریئ و باوكی داوود عه‌بدوره‌حمانی كوڕی هورموزی ئه‌عره‌جی و شه‌یبه‌ی كوڕی نیصاحی قازی و باوكی عه‌بدوللاّی موسلیمی كوڕی جونده‌بی هوزه‌له‌ی ئه‌لقاص و باوكی ڕوح یه‌زیدی كوڕی ڕومان خوێندۆته‌وه، ئه‌وكه‌سانه‌ش كه ناویان هات قیرائه‌تیان له ئه‌بی هوره‌یره‌و ئیبن عه‌باس و عه‌بدوللاّی كوڕی عه‌یاشی كوڕی ئه‌بی ره‌بیعه وه‌رگرتووه، ئه‌وانه‌ش له ئوبه‌ی كوڕی كه‌عب ئه‌ویش له پێغه‌مبه‌ری خودا(ﷺ) وه‌رگرتووه.



بنچینەكانی ڕیوایەتی قالون

✓ **أصول:** كۆیە تاكەكەی(أصل) ـ لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت كە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت .

أصول لە ڕووی زاراوەدا: هەموو بڕیارێكی گشتی دەگرێتەوە كە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی بڕیارەكە لێی بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول واتا یاسا گشتیەكان، وەك: (مد) درێژكردنەوە و(القصر) كورت كردنەوە و(الفتح) كردنەوە (الاماله) لاركردنەوەو هاوشێوەكانی.

✓ **الفرش:** لە زمانی عەرەبیدا واتا ڕاخستن و بلاْوكردنەوە.

الفرش لە زاراوەدا: بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بە هەندێ وشەی قورئانی كە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قاریئەكانی لەگەڵ دانەپاڵی هەر خوێندنەوەیەك بۆ قاریئەكەی، وەك: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾.

لە خوێندنەوەی عاصیم و كیسائیدا وشەی﴿ مَٰلِكِ ﴾. ئەلیف جێگیركراوە لە دوای پیتی میم، بەلاْم جگە لەئەوان وەك نافیع و ئیبن كەثیر و ئەبو عەمرو ئیبنو عامیرو حەمزە ئەلیفەكە لادەبەن، واتا بەبێ ئەلیف دەیخوێنەوە، وەك: ﴿ مَلِكِ ﴾.

هەر وشەیەك خولاْنەوەی كەم لە خوێندنەوە جیاوازەكانی قورئان یان بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت ئەوە پێیدەگوترێت فەرش، چونكە كە باس كراوە لە شوێنی خۆی لە سورەتەكاندا بەپێی ریزبەندی قورئانی، ئەوە وەك ڕایەخراوێكی لێدێت كە ڕاخرابێت.

هەندێك لە فەرش هەیە كە دەكرێت حوكمەكەی گشتگیر بكرێت، وەك زەنەداركردنی پیتی(د) لە وشەی ﴿ ٱلْقُدُسِ ﴾. لای ئیبن كەثیر، بە پێچەوانەوە هەندێك خوێندنەوەی هەیە لە ئوصول ناكرێت حوكمەكەیان گشتگیر بكرێت، هەر وەك لە شوێنە دیارەكانی وەك پیتی(ی)ی دانەپالْ و(ی)ی زیادە، یان وەك هەندێ وشەی تر كە لە بابەتی(هەمزەكاندا) باسی دەكەین، ئەو پۆلێنكردنەش پشت دەبەستێت بەوەی ئایە ئەو حالەتە زۆر دووبارە بۆتەوە یان كەم.



بابه‌تی(درێژكردنه‌وه‌) و(كورت كردنه‌وه‌)
(باب المد والقصر)

بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورت كردنه‌وه‌ له‌ بابه‌ته‌ گرنگه‌كانی ئه‌حكامی ته‌جویده‌، چونكه‌ قورئانی پیرۆز به‌ دوو شت جیاكراوته‌وه‌ له‌ زمانی عه‌ره‌بی، ئه‌ویش بریتین له‌:
یه‌كه‌م: مینگه‌ (غونه‌) دووه‌م: درێژكردنه‌وه‌.

ڕه‌نگه‌ بنچینه‌ی درێژكردنه‌وه‌ له‌م فه‌رموده‌ وه‌رگیرابێت كه‌ پێشه‌وا بوخاری(ڕه‌حمه‌تی خودای له‌سه‌ر بێت) باسی كردووه‌ له‌ صه‌حیحه‌كه‌ی خۆیدا له‌ قه‌تاده‌(ڕه‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) ده‌گێڕێته‌وه‌ كه‌ ئه‌و پرسیاری له‌ ئه‌نه‌سی كوڕی مالیك كردووه‌(ڕه‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) ده‌رباره‌ی خوێندنه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رموی: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌نجام ده‌دا له‌و شوێنه‌ی كه‌ پێویستی به‌ درێژكردنه‌وه‌ ده‌بو.

له‌ ڕیوایه‌تێكی تر هاتووه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) درێژكردنه‌وه‌ی ئه‌نجام ده‌دا به‌ ده‌نگه‌كه‌ی خۆی، وه‌هه‌روها پێشه‌وا سیوطی باسی كردووه‌ له‌ كتێبه‌كه‌ی خۆی به‌ناوی (الدر المنثور) وئه‌لبانی به‌ڕاستی زانیوه‌ كه‌: پیاوێك ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾ ،[ته‌وبه‌: 60]ی خوێنده‌وه‌ بێ درێژكردنه‌وه‌، ئیبن مه‌سعود(ڕه‌زای خودای له‌سه‌ر بێت) فه‌رموی: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به‌م شێوازه‌ نه‌یخوێندۆته‌وه‌، پیاوه‌كه‌ش وتی ئه‌ی چۆن به‌سه‌رتانی ده‌خوێنده‌وه‌ ئه‌ی باوكی عه‌بدوڕه‌حمان؟ فه‌رموی: به‌م شێوه‌یه‌ ده‌یخوێنده‌وه‌: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾. واتا به‌ شێوه‌ی درێژكردنه‌وه‌، مه‌به‌ستی ئیبن مه‌سعود واتا ڕازی نه‌بو كه‌ پیاوه‌كه‌ به‌بێ درێژكردنه‌وه‌ ئایه‌ته‌كه‌ بخوێنێته‌وه‌.

تێبینی:

زاراوه‌ی كورت كردنه‌وه‌ ئه‌گه‌ر به‌ته‌نها باس كرا مه‌به‌ستی زانایانی ته‌جوید ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ته‌نها دوو جووله‌ درێژ بكرێته‌وه‌، به‌ڵام مه‌به‌ست له‌ زاراوه‌ی درێژكردنه‌وه‌ زیاتر له‌ دوو جووله‌ یه‌.

جیاوازی نێوان
حه‌فص و قالون له‌ بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورتكردنه‌وه‌ له‌سه‌ر ئه‌م خالانه‌ی خواره‌وه‌یه

1. درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو (المد الجائز المنفصل).

بریتیه‌ له‌وه‌ی كه‌ پیتی درێژكردنه‌وه‌ بكه‌وێته‌ كۆتایی وشه‌و پیتی هه‌مزه‌ش بكه‌وێته‌ سه‌ره‌تای ئه‌و وشه‌ی كه‌ به‌دوایدادێت، وه‌ك: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ، فَأَمَّآ إِن، إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ﴾.

وه‌درێژكردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیداری گه‌وره‌ (الصلة الكبرى) **ده‌لكێندرێت به‌ درێژكردنه‌وه‌ی نه‌ لكاو** (المد المنفصل) **وه‌پیتی میمی كۆ[(1)]. كه‌ هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌ دوادابێت .**

قالون به‌ درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ خوێندۆته‌وه‌-ئه‌وه‌شیان پێش ده‌كه‌وێت- خوێندنه‌وه‌ی دووه‌می قالون درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله‌یه‌.

شێخ عه‌بوالفه‌تاحی قازی له‌ هونراوه‌ی كۆكراوه‌ی قیرائاتی پێشه‌وا نافع ده‌فه‌رموێت:

وَاقْصُرْ لِقَالُونَ وَوَسِّطْ مَا انْفَصَلْ بِأَرْبَعٍ وَوَسِّطْ مَا اتَّصَلْ

2. درێژكردنه‌وه‌ی پێویستی لكاو (المد الواجب المتصل).

بریتیه‌ له‌وه‌ی كه‌ له‌ دوای پیتی درێژكردنه‌وه‌ پیتی هه‌مزه‌ بێت له‌ یه‌ك ووشه‌، وه‌ك: ﴿ٱلشِّتَآءِ، أُوْلَٰٓئِكَ، حُنَفَآءَ، ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ، قُرُوٓءٍۚ، وَجَآءَ، ٱلنَّسِيٓءُ﴾. **قالون ئه‌م ووشانه‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله‌ به‌یه‌ك ده‌نگ.**

[(1)] درێژ كردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی گه‌وره‌(الصلة الكبرى) بریتیه‌ له‌وه‌ی پیتی(و) یان پیتی(ی) له‌ دوای پیتی(ه)ی جێناوی لكاو بكه‌وێته‌ كۆتایی وشه‌ له‌دوای ئه‌ویش پیتی هه‌مزه‌ بكه‌وێته‌ سه‌ره‌تای وشه‌كه‌ی تر، مه‌به‌ستیشمان له‌ پیتی(م)ی كۆ پیتی هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادابێت، دواتر له‌ بابه‌تی پیتی(م)ی كۆ باسی ده‌كه‌ین.

بابەتی پیتی(میم) ی كۆ

میمی كۆ بریتیە لە پیتێكی زیادە لە پێكهاتەی وشەدا كە بۆ نێری كۆ(جمع مذكر) و مێی كۆش دەگرێتە خۆی، جیاوازیش نیە حەقیەت و ڕاستی بێت یان هەمان پێگەی ئەوەی پێدرابێت لە ئایەتی قورئان.

دەرچوو لە پێناسەكە: واتا ئەو شتانەی كە پێناسەكە نایان گرێتەوەو لە بازنەی پێناسەكەدا دەردەچن:-

- **میمی زیادە:** كە لە پێناسەكەدا گوترا میمی زیادە، واتا ئەم پیتە میمە ناگرێتەوە كە زیاد نەبێت و بنچینەو ئەصلی وشەكە بێت وەك: [بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ].
- **واتای كۆی نێر بدات:** ئەمە ناگرێتەوە ئەگەر پیتە میمێك واتای كۆی نێر نەدات، واتە بەكارهاتبێت بۆ یەك یان بۆ دووان وەك: [أَنۡهَكُمَا].
- **كۆی مێ دەگرێتەوە:** وەك: [عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ]، لێرەدا پیتە میمەكە بەكار هاتووە بۆ نێر و مێ، واتا هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە.
- **لەڕاستیدا:** (م) لە وشەی [مِنكُمُۥ] بە پیتی(م)ی كۆ دادەندرێت لەڕاستیدا.
- **لە قورئانی پیرۆزدا:** پیتی(م)ی هاوێنەكانی ووشەی [وَمَلَإِيْهِمُۥٓ] لە ﴿ عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمُۥٓ أَن يَفۡتِنَهُمُۥۚ ﴾،[یونس:84] لێرەدا ڕاناو دەگەرێتەوە بۆ وشەی فیرعەون بە تەنها، بەلاَم بە شێوەی كۆ بەكار هاتووە، كەواتە: ئەم میمەش بە میمی كۆ ئەژماردەكرێت، هەمان پێگەی ئەوەی پێدراوە(تنزیلاً).

نیشانهی(میم)ی كۆ

- ♦ ئهگهر لابردرێت مانای وشهكه تێك نادات، وهك: ﴿ عَلَيۡكُمۡ ﴾. دهبێته ﴿ عَلَيۡكُ ﴾.
- ♦ ئهگهر یهكێك لهم سێ پیتانهی له پێش میمهكهدا بێت(1).

أ- پیتی(ك) وهك: ﴿ مِنكُمۡ ﴾. پیتی(ك) تهنها ضـهممهدار دهبێت.

ب- پیتی(ت) وهك: ﴿ كُنتُمۡ ﴾. پیتی(ت) تهنها ضـهممهدار دهبێت.

ت- پیتی(ه) وهك: ﴿ أَمۡوَٰلَهُمۡ ﴾. پیتی(ه) یان ضـهممهدار دهبێت، وهك له نمونهی پێشو باس كرا، یان كهسرهدار دهبێت وهك: ﴿ عَلَيۡهِمۡ ﴾.

قالون پیتی(م)ی كۆ به (صیله) دهخوێنێتهوه، به شێوهیهك ئهگهر له دوای خۆی جووله دار هاتبێت وهك:


(1) یهك شوێن جیاكراوتهوه، ههمزه كهوتۆته پێش پیتی(م)ی كۆ (میم الجمع)، ئهوهش له سورهتی حاقه ئایهتی19{هاؤم} لێرهدا مهبهستی (هاؤمو اقرؤوا كتابيه)، ههندێ له زمانهوانان دهڵێن: به واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوه به پیتی ههمزه، ههروهك قوتهیبی ئاماژهی پێ كردووه، ڕهضی دهفهرموێت: (ها) ناوێكه بۆ واتای (بگره) وههشت جۆر زمانی تێدایه، ئهمه یهكێكه لهم زمانانه، لهبری پیتی ئهلیف ههمزهی پێوه بلكێندرێت گۆڕانكاریهكانیشی وهك گۆڕانكاری پیتی(ك) دهبێت، وهك: (هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فهرمویهتی: بهچهن شێوازو زمانێك دهخوێندرێتهوه چاكترینیان ئهوهی سێبهوهیهی باسی كردووه له پهرتوكهكهی خۆیدا دهفهرموێت: عهرهب دهڵێن: (هاءَ یا رجل) بیگره ئهی پیاو، ههمزهكه فهتحهدار دهكهن، و (هاءِ یا امرأة) بیگره ئهی ئافرهت بۆ ئافرهت ههمزهكه كهسرهدار دهكرێت، و (هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) له وشهی(هاؤم) وهك پیتی میمهكه بۆ ئێوه بهكاردێت، وضـهممهدار كردنیشی وهك ضـهممهدارهكانی تره له ههندێ شوێن.

﴿ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ، عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ، رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٌۚ، ذَرَأَكُمۡ فِي، كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾.
شێوه‌ی دووه‌م بێ(صیله) ده‌خوێنێته‌وه، ئه‌وه‌شیان پێش ده‌كه‌وێت له خوێندنه‌وه‌دا.

چونكه به دوو یان چوار جووله ده‌خوێندرێته‌وه له درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو، پیتی(و)ی لكاو دوو و چوار جووله درێژ ده‌كرێته‌وه ئه‌گه‌ر پیتی هه‌مزه‌ی به‌دواداهات، چونكه له‌م باره‌وه ده‌بێته درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو، وه‌ك: ﴿ وَمِنۡهُمۡ أُمِّيُّونَ، عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ، يَأۡمُرُكُمۡ أَن، ذَٰلِكُمۡ إِصۡرِيۖ ﴾.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر له‌دوای پیتی(م)ی كۆ زه‌نه‌دارهات ئه‌وه ده‌بێته ضه‌مه‌داری نه‌لكاو، ئه‌وه‌ش بۆ ڕزگاربوون له گه‌یشتنی دوو زه‌نه‌دار به یه‌كتر، وه‌ك: ﴿ جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ ﴾.

به‌ڵام له‌باری وه‌ستاندا له‌سه‌ر پیتی(م)ی كۆ، لكاندن دروست نابێ میمه‌كه‌ش به زه‌نه ده‌خوێندرێته‌وه وه‌ك-حفص-.



(هه‌مزه‌ی پچڕاو)ده‌كرێت ببێته‌نه‌لكاو(عدم الصله)یان ضـه‌ممه‌دار له‌گه‌ڵ صیله

(هه‌مزه‌ی نه‌پچڕاو)ده‌كرێته زه‌نه‌دار

درێژكردنه‌وه‌ی دوو یان چوار جووله ﴿خَيۡرٌ لَّكُمُۥٓ إِن كُنتُمُۥ تَعۡلَمُونَ﴾.

﴿هُمُۥ يُوقِنُونَ﴾.

شێخ عه‌بدوالفتاحی ئه‌لقازی له هونراوه‌ی(الجامع)ی

قیرائاتی پێشه‌وا نافع ده‌فه‌رموێت:

111: وَنَافِــعٌ بِقَصْرِ مَــالِكِ تَــلاَ وَمِيمُ جَمْعٍ سَكِّنَنَّ أوْ صِلاَ

112: قَبْلَ مُحَرَّكٍ لِقَالُـــــونَ فَعِ صِلْهَا لِوَرْشٍ قَبْلَ هَمْزِ الْقَطْعِ

❖ سودی ژماره(1)

له‌بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌و كورتكردنه‌وه(المد والقصر) باسمان كرد كه قالون دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه له درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاو(المدالمنفصل)، ئه‌ویش بریتین له درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله و چوار جووله ، لێره‌دا باسی ئه‌وه‌مان كرد كه قالون دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه بۆ پیتی(م)ی كۆ، ئه‌وانیش زه‌نه‌داركردن و لكاو(صیله).

ئه‌گه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاو(جائز المنفصل) كۆبویه‌وه له‌گه‌ڵ پیتی(م)ی كۆ له‌یه‌ك شوێن و له‌یه‌ك ئایه‌تدا ئه‌وه چوار خوێندنه‌وه دروست ده‌بێت، جیاوازیش نیه درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو پێش بكه‌وێت له‌سه‌ر پیتی(م)ی كۆ یان پێش نه‌كه‌وێت.

بۆ نمونه: ئه‌گه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو(المد الجائز المنفصل) پێش بكه‌وێت له‌سه‌ر پیتی(م)ی كۆ، ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر به دوو جووله درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوی خوێنده‌وه ئه‌وه پیتی(م)ی كۆ زه‌نه‌دار ده‌كات دواتر ده‌یكاته لكاو(صیله)، وئه‌گه‌ر به چوار جووله

درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوی خوێنده‌وه ئه‌وه پیتی(م)ی كۆ زه‌نه‌دار ده‌كات دواتر ده‌یكاته لكاو(صیله))، وه‌ك:

﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمُۥ يُوقِنُونَ ﴾ **[به‌قه‌ره‌:4]**.

پێش خستنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر پیتی(م)ی كۆ

(تقدم المد الجائز المنفصل على ميم الجمع)

وه‌ك: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمُۥ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمُۥۖ قَالُواْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ ﴾،[نیساء:97].

	ظَالِمِيٓ	أَنفُسِهِمُۥ	كُنتُمُۥۖ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	**درێژكردنه‌وه‌ی دروستی**	**پیتی(م)ی كۆ**	**پیتی(م)ی كۆ دروسته‌كان نه‌لكاو**
1	**درێژكردنه‌وه دوو جووله**	**نه‌لكاو**(أَنفُسِهِمۡ)	**نه‌لكاو**(كُنتُم)
2	**درێژكردنه‌وه دوو جووله**	**لكاو**(أَنفُسِهِمو)	**لكاو**(كُنتُمو)
3	**درێژكردنه‌وه چوار جووله**	**نه‌لكاو**(أَنفُسِهِم)	**نه‌لكاو**(كُنتُم)
4	**درێژكردنه‌وه چوار جووله**	**لكاو**(أَنفُسِهِمو)	**لكاو**(كُنتُمو)

به‌ڵام ئه‌گه‌ر پیتی(م)ی كۆ پێش كه‌وت له‌سه‌ر درێژ كردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو، ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر پیتی(م)ی كۆی زه‌نه‌دار كرد، ئه‌وكات دوو جووله درێژكردنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه له درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو دواتر درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله ، ئه‌گه‌ر پیتی(م)ی كۆی لكاند، ئه‌وكات بۆی هه‌یه دوو جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو پاشان چوار جووله ، هه‌ر وه‌ك له ﴿ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمُۥ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمُۥۖ وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمُۥ غِشَٰوَةٞۖ وَلَهُمُۥ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴾،[**به‌قه‌ره‌**:7] و ﴿ لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمُۥ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ ﴾ ،[نیساء:123].

پێش خستنی پیتی(م)ی كۆ له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو

(تقدم میم الجمع علی المد الجائز المنفصل)

وه‌ك: ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمُو بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ ﴾،[مائیده:48].

	بَيۡنَهُمُو	بِمَآ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	پیتی(م)ی كۆ	درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو
1	نه‌لكاو(بَيۡنَهُم)	درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله
2	لكاو(بَيۡنَهُمو)	درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله
3	نه‌لكاو(بَيۡنَهُم)	درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله
4	لكاو(بَيۡنَهُمو)	درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله

❖ سودی ژماره(2)

ئه‌گه‌ر له ئایه‌تێك پیتی(م) هه‌مزه‌ی بچڕاوی زه‌نه‌داری له دواداهاتبێت(همزة القطع) قالون سیٚ شێوه خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه، جیاوازیشی نیه ئایه پیتی(م)ی كۆ ئه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دواداهاتووه پێش بكه‌وێت له‌سه‌ر پیتی(م)ی تر یان پێش نه‌كه‌وێت.

نمونه: ئه‌گه‌ر پیتی(م)ی كۆ هه‌مزه‌ی بچڕاوی به‌دوادا هات وپێش كه‌وت له‌سه‌ر پیتی(م)ی كۆییێكی تر، ئه‌گه‌ر پیتی(م)ی كۆی یه‌كه‌م كرابه زه‌نه‌دارو ئه‌وه‌ی دووه‌میش ده‌بێته زه‌نه‌دار، دواتر هه‌ردوو پیته میمه‌كه بكاته لكاو(صیله)–یه‌كه‌م و دووه‌م–له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی به دوو جووله، خوێندنه‌وه‌ی سێیه‌م لكاندنی پیتی(م)ی كۆ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دواداهاتووه، ودرێژكردنه‌وه‌ی به چوار جووله و لكاندنی پیتی(م)ی كۆی دووه‌م و درێژكردنه‌وه‌ی به دوو جووله ،

وه‌ك:﴿قُلْ هَاتُواْ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ [**به‌قه‌ره**:111].

﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾،[**به‌قه‌ره**:184].

﴿ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴾،[**ئه‌حقاف**:6].

﴿ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ﴾،[**نه‌جم**:32].

پێش خستنی(م)ی كۆ كه‌ هه‌مزه‌ی پچڕاوی له‌دوادێت له‌سه‌ر(م)ی كۆیێكی تر
(تقدم ميم الجمع التي بعدها همزة قطع على ميم الجمع الاخرى)

وه‌ك: ﴿ بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَىٰكُمْ لِلْإِيمَٰنِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ [**حوجوڕات**:17].

	عَلَيْكُمْ	هَدَىٰكُمْ	كُنتُمْ
خوێندنه‌وه‌ دروسته‌كان	**(م)ی كۆ هه‌مزه‌ی له‌دوایه**	**(م)ی كۆ**	**(م)ی كۆ**
1	**نه‌لكاو**(عَلَيْكُم)	**نه‌لكاو**(هَدَىٰكُم)	**نه‌لكاو**(كُنتُم)
2	**درێژكردنه‌وه‌ دوو جووله‌** (عَلَيْكُمو)	**لكاو**(هَدَىٰكُمو)	**لكاو**(كُنتُمو)
3	**درێژكردنه‌وه‌ چوار جووله‌** (عَلَيْكُمو)	**لكاو**(هَدَىٰكُمو)	**لكاو**(كُنتُمو)

ئه‌گه‌ر پیتی(م)ی كۆ هه‌مزه‌ی پچڕاوی له‌دوادا نه‌بوو به‌ڵام پێش كه‌وت له‌سه‌ر ئه‌و پیته‌ میمه‌ی هه‌مزه‌ی پچڕاوی له‌دوادا هاتبوو، ئه‌وه‌ هه‌مان بڕیاری نمونه‌ی پێشوی بۆ هه‌یه‌، كه‌ بریتی بوو له‌وه‌ی ئه‌گه‌ر پیتی(م)ی كۆی یه‌كه‌م زه‌نه‌داركرا بۆی هه‌یه‌ ئه‌وه‌ی دووه‌میش بكاته‌ زه‌نه‌دار، دواتر هه‌ردوو پیته‌ میمه‌كه‌ بكاته‌ لكاو-یه‌كه‌م و دووه‌م-

له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله ، خوێندنه‌وه‌ی سێیه‌م لكاندنی پیتی(م)ی كۆ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دواداهاتووه ودرێژكردنه‌وه‌ی به چوار جووله ، وه‌ك:

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُۥ نَذِيرٞ مَّا زَادَهُمُوٓ إِلَّا نُفُورًا ﴾،[فاطر:42].

﴿ جَعَلَ لَكُمُۥ مِنۡ أَنفُسِكُمُوٓ أَزۡوَٰجٗا ﴾،[**شورا**:11].

﴿وَذَٰلِكُمُۥ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِي ظَنَنتُمُۥ بِرَبِّكُمُوٓ أَرۡدَىٰكُمُۥ فَأَصۡبَحۡتُمُۥ مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾

[**فوصیله‌ت**:23].

پێش خستنی(م)ی كۆ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادا نێت له‌سه‌ر(م)ی كۆیێكی تر كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادا دێت

(تقدم ميم الجمع التي ليس بعدها همزة قطع على ميم الجمع التي بعدها همزة قطع)

وه‌ك: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُحۡيِيكُمُۥ ثُمَّ يُمِيتُكُمُۥ ثُمَّ يَجۡمَعُكُمُوٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾[**جاسیه**:26].

	يُحۡيِيكُمُۥ	يُمِيتُكُمُۥ	يَجۡمَعُكُمُوٓ إِلَىٰ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	**(م)ی كۆ**	**(م)ی كۆ**	**(م)ی كۆ**
1	**نه‌لكاو**(يُحۡيِيكُم)	**نه‌لكاو**(يُمِيتُكُم)	**نه‌لكاو**(يَجۡمَعُكُم إِلَىٰ)
2	**لكاوو درێژكردنه‌وه دوو جووله** (يُحۡيِيكُمو)	**لكاوو درێژكردنه‌وه دوو جووله** (يُمِيتُكُمو)	**لكاوو درێژكردنه‌وه دوو جووله** (يَجۡمَعُكُمو إِلَىٰ)
3	**لكاوو درێژكردنه‌وه دوو جووله** (يُحۡيِيكُمو)	**لكاوو درێژكردنه‌وه دوو جووله** (يُمِيتُكُمو)	**لكاوو درێژكردنه‌وه چوارجووله** (يَجۡمَعُكُمو إِلَىٰ)

❖ **سودی ژماره(3)**

ئه‌گه‌ر كۆبویه‌وه له ئایه‌تێكی قورئانی پیرۆز پیتی(م)ی كۆ هه‌مزه‌ی پچڕاوی جووله داری به‌دواداهاتبوو، له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌یه‌كی پچڕاو به ته‌نها، ئه‌وه قالون چوار خوێندنه‌وه‌ی بۆ ئه‌م شێوه‌یه هه‌یه، جیاوازیش نیه ئایه پیته(م)ی كۆیه‌كه كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادا هاتووه پێش بكه‌وێت له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی پچڕاو یان دوا بكه‌وێت.

نمونه: ئه‌گه‌ر پیتی (میمی) كۆ پێش هه‌مزه‌ی پچڕاوی جووله دار كه‌وت و دوای ئه‌و درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو هاتبوو، ئه‌گه‌ر زه‌نه‌داركرا پیتی(م)ی كۆ، ئه‌وه ده‌تواندرێت درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ی دروستی نه‌لكاو ئه‌نجام بدرێت، پاشان درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله ی نه‌لكاو.

خوێندنه‌وه‌ی سێیه‌م: لكاندنی پیتی(م)ی كۆ به درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی دروستی پچڕاو، دواتر لكاندنی ئه‌و پیته میمه كۆیه‌ی كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادا هاتووه چوار جووله درێژ بكرێته‌وه له‌گه‌ڵ دوو جووله ی پچڕاو، وه‌ك:

﴿ وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمُۥٓ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ﴾[**بروج**:8].

﴿ وَلَوۡ أَنَّهُمُۥٓ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمُۥ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ ﴾[نيساء:64].

﴿لَهَمَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمُۥٓ أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمُۥۖ﴾[نيساء:113].

پێش خستنی(م)ی كۆ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی به دوادا دێت له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی پچڕاو
(تقدم ميم الجمع التي بعدها همزة قطع على المد الجائز المنفصل)

وه‌ك: ﴿ لَن يَضُرُّوكُمُۥٓ إِلَّآ أَذٗىۖ ﴾،[ال عيمران:111].

	يَضُرُّوكُمُۥٓ	إِلَّآ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	(م)ی كۆ به‌دوایداهاتووه هه‌مزه‌ی پچراو	درێژكردنه‌وه‌ی پچراو هه‌مزه‌ی پچراو
1	نه‌لكاو	درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله
2	نه‌لكاو	درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله
3	لكاودرێژكردنه‌وه‌دووجووله	درێژكردنه‌وه‌دووجووله
4	لكاودرێژكردنه‌وه‌چوارجووله	درێژكردنه‌وه‌چوارجووله

ئه‌گه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی پچڕاو پێش كه‌وت له‌سه‌ر پیته میمێكی كۆ كه هه‌مزه‌ی پچڕاوی جووله داری به‌دوادا هاتووه، خوێنه‌ر بۆی هه‌یه درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله ی دروستی پچڕاو ئه‌نجام بدات، له‌گه‌ڵ زه‌نه‌داركردنی پیتی(م)ی كۆ، پاشان لكاندن بكات بۆ پیتی(م)ی كۆو دوو جووله ش درێژی بكاته‌وه.

خوێندنه‌وه‌ی سێیه‌م: درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله و نه‌لكاندنی له‌گه‌ڵ زه‌نه‌داركردنی پیتی(م)ی كۆ، دواتر لكاندنی پیتی(م)ی كۆ به ئه‌ندازه‌ی چوار جووله ، وه‌ك:
﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ ﴾،[نيساء:87].

پێش خستنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر(م)ی كۆ كه‌ هه‌مزه‌ی پچڕاوی به‌دوادا دێت
(تقدم المد الجائز المنفصل على ميم الجمع التي بعدها همزة قطع)

وه‌ك: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمُۥٓ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗاۖ ﴾،[نیساء:19].

	يَـٰٓأَيُّهَا	لَكُمُۥٓ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاو	م)ی كۆ به‌دوایداهاتووهه‌مزه‌ی پچڕاوی نه‌لكاو
1	درێژكردنه‌وه‌دووجووله	نی یه
2	درێژكردنه‌وه‌دووجووله	لكاندن به‌ درێژكردنه‌وه‌ی دووجووله
3	درێژكردنه‌وه‌چوارجووله	نی یه
4	درێژكردنه‌وه‌چوارجووله	لكاندن به‌ درێژكردنه‌وه‌ی چوارجووله

ڕاهێنانی ژماره(1)

به‌ گریمانه‌ له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌یه‌ك هه‌ناسه‌، به‌ چه‌ند ڕوو (وجه) ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌لای پێشه‌وا قالون به‌پێی یاسای گشتی به‌كارهاتوو له‌ ده‌رچوون له‌ زانستی قیرائاتدا،﴿ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ﴾، [مه‌عارج :30].

به‌گریمانه‌ له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌ یه‌ك هه‌ناسه‌، به‌ چه‌ند ڕوو ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌لای پێشه‌وا قالون به‌پێی یاسای گشتی به‌كارهاتوو له‌ ده‌رچوون له‌ زانستی قیرائاتدا،﴿إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ﴾ [مه‌عارج:30].

	عَلَىٓ	أَزْوَٰجِهِمُۥٓ	أَيْمَٰنُهُمُۥ فَإِنَّهُمُۥ
خوێندنەوە دروستەكان	درێژكردنەوەی نەلكاو	(م)ی كۆ پێش هەمزەی پچڕاو	(م)ی كۆ
1	درێژكردنەوەدووجووله	نەلكاو	نەلكاو
2	درێژكردنەوەدووجووله	صیلەودووجووله	صیلەودووجووله
3	درێژكردنەوەچوارجووله	نەلكاو	نەلكاو
4	درێژكردنەوەچوارجووله	صیلەوچوارجووله	صیلەودووجووله

ڕاهێنانی ژمارە(2)

بە گریمانە لەسەر خوێندنەوەی ئەم ئایەتە لەسەر یەك پشوو، ئەم ئایەتە بە دەرچوو ئەژمار دەكرێت لەلای پێشەوا قالون بەپێی یاسای گشتی بەكارهاتوو لە دەرچوون لە زانستی قیرائاتدا،

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمُۥٓ أَمْوَٰلُهُمُۥ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔاۖ﴾ [**ئالی عیمڕان**:10].

	عَنْهُمُۥٓ	أَمْوَٰلُهُمُۥ	وَلَآ	أَوْلَٰدُهُمُۥ
خوێندنەوە دروستەكان	(م)ی كۆپێش هەمزەی پچڕاو	(م)ی كۆ	درێژكردنەوەی پچڕاو	(م)ی كۆ
1	نەلكاو	نەلكاو	دووجووله	نەلكاو
2	نەلكاو	نەلكاو	چوارجووله	نەلكاو
3	لكاودووجووله	لكاودووجووله	نەلكاو	لكاودووجووله
4	لكاوچوارجووله	لكاودووجووله	لكاودووجووله	لكاوچوارجووله

بابه‌تی(هائی) كینایه

ناونانی به هائی كینایه له‌وه هاتووه چونكه به‌كاردێت بۆ كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر(له زمانی عه‌ڕه‌بی)، وپێشی ده‌گوترێت هائی(الضمير) ڕاناو له زاراوه‌ی قورڕائه‌كان ناسراوه به‌هائی زائیده كه بۆ كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر به‌كاردێت.

كه ده‌ڵێن هائی زائیده واته هائی بنچینه له ووشه ناگرێته‌وه وه‌ك:

﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰنُوحُ﴾،[شوعه‌را:116].

كه گوتمان واتای كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر ده‌دات، ئه‌وه ناگرێته‌وه هائێك بۆ تاكی مێ، وه‌ك: ﴿ إِلَيۡهَا ﴾. ئه‌وه‌ش ناگرێته‌وه كه بۆ دووانه (موثه‌ننا) وه‌ك: ﴿عَلَيۡهِمَا ﴾. یان ئه‌وه‌ی بۆ كۆ به‌كارهاتووه وه‌ك: [إِلَيۡهِمُۥ ، إِلَيۡهِنَّ].

هائی كینایه به‌ناو(اسم) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ أَجَلِهِۦ ﴾، وبه كاریش(فعل) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ يُعَلِّمُهُۥ ﴾. وبه پیتیش ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ إِلَيۡهِۦ ﴾.

هائی كینایه له بنچینه‌دا ضه‌ممه‌داره، وه‌ك: ﴿ لَهُۥ ﴾.

هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت، ئه‌گه‌ر كه‌سره‌ی له پێشدا هاتبوو.

هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت، ئه‌گه‌ر پیتی(ی)ی له پێشدا هاتبوو.

جگه له‌م دوو شوێنه هائی كینایه ضه‌ممه‌داره، ده‌بێت له‌به‌ر كاركردن به بنچینه‌ی خۆی، وه‌ك له گێڕانه‌وه‌و ڕیوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه له﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾ [كه‌هف:63]و﴿ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ الله ﴾[فه‌تح:10].

پێشه‌وا حه‌مزه سوڕه‌تی طه‌، ئایه‌تی10و سوڕه‌تی قه‌صه‌ص، ئایه‌تی29ی به‌م شێوه‌یه خوێندۆته‌وه: ﴿ لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ ﴾.

حاله‌ته‌كانی هائی كینایه

هائی كینایه له قورئانی پیرۆزدا چوار باری هه‌یه، ئه‌وانیش بریتین له:

1- **بكه‌وێته نێوان دوو زه‌نه‌دار، واتا پێش و پاشی ساكین بێت، وه‌ك:** { فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ ، وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ ، ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ }.

2- **پێشی حه‌ره‌كه‌دار بێت و پاشی سكون بێت، وه‌ك:** { قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ، لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ ، رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ }.

قاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه نابێت له‌و دوو باره‌دا هائی كینایه به صیله بخوێندرێته‌وه تا دوو ساكین به‌یه‌كه‌وه كۆنه‌بنه‌وه[1].

پێش هائه‌كه زه‌نه‌دار بێت و پاشی حه‌ره‌كه‌دار، وه‌ك: { وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ۞ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمُو }.

كۆ ده‌نگی زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه كه له‌م شوێنانه‌دا هائی كینایه به صیله ناخوێندرێته‌وه، ته‌نها هه‌ندێكیان نه‌بێ كه له هه‌ندێ باردا به صیله ده‌خوێندرێته‌وه، ئه‌وه نه‌بێت به‌شێكیان جیایان كردۆته‌وه،(واتا له هه‌ندێ كاتدا لكاوی ده‌كه‌ن) به‌لاَم پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر له‌م باره‌دا به صیله ده‌خوێنێته‌وه‌و دواتریش باسی ده‌كه‌ین و ئاگادار ده‌بین له‌سه‌ری.

بكه‌وێته نێوان دوو جووله، وه‌ك: ﴿ فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾.

له‌م باره‌دا هه‌مووو قاریئه‌كان پیتی(ه) یان لكاندووه به پیتی(و)ی گوتراو(لفظي) ئه‌گه‌ر ضه‌ممه‌دار بوو، ولكاندویانه به پیتی(ی) ئه‌گه‌ر كه‌سره‌دار بوو، ته‌نها له هه‌ندێ باری تایبه‌ت نه‌بێت.

---

[1] ته‌نها شوێنێك نه‌بێت، به‌ززی خوێندویه‌تیه‌وه له ئیبن كثیر كه هائی كینایه‌ی به پیتی(و)ی لكاندووه‌و پیتی(ت)ی دوای هائه‌كه‌شی شه‌دده‌دار كردووه، وه‌ك: (تَلَهَّىٰ)، له ﴿فَأَنتَ عَنْهُۥ تَّلَهَّىٰ ﴾ **[ئه‌علی:10]**

حوکمی هائی کینایه لای پێشەوا قالون

جیاوازی نێوان قالون و حەفص دەربارەی هائی کینایه بەم شێوەیەی خوارەوە پوخت دەکرێت:

أ- قالون پیتی(ه)ی کینایەی کەسرەدار کردووەو بەبێ صیله خوێندوّتەوە لە نۆ وشەدا ئەوانیش:

1.﴿ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ ﴾،[**ئالی عیمران**:75]. **بەم شێوەیە:** ﴿ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ ﴾.

2. ﴿نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا﴾[**ئالی عیمران**:145

]**و**﴿ نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا ﴾[**شورا**:20] **بەم شێوەیە**:﴿نُؤْتِهِ مِنْهَا﴾.

3. ﴿ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ ﴾،[نیساء:115]. **بەم شێوەیە:** ﴿ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ ﴾.

4. ﴿ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ ﴾،[نیساء:115]. **بەم شێوەیە:** ﴿ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ﴾.

5. ﴿ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ﴾،[**فورقان**:69]. **بەم شێوەیە:** ﴿وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا﴾.

6. ﴿ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ ﴾،[**ئەعراف**:111].**و**﴿ أَرْجِهِ وَأَخَاهُ ﴾،[**شوعرا**:36].

7. ﴿فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ﴾،[**نەمل**:28]. **بەم شێوەیە:** ﴿فَأَلْقِهِ إِلَيْهِمُو﴾.

8. ﴿وَمَا أَنْسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ﴾،[**کەهف**:63]. **بەم شێوەیە:** ﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾.

9. ﴿ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ ﴾،[**فه‌تح**:10]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَـٰهَدَ عَلَيْهِ ٱللَّهَ ﴾. **لاوازكردنی پیتی(ل) ده‌رده‌كه‌وێت له گوتراوی وشه‌ی(الله)، چونكه زه‌نه‌ی له‌پێشدا هاتووه.**

ب- قالون پیتی(ه)ی كینایه‌ی كه‌سره‌دار كردووه‌و به صیله خوێندۆته‌وه به پیتی(ی)ی گوتراو له چوار شوێندا به‌م شێوه‌یه:

1. ﴿ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ ﴾،[**مائیده**:67]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿ رِسَالَـٰتِهِۦ ﴾[1].
2. ﴿ اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ﴾،[**ئه‌نعام**:124]. **به‌م شێوه‌یه:**﴿ رِسَالَـٰتِهِۦ ﴾[2].
3. ﴿ أَدْنَى مِنْ ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ ﴾،[**موززه‌میل**:20]. **به‌م شێوه‌یه:**﴿ وَنِصْفِهِۦ ﴾[3].

---

[1] **قالون ئه‌م شوێنه به كۆ ده‌خوێنێته‌وه، واتا كه‌سره‌داركردنی پیتی(ت) و پیتی(ه)و زیادكردنی ئه‌لیف له‌دوای پیتی(ل) له ئه‌نجامدا ده‌بێته كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه به هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ت).**

[2] **قالون ئه‌م شوێنه به كۆ ده‌خوێنێته‌وه، واتا كه‌سره‌داركردنی پیتی(ت) و پیتی(ه)و زیادكردنی ئه‌لیف له‌دوای پیتی(ل) له ئه‌نجامدا ده‌بێته كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه به هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ت).**

[3] **قالون ئه‌م شوێنه به كه‌سره‌داركردنی پیتی(ف)و پیتی(ه) ده‌خوێنێته‌وه، له ئه‌نجامدا ده‌بێته كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه به هۆی كه‌سره‌ی پیتی(ف).**

ت- قالون پیتی(هـ)ی كینایه‌ی ضـه‌ممه‌دار كردووه‌و به صیله خوێندۆته‌وه به پیتی(و)ی گوتراو له سێ شوێندا به‌م شێوه‌یه:

1. ﴿ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ ﴾،[**طه‌لاق**:3]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿ بَلِغٌ أَمْرَهُۥ ﴾[1].
2. ﴿ وَقِيلِهِ يَا رَبِّ ﴾،[**زوخروف**:88]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿ وَقِيلَهُۥ ﴾[2].
3. ﴿ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴾،[**صه‌ف**:8]. **به‌م شێوه‌یه:**﴿ مُتِمُّ نُورَهُۥ ﴾[3].

ث- قالون ده‌خوێنێته‌وه به گۆڕینی پیتی(هـ)ی كینایه به پیتی(ت)ی نه‌صبه‌ی به‌كارهاتوو بۆ مێ له ﴿كُلُّ ذَلِكَ كَانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا﴾[**ئیسرِاء**:38]. **به‌م شێوه‌یه:**﴿سَيِّئَةً﴾[4].

ج- قالون به‌یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی پیتی(هـ)ی كینایه به صیله ده‌خوێنێته‌وه، خوێندنه‌وه‌ی تری درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله یه له پیتی(هـ) واتا بێ صیله، كه‌واته قالون به دوو شێوه ده‌خوێنێته‌وه، یه‌كه‌میان به صیله‌یه وه‌ك –حه‌فص– دووه‌میان كه‌سره‌داركردنی پیتی(هـ) به بێ صیله، وه‌ك: ﴿ وَمَن يَأْتِهِ مُؤْمِنًا ﴾،[طه:75]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿يَأْتِهِۦ ؛ يَأْتِهِ ﴾.

---

[1] **قالون ئه‌م شوێنه به ته‌نوینی پیتی(غ)وفه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه، له ئه‌نجامدا ده‌بێته ضـه‌ممه‌داركردنی پیتی(هـ)ی كینایه به هۆی فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر).**

[2] **قالون ئه‌م شوێنه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل) ده‌خوێنێته‌وه، له ئه‌نجامدا ده‌بێته ضـه‌ممه‌داركردنی پیتی(هـ)ی كینایه به هۆی فه‌تحه‌ی پیتی(ل).**

[3] **قالون ئه‌م شوێنه به ته‌نوینی ضـه‌ممه له پیتی(م)و فه‌تحه‌داركردنی پیت (ر) ده‌خوێنێته‌وه، له ئه‌نجامدا ده‌بێته ضـه‌ممه‌داركردنی پیتی(هـ)ی كینایه به هۆی فه‌تحه‌ی پیتی(ر)و قه‌ڵه‌وكردن و تێكهه‌ڵكێشانیش ده‌رده‌كه‌وێت.**

[4] **فه‌تحه‌داركردنی هه‌مزه ده‌رده‌كه‌وێت.**

تێبینی ژماره(1):

پێشەوا قالون هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لە كەسرەداركردنی پیتی(ه) بۆ صیلە، وەك: ﴿ وَيَتَّقْهِ فَأُولَٰٓئِكَ ﴾،[نور:52]. لەگەڵ تێبینی ئەوەی كە قالون بە كەسرەداركردنی پیتی(ق) دەخوێنێتەوە لەم شوێنەدا، وەك: ﴿ وَيَتَّقِهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ ﴾.

تێبینی ژماره(2):

قالون هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لە ضەممەدار كردنی پیتی(ه)ی كینایە ضەممەدار بۆ صیلە لە ﴿ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾،[زومەر:7] بەم شێوەیە: ﴿ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْۗ ﴾.

شێخ عەبدولفتاحی ئەلقازی لە هونراوەی(الجامع)ی قیرائاتی پێشەوا نافع دەفەرموێت:

11: وَاقْصُرْ لِعِيسَى هَا يُؤَدِّهْ نُؤْتِهِ	نُصْلِهْ نُوَلِّهْ أَرْجِهِ فَأَلْقِهِ
12: وَيَتَّقْهُ وَصِلْ لَهُ أَوِ اقْصُرَا	هَا يَأْتِهِ وَهْوَ بِطهَ ذُكِرَا
13: وَصِلْ لِوَرْشٍ كُلَّ هَاءٍ ثَبَتَتْ	فِي هَذِهِ الأَلْفَاظِ حَيْثُ وَقَعَتْ
14: وَقَافُ يَتَّقِهْ لِنَافِعٍ كُسِرْ	وَالْهَاءُ فِي فِيهِ مُهَانًا قَدْ قُصِرْ
15: هَاءَ عَلَيْهِ اللهَ عَنْهُ فَاكْسِرَا	كَهَاءِ أَنْسَانِيهِ فَاحْفَظْ وَاذْكُرَا

باسی هائی جێناو

پێشه‌وا قالون جێناوی به‌كارهاتوو بۆ كه‌سی سێیه‌م زه‌نه‌داركردووه‌ له‌ (هُوَ ؛ هِىَ) **ئه‌گه‌ر بكه‌وێته‌ دوای پیتی**(و) **یان** (ف) **یان** (ل)**ی زیاده‌، وه‌ك:** { وَهْوَ، وَهْىَ، فَهْوَ، فَهْىَ، لَهْوَ، لَهْىَ }**[1].**

ده‌بێته‌ پاشكۆ بۆ گوتراوه‌كانی ڕابردوو، ئه‌گه‌ر بكه‌وێته‌ دوای(ثم) **ئه‌وه‌شیان نه‌هاتووه‌ ته‌نها له‌ یه‌ك شوێن نه‌بێت له‌ قورئانی پیرۆز وه‌ك:** ﴿ كَمَنْ مَتَّعْنَاهُ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ الْمُحْضَرِينَ ﴾،[**قه‌صه‌ص**:61]. **ئه‌م شوێنه‌ به‌ لكاوی خوێندراوته‌وه‌، به‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی**(هـ) **وه‌ك ڕێسای خۆی له‌م باسه‌، ده‌رباره‌ی ده‌ست پێكردنی له‌سه‌ره‌تادا ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ ضه‌ممه‌ وه‌ك-حه‌فص-.**

---

[1]**نابێته‌ پاشكۆ بۆ ئه‌م بابه‌ته‌ ئایه‌تی** (يَشْتَرِى لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ)[**لوقمان**:6]، **چونكه‌ ناوێكی دیاری ئاشكرایه‌ نه‌ك جێناو.**

باسی ئەحكامی نونی ساكینەو تەنوین

ئەم بابەتە بەگشتی یەكسانە لەگەڵ ئەحكامی پێشەوا حەفص تەنها لەم شوێنانەی خوارەوە نەبێت:

❖ پێشەوا قالون تێك هەڵكێشانی كردووە بۆ پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ر) لە ﴿وَقِيلَ مَنۜ رَاقٍ﴾ [قیامە:27]. بەم شێوەیەی خوێندۆتەوە: ﴿ وَقِيلَ مَن رَّاقٍ ﴾. چونكە بە (سەكت) ناخوێنێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی پێشەوا حەفصە.

پێشەوا قالون هەندێ شوێنی خوێندۆتەوە بە زەنەداركردنی پیتی(ن) لە پاشان بۆی هەیە یان تێكهەڵكێشانی پیتە نونەكە بكات یان بیشارێتەوە(ئیخفاء)، ئەوەش بە پێی یاسای گشتی لە حوكمەكانی نونی ساكین و تەنوین، وئەوەی گرنگە لای ئێمە لەم بابەتەدا دە وشەیە بەم شێوەیە:

1. وشەی ﴿ يُنجِيكُمُ ﴾[ئەنعام:64].

2. وشەی ﴿ مُنَزَّلٌ ﴾[ئەنعام:114].

3. وشەی ﴿ وَإِن تَكُن ﴾[ئەنفال:65-66.].

4. وشەی ﴿ وَإِن كُلًّا ﴾،هود:[111](1).

5. وشەی ﴿ فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُ ﴾[یوسف:110](2).

---

(1)(وَإِنَّ) دەخوێندرێتەوە بە زەنەداركردنی پیتی(ن) و ئاسان خوێندنەوەی پیتی(م).

(2)(فَنُجِّيَ) دەخوێندرێتەوە بە ئاسانكردنی پیتی(ج) و زیاد كردنی پیتی(ن) ی ساكین لە پێشی و زەنەداركردنی پیتی(ی)

6. وشەی ﴿ وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ ﴾[نور:7][1].

7. وشەی ﴿ أَن تَكُونَ ﴾[ئەحزاب:36][2].

8. وشەی ﴿ وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِۚ ﴾[یاسین:68][3].

9. وشەی ﴿ أَوَمَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ ﴾[زوخروف:18][4].

10. وشەی ﴿ عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ﴾[زوخروف:19][5].

❖ **پێشەوا قالون هەندێ شوێنی بە تەنوین خوێندۆتەوە، پاشان بۆی هەیە یان تێکهەڵکێشانی تەنوین یان ئیقلاب یان ئیخفاء (شاردنەوە) دوای ئەو، بەپێی یاسا گشتیەکان لە ئەحکامی نونی ساکینەو تەنوین، ئەوەی لە نێوانیان دایە لەم بابەتەوە بەم شێوەیە:**

أ- **لە هەندێ شوێندا خوێندراوتەوە بە تێکهەڵکێشان، وژمارەیان دەیە کە ئەمانەن:**

1. ﴿ كَبِيرٗا يُسَبِّحُ ﴾[ئیسراء:43].

2. ﴿ جَعَلَهُۥ دَكَّآءَۖ وَكَانَ وَعۡدُ رَبِّي حَقّٗا ﴾[ئینسان:16][1].

---

[1](أَنَّ) دەخوێندرێتەوە بە زەنەدارکردنی پیتی(ن) و ضـەممەدارکردنی پیتی(ت) لە وشەی (لَعۡنَتَ).

[2](يَكُونَ) دەخوێندرێتەوە بە پیتی(ت) لەبری پیتی(ی)

[3](نُنَكِّسۡهُ) دەخوێندرێتەوە بە فەتحەدارکردنی پیتی(ن) ی یەکەم و زەنەدارکردنی پیتی(ن) ی دووەم و ضـەممەدارکردنی پیتی(ك) و ئاسان خوێندنەوەی.

[4](يُنَشَّؤُاْ) دەخوێندرێتەوە بە فەتحەدارکردنی پیتی(ی) و زەنەدارکردنی پیتی(ن) و ئاسان خوێندنەوەی پیتی(ش)

[5](عِندَ) دەخوێندرێتەوە بە زەنەدارکردنی پیتی(ن) لەبری پیتی(ب) و لابردنی ئەلیف و فەتحەدارکردنی پیتی(د)

3. ﴿ إِدًّا ۝٨٩ يَكَادُ ﴾[**مەریەم**:90].

4. ﴿ وَثَمُودَا وَأَصْحَٰبَ ﴾[**فورقان**:38].

5. ﴿ وَثَمُودَا وَقَد ﴾[**عەنکەبووت**:38].

6. ﴿ عَادًا الْأُولَىٰ ﴾[**نەجم**:50][2].

7. ﴿ مُتِمُّ نُورِهِ ﴾[**صەف**:8][3].

8. ﴿ أَنْصَارُ اللَّهِ ﴾[**صەف**:14].

9. ﴿ سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا ﴾[**ئینسان**:4].

10. ﴿ قَوَارِيرَ مِنْ ﴾[**ئینسان**:16].

---

[1](دَكَّآءَ) دەخوێندرێتەوە بە تەنوینی فەتح لە پیتی(ك) و لابردنی هەمزە، درێژکردنەوەی لەبری لەباری وەستاندا دەردەکەوێت.

[2]قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت بە درێژی و شی دەکرێتەوە لە (باسی گواستنەوەی جوڵەی هەمزە بۆ ئەو زەنەی دەکەوێتە پێش خۆی)

[3]وشەی (نورە) خوێندراوتەوە بە فەتحەدارکردنی پیتی(ر)و ضـەممەدارکردنی پیتی(ھ)و لکاندنی پیتی(و)ی گوتراو و قەڵەوکردنی پیتی(ر).

ب- له هەندێ شوێندا بە شاردنەوە(ئیخفاء) خوێندراوەتەوە، ژمارەیان هەشتە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. ﴿ سُجَّدًا تُّغْفَرْ لَكُمْ ﴾،[**ئەعراف**:161][1].

2. ﴿ جَعَلَا لَهُۥ شِرْكًا فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ﴾[**ئەعراف**:191][2].

3. ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوَهِّنُ كَيْدَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾[**ئەنفال**:18][3].

4. ﴿ ثَمُودَا۟ كَفَرُوا۟ ﴾[**هود**:68].

5. ﴿ وَغَيْرِ صِنْوَانٍ تُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ ﴾[**ڕەعد**:4][4].

6. ﴿ عِوَجَا ۜ ۝١ قَيِّمًا ﴾[**كەهف**:1].

7. ﴿ وَثَمُودَا۟ فَمَآ ﴾[**نەجم**:51].

8. ﴿ قَوَارِيرَا۟ ۝١٥ قَوَارِيرَا۟ ﴾[**ئینسان**:15].

---

[1] وشەی (تَّغْفِرْ) خوێندراوەتەوە بە پیتی(ت) ی ضـەممەدار لەبری پیتی(ن) وفەتحەداركردنی پیتی(ف) و قەڵەوكردنی پیتی(ر)

[2] وشەی (شُرَكَآءَ) خوێندراوەتەوە بە كەسرەداركردنی پیتی(ش) و زەنەداركردنی پیتی(ر) و تەنوینی فەتحەی پیتی(ك)و لابردنی ئەلیف و هەمزە، وەستانی بۆ دەكرێت بە درێژكردنەوەی قەرەبو لەگەڵ لاوازكردنی پیتی(ر)

[3] (مُوهِنُ)خوێندراوەتەوە بەفەتحەداركردنی پیتی(و)و شەدەداركردنی پیتی(ه)و تەنوینی پیتی(ن) خوێندراوەتەوە (كَيْدِ) بەفەتحەداركردنی پیتی(د).

[4] وشەی (يُسْقَىٰ) خوێندراوەتەوە بە پیتی(ت) لەبری پیتی(ی)

ت- له دوو شوێندا نونی زه‌نه‌داری گۆڕیوه بۆ پیتی(م)(الاقلاب)، به‌م شێوه‌یه:

1. ﴿أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾[**عه‌نكه‌بوت**:25][1].

2. ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ﴾،[**شورا**:30][2].



[1] وشه‌ی (بينكم) خوێندراوته‌وه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ن).

[2] وشه‌ی (فبما) خوێندراوته‌وه به لابردنی پیتی(ف).

باسی(هه‌مزه)

هه‌مزه به‌شێوه‌یه‌كی گشتی به دوو شێوه دێت:-

✓ **یه‌كه‌میان:** هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا دێت جیاوازیش نیه ئایه ئه‌م هه‌مزه تاكه یان به‌رانبه‌ره به هه‌مزه‌ی تر، ئه‌گه‌ر هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا هات ده‌كرێت زه‌نه‌دار بێت یان جولآوبێت.

✓ **دووه‌میان:** هه‌مزه له دوو وشه‌ی به‌دوای یه‌كتردا دێت.

باسی هه‌مزه‌ی به‌كارهاتوو بۆ تاك

هه‌مزه‌ی تاك ئه‌و هه‌مزه‌یه كه هاوشێوه‌ی خۆی له‌گه‌ڵدا نیه، ئه‌وه‌ش یان زه‌نه‌دار ده‌بێت یان جووله دار ، مه‌زهه‌بی قالون ده‌رباره‌ی ئه‌م جۆره هه‌مزه به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌یه:

1. قالون هه‌مزه‌ی گۆڕیوه به ئه‌لیف له وشه‌كانی: ﴿يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ﴾. له سوره‌ته‌كانی كه‌هف و ئه‌نبیادا، قالون به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه: ﴿يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ﴾.

2. قالون هه‌مزه ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف له وشه‌ی ﴿مِنْسَأَتَهُۥ﴾،[سه‌به‌ء:14]. به‌م شێوه‌یه: ﴿مِنسَاتَهُۥ﴾.

3. قالون هه‌مزه ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف له وشه‌ی ﴿سَأَلَ﴾،[مه‌عارج:1]. به‌م شێوه‌یه: ﴿سَالَ﴾.

تێبینی:

تەنها فیعلی﴿سَأَلَ﴾. لە سورەتی مەعارج هەمزەی گۆڕدراوە، بەڵام هاوشێوەی وشەی ﴿سُئِلَ﴾. هەمزەی تێدا نەگۆڕدراوە.

4. قالون هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی(و) لە وشەی ﴿مُّؤۡصَدَةُۢ﴾. لە هەردوو سورەتەکانی بەلەدو هومەزەدا بەم شێوەیە: ﴿مُّوصَدَةُۢ﴾.

5. قالون هەمزە لادەبات لە وشەی ﴿يُضَٰهِـُٔونَ﴾[تەوبە:30]. وپیتی(ھ) بە ضەممەداری دەخوێنێتەوە بەبێ هەمزە بەم شێوەیە: ﴿يُضَٰهُونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾[1].

6. قالون وشەی ﴿الْبَرِيَّةِ﴾[بەیینە:6-7]. بە ئاسان خوێندنەوەی پیتی(ی)و زەنەدارکردنی دەخوێنێتەوە، تا ببێتە پیتێکی درێژکراو وهەمزەی فەتحەی بەدوادابێت، بەم شێوەیە: ﴿ٱلۡبَرِيٓـَٔةِ﴾. درێژکردنەوەی لکاویش دەردەکەوێت.

7. قالون وشەی ﴿زَكَرِيَّا﴾. بە هەمزە دەخوێنێتەوە لە هەر شوێنێك بێت لە دوای ئەلیف لەگەڵ درێژکردنەوەی لکاو وجوولە دارکردنی بەپێی شوێنەکەی لە ئیعرابدا[2]. بەم شێوەیە: ﴿زَكَرِيَّآءِ﴾.

---

[1] ڕای جمهوی قاریئەکان لەسەر ئەوەیە کە وشەی(يُضَٰهُونَ)، بەبێ هەمزە بخوێندرێتەوە، واتا پیتی(ھ) تەنها ضەممەی لەسەر بێت، بنچینەی ئەم وشە(ضاهى)یە، بەڵام پیتی ئەلیف گواستراوتەوە بۆ پیتی(ی)و دواتر لابردراوە لە پێناو پیتی(و) وادەردەکەوێت ئەوەش خوێندنەوەیەك بێت لە وشەی(ضاهى) ئەم وشەیە وەرنەگیراوە لە وتەی عەرەبیدا کە دەڵێن(امرأة ضهياء) چونکە پیتی(ی) بنچینەی خۆیەتی و پیتی هەمزەکەش زیادەیە، وناکرێت پیتی(ی) زیادەبێت، چونکە لە ڕستەکەدا وشەی (فعيل)ی فەتحەداری فائی تێدا نیە(عەبدوللەی عەکبەری)(املاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الاعراب والقراءات)(بەیروت، دار الكتب العلمية، ب1389،2هـ)لا14.

[2] مەبەست لە ئیعراب واتا سەروژێری کۆتایی وشە.

8. قالون پیتی(و) هەمزەدار دەكات لە وشەی ﴿هُزُوًا﴾. **لە هەر شوێنێك بێت بەم شێوەیە:** ﴿هُزُؤًا﴾.

9. قالون پیتی(و) هەمزەدار دەكات لە وشەی﴿ كُفُوًا ﴾[**ئیخلاص**:4]. **بەم شێوەیە:** ﴿ كُفُؤًا ﴾.

10. قالون هەمزە لادەبات لە وشەی ﴿ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ ﴾[**بەقەرە**:62]**و**[**حەج**:17]. **بەم شێوەیە:** ﴿ وَٱلصَّٰبِــينَ ﴾.

11. قالون هەمزە لادەبات لە وشەی ﴿ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ ﴾،[**مائیدە**:69]. **ئەمەش ئەوەی لێ وەردەگیرێت كە پیتی(ب) ضـەممەدار بكرێت بەم شێوەیە:** ﴿ وَٱلصَّٰـبُونَ ﴾.

12. قالون وشەی ﴿وَمِيكَىٰلَ﴾،[**بەقەرە**:98]. **دەخوێنێتەوە بە زیادكردنی هەمزەی كەسرەدار لە دوای پیتی ئەلیف، درێژكردنەوەی لكاویش دەردەكەوێت، بەم شێوەیە:** ﴿وَمِيكَـٰٓئِلَ ﴾.

13. قالون هەمزە لادەبات لە وشەی ﴿ بَـِٔيسِۭ ﴾[**ئەعراف**:165]. **بە كەسرەداركردنی پیتی(ب) دەخوێنێتەوە، لەدوای ئەو پیتی(ی)ی زەنەدار درێژ دەكرێتەوە، لەگەڵ لابردنی هەمزە، بەم شێوەیە:**﴿وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابِۭ بِـيسِۭ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ﴾.

14. قالون هەمزەی فەتحەدار زیاد دەكات لە دوای پیتی(و) ی یەكەم لە ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ ﴾،[**بەقەرە**:132]. **بەم شێوەیە:** ﴿وَأَوْصَىٰ﴾**[1].**

---

[1]هەروەك بە زەنەداركردنی پیتی(و) ی دووەم دەخوێندرێتەوە، لەگەڵ ئاسان خوێندنەوەی پیتی(ص).

15. قالون ﴿ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمًا ﴾،[مه‌ريه‌م:19]. **به دوو شێوه ده‌خوێنێته‌وه:**

- **يه‌كه‌م: گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)ی فه‌تحه‌دار، به‌م شێوه‌یه:** ﴿ لِيَهَبَ ﴾.

- **دووه‌م: به‌هه‌مزه وه‌ك – حه‌فص– به‌م شێوه‌یه:** ﴿ لِأَهَبَ ﴾.



وشه تایبه‌ته‌كانی قالون ده‌رباره‌ی هه‌مزه‌ی تاك

أ- قالون وشه‌ی ﴿ رَأَيْتَ ﴾. به هه‌مزه‌ی پرسیاری ده‌خوێنێته‌وه له هه‌ر شوێنێك بێت له قورئانی پیرۆز، به ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م وه‌ك:
﴿أَرَءَيْتَكُمْ۞ أَرَءَيْتُمْ۞ أَرَءَيْتَكَ۞ أَرَءَيْتَ۞ أَفَرَءَيْتَ۞ أَفَرَءَيْتُم ﴾.؛ **به‌م شێوه‌یه** ﴿ أَرَهيْتَكُمُو، أَرَهيْتُمُو، أَرَهيْتَكَ، أَرَهيْتَ، أَفَرَهيْتَ، أَفَرَهيْتُمُو ﴾.

ب- قالون وشه‌ی ﴿ وَرِءْيًا ﴾،[**مه‌ریه‌م**:74]. **ده‌خوێنێته‌وه به گۆڕینی هه‌مزه‌ی زه‌نه‌دار به پیتی(ی) دواتر تێكهه‌ڵكێشان ده‌كات بۆ پیتی(ی) گۆڕدراو له پیتی(ی)ی دووه‌م، تا ببێته یه‌ك پیتی(ی)ی شه‌دده‌ی فه‌تحه‌دار، به‌م شێوه‌یه:** ﴿وَرِيًّا ﴾.

ت- قالون وشه‌ی(ٱلَّٰٓـِٔي) **له سوره‌تی** [**ئه‌حزاب**:4] **و** [**موجادله**:2] **و** [**طه‌لاق**:4] **ده‌خوێنێته‌وه به لابردنی ئه‌و پیته یائه‌ی ده‌كه‌وێته دوای هه‌مزه به‌م شێوه‌یه:**﴿ٱلَّٰٓءِ﴾.
له‌نوسیندا ده‌بێته هاوشێوه‌ی وشه‌ی ﴿ ٱلَّٰٓءِ ﴾، **وه‌ك:** ﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسْنَ مِنَ ٱلْمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمُو ﴾،[**طلاق**:4] **و** ﴿ وَمَا جَعَلَ أَزْوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تَظَّهَّرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمُو﴾،[**ئه‌حزاب**:4][1].

ث- قالون وشه‌ی ﴿ هَٰٓأَنتُمْ ﴾. **به ئاسانكردنی هه‌مزه ده‌خوێنێته‌وه، له هه‌ر شوێنێك بێت له قورئانی پیرۆز، به‌م شێوه‌یه: سوره‌تی** [**ئالی عیمران**:66-119] **و** [**نیساء**:109] **و** [**موحه‌ممه‌د**:38].
له هه‌موو ئه‌م شوێنانه‌ی باس كران به ئاسان كردنی هه‌مزه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه: ﴿ هَٰٓأَنتُمُو ﴾.

---

[1] **قالون وشه‌ی**(تُظَاهِرون) **به فه‌تحه‌ی پیتی(ت) ده‌خوێنێته‌وه، له‌گه‌ڵ شه‌دده‌داركردنی پیتی**(ظ) **و پیتی**(هـ) **و فه‌تحه‌داركردنیان، و لابردنی ئه‌لیف.**

دروسته له كاتی لێكداندا درێژكردنەوەی چوار یان دوو جووله له پیتی ئەلیف له كاتی خوێندنەوە بە درێژكردنی چوار جووله له درێژكردنەوەی دروستی نەلكاو، جیاوازی نیە بكەوێتە پێش وشەكە یان دوای وشە، بەڵام لەكاتی درێژكردنەوەی دوو جووله له درێژكردنەوەی دروستی نەلكاو–جگه لەم وشە–تەنها بۆمان هەیە درێژكردنەوەی دوو جووله لەم وشەدا، كەواتا لەگەڵ درێژكردنەوەی دوو جوولەی نەلكاو بو بۆمان هەیە لە وشەی ﴿ هَٰٓأَنتُمۡ ﴾. تەنها درێژكردنەوەی دوو جووله ، بەڵام لەگەڵ درێژكردنەوەی چوار جووله ی نەلكاو بۆمان هەیە لە وشەی ﴿ هَٰٓأَنتُمۡ﴾ درێژكردنەوەی چوار یان دوو جووله .

بۆمان دەركەوت لەم بابەتەی پێشوو كە قالون وشەی ﴿ هَٰٓأَنتُمۡ ﴾. بە درێژكردنەوەیدوو جووله دەخوێنێتەوە، ئەوەشیان پێش دەكەوێت لەسەر درێژكردنەوەی دوو جووله بە درێژكردنەوەی دروستی نەلكاووچوار جووله ، وخوێندنەوەی وشەی ﴿ هَٰٓأَنتُمۡ﴾. بە چوار جووله لەگەڵ چوار جووله ی درێژكردنەوەی دروستی نەلكاو بە تەنها.

پێشكه‌وتنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر وشه‌ی [هَآأَنتُمُۥ]

(تقدم المد الجائز المنفصل على [هَآأَنتُمُۥ])

وه‌ك: ﴿ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ٦٥ هَآأَنتُمُۥ ﴾،[ئالی عیمران:66].

	بَعۡدِهِۦٓۚ	هَآأَنتُمُۥ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	مه‌ددی نه‌لكاو(صیله‌ی گه‌وره)	وشه‌ی [هَآأَنتُمُۥ]
1	دووجووله	دووجووله به‌ئاسان كردنی هه‌مزه
2	چوارجووله	چوارجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه
3	چوارجووله	دووجووله به‌ئاسان كردنی هه‌مزه



پێشكه‌وتنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر وشه‌ی [هَآأَنتُمُو] له‌سه‌ر میمی كۆ[1].

(تقدم المد الجائز المنفصل على [هَآأَنتُمُو] على ميم الجمع)

وه‌ك: ﴿ إِلَّا مِنْ بَعْدِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (65) هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ ﴾ [ئالی عیمران:66].

	بَعْدِهِۦ	هَآأَنتُمُو	هَآأَنتُمُو	هَٰٓؤُلَآءِ	[حَٰجَجۡتُمُو؛ لَكُمُو]
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	مه‌ددی نه‌لكاو (صیله‌ی گه‌وره)	وشه‌ی (هَآأَنتُمُو)	میمی كۆ	مه‌ددی نه‌لكاو	میمی كۆ
1	دووجووله	دووجووله	بێ صیله	دووجووله	بێ
2	دووجووله	دووجووله	صیله	دووجووله	صیله
3	چوارجووله	چوارجووله	بێ صیله	چوارجووله	بێ
4	چوارجووله	چوارجووله	صیله	چوارجووله	صیله
5	چوارجووله	دووجووله	بێ صیله	چوارجووله	بێ
6	چوارجووله	دووجووله	صیله	چوارجووله	صیله

---

[1] باسی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاوم نه‌كردووه كه له وشه‌ی (هَٰٓؤُلَآءِ) بوونی هه‌یه چونكه هه‌مان خوێندنه‌وه‌ی درێژكردنه‌وه‌ی به صیله‌ی گه‌وره‌ی هه‌یه یان بێ صیله‌ی هه‌یه.

پێشكه‌وتنی[هَٰٓأَنتُمۡ]_له‌سه‌ر میمی كۆله‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو[1].

(تقدم [هَٰٓأَنتُمۡ]_على ميم الجمع على المد الجائز المنفصل)

وه‌ك: ﴿ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ عَنۡهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾،[**نیساء**:109].

	هَا أَنْتُمْ	هَا أَنْتُمْ	هَؤُلَاءِ	جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	**وشه‌ی (هَٰٓأَنتُمۡ)**	**میمی كۆ**	**مه‌ددی نه‌لكاو**	**میمی كۆ**
1	دووجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه	بێ صیله	دووجووله	بێ صیله
2	دووجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه	بێ صیله	دووجووله	بێ صیله
3	دووجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه	صیله	دووجووله	صیله
4	دووجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه	صیله	چوارجووله	صیله
5	چوارجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه	بێ صیله	چوارجووله	بێ صیله
6	چوارجووله‌به‌ئاسان كردنی هه‌مزه	صیله	چوارجووله	صیله

ڕاهێنانی ژماره‌(1)

به‌ گریمانه‌ له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌ یه‌ك هه‌ناسه‌، ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌ چه‌ند خوێندنه‌وه‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌لای پێشه‌وا قالون به‌پێی یاسای گشتی به‌كارهاتوو له‌ زانستی قیرائاتدا. ﴿ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ۝٦٥ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ ﴾،[**ئالی عیمران**:66].[2]

---

[1] **باسی پیتی(م)ی كۆم نه‌كردووه‌ كه‌ له‌ وشه‌ی(جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ) بوونی هه‌یه‌ چونكه‌ هه‌مان خوێندنه‌وه‌ی پیتی(م)ی كۆی هه‌یه‌ له‌ وشه‌ی (هَا أَنْتُمْ).**

[2] **بێ ئاگا مه‌به‌ خودا ئاگادارت بێت له‌ ڕوی وشه‌ی(التَّوْرَاةُ).**

وەڵام دانەوەی ڕاهێنانی 1 :-

شێوە	ئەلکاو	کردنەوە کەم کردنەوە	ئەلکاو	هەمزەی گۆڕاوبە ئاسانکردن	میمی کۆ	ئەلکاو	میمی کۆ	میمی کۆ	تێبینی
	وَمَآ أُنزِلَتِ	ٱلتَّوۡرَىٰةُ	بَعۡدِهِۦٓ	هَٰٓأَنتُمۡ	هَٰٓأَنتُمۡ	هَٰٓؤُلَآءِ	حَٰجَجۡتُمۡ	لَكُمۡ	
1	2جووله	کردنەوە	2جووله	2جووله	بێ صیله	2جووله	بێ صیله	بێ صیله	نابێ
2	=	=	=	=	صیله	2جووله	صیله	صیله	
3	=	=	=	4جووله	بێ صیله	2جووله	بێ صیله	بێ صیله	نابێ
4	=	=	=	=	صیله	2جووله	صیله	صیله	نابێ
5	=	کەم کردنەوە	2جووله	2جووله	بێ صیله	2جووله	بێ صیله	بێ صیله	
6	=	=	=	=	صیله	2جووله	صیله	صیله	نابێ
7	=	=	=	4جووله	بێ صیله	2جووله	بێ صیله	بێ صیله	نابێ
8	=	=	=	=	صیله	2جووله	صیله	صیله	نابێ
9	4جووله	کردنەوە	4جووله	4جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله	
10	=	=	=	=	صیله	4جووله	صیله	صیله	نابێ
11	=	=	=	2جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله	
12	=	=	=	=	صیله	4جووله	صیله	صیله	نابێ
13	=	کەم کردنەوە	4جووله	4جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله	
14	=	=	=	=	صیله	4جووله	صیله	صیله	
15	=	=	=	2جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله	
16	=	=	=	=	صیله	4جووله	صیله	صیله	

ستونی یه‌كه‌م ڕه‌نگ كراوه به ڕه‌نگی كه‌سك: قه‌ده‌غه‌كراوه، ئه‌وه‌ش به‌هۆی یه‌كێكه له شێوه‌كانی قه‌ده‌غه‌كراو له‌كاتی لێكدانی وشه‌ی ته‌وڕات له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی پچڕاو له‌گه‌ڵ پیتی میمی كۆ.

ستونی ڕه‌نگ كراو به ڕه‌نگی شین: قه‌ده‌غه‌كراوه، چونكه له‌سه‌ری داده‌مه‌زرێت قه‌ده‌غه‌كردنی شێوه‌ی بونی به ڕه‌نگی كه‌سك.

شێوه دروسته‌كان:

شێوه	نه‌لكاو	كردنه‌وه كه‌م كردنه‌وه	نه‌لكاو	هه‌مزه‌ی گۆڕاو	میمی كۆ	نه‌لكاو	میمی كۆ	میمی كۆ
	وَمَآ أُنزِلَتِ	ٱلتَّوۡرَىٰةُ	بَعۡدِهِۦٓ	هَـٰٓأَنتُمۡ	هَـٰٓأَنتُمۡ	هَـٰٓؤُلَآءِ	حَـٰجَجۡتُمۡ	لَكُمۡ
1	2جووله	كردنه‌وه	2جووله	2جووله	صیله	2جووله	صیله	صیله
2	2جووله	كه‌م كردنه‌وه	2جووله	2جووله	بێ صیله	2جووله	بێ صیله	بێ صیله
3	4جووله	كردنه‌وه	4جووله	4جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله
4	4جووله	كردنه‌وه	4جووله	2جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله
5	4جووله	كه‌م	4جووله	4جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله
6	4جووله	كردنه‌وه	4جووله	4جووله	صیله	4جووله	صیله	صیله
7	4جووله	كه‌م	4جووله	2جووله	بێ صیله	4جووله	بێ صیله	بێ صیله
8	4جووله	كه‌م كردنه‌وه	4جووله	2جووله	صیله	4جووله	صیله	صیله

ڕاهێنانی ژماره(2)

به گریمانه لەسەر خوێندنەوەی ئەم ئایەته به یەك هەناسه، ئەم ئایەته به چەند خوێندنەوه دەخوێندرێتەوه لەلای پێشەوا قالون بەپێی یاسای گشتی بەكارهاتوو له زانستی قیڕائاتدا. ﴿ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ (118) هَا أَنْتُمْ أُولَاءِ تُحِبُّونَهُمْ وَلَا يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ ﴾،[**ئالی عیمڕان**:119][1].



[1] **بۆ ئاگا مەبه خودا ئاگادارت بێت لەو سێ شێوه خوێندنەوەی هەیه له پیتی(م) له وشەی(هَا أَنْتُمْ) چونكه ئەوەی لەدوای دێت هەمزەی پچڕاوه.**

حوكمی وشەی(نەبی)

قالون وشەی(نەبی) بە لابردنی شەددەی پیتی (ی) لەگەڵ زەنەدارکردنی و زیاد کردنی هەمزەی جوولە دار لە دوای ئەو(النبیء)، واتا هەمزەی گوتراو دەخوێنێتەوە، جیاوازی نیە ئایە وشەکە بەکار هاتبێت بۆ تاك وەك: ﴿ نَبِيّ، ٱلنَّبِيُّ ﴾. **یان بەکارهاتبێت بۆ کۆی بەکار هاتوو بۆ نێر(جمع** مذكر **سالم) وەك:** ﴿ ٱلنَّبِيُّونَ، ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾.**یان بۆ جەمعی تەکسیر وەك:** ﴿ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ ﴾. **وەهەروەها وشەی** ﴿ ٱلنُّبُوَّةَ ﴾. **بەم شێوەیە:** ﴿ نَبِيٓءٍ، ٱلنَّبِيٓءُ۞ ٱلنَّبِيٓـُٔونَ، ٱلنَّبِيٓـِٔينَ، ٱلۡأَنۢبِئَآءَ، ٱلنُّبُوٓءَةَ ﴾.

درێژكردنەوە لەم وشەدا دبێتە درێژكردنەوەیەكی لكاو، درێژ دەبێتەوە بە ئەندازەی چوار جوولە .

ئەمەی باس كران لە هەموو قورئانی پیرۆز جیٚ بەجیٚ دەكرێت تەنها بە جیاكردنەوەی دوو شوێن نەبێت لە سورەتی ئەحزاب كە ئەمانەن: ﴿ إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ﴾. **ئایەتی**50 ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ ﴾. **ئایەتی**53**، بەوەستان دەخوێندرێتەوە بەپێی یاسای پێشوو كە باس كران، واتا ئاسان خوێندنەوەی پیتی(ی)و زەنەداركردنی و زیادكردنی هەمزەی كەسرەدار لەدوای[1]. بەلاّم لەباری نەوەستاندا دەخوێندرێتەوە بە پیتی(ی)ی شەدەدار وەك حەفص، هۆی ئەم جیاكردنەوەش چونكە مەزهەبی پێشەوا قالون دەربارەی دوو هەمزەی كەسرەدار بریتیە لە ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی یەكەم، قالون وای دەبینێت كە گۆڕین ئەنجام بدات لەبری ئاسان خوێندنەوە، بۆیە هەمزەی یەكەم دەگۆڕێت بە پیتی(ی)و تێكهەڵكێشانی بۆ دەكات لەگەڵ پێش خۆی، خوێندنەوەی ئەم شوێنە دەبێتە پیتی(ی)ی شەدەداری كەسرە لەباری نەوەستاندا، كەواتە پێشەوا قالون هەردوو شوێنی**

---

[1]ناشاردرێتەوە كە دەبێتە هەمزەیەكی زەنەدار بە هۆی وەستان.

ڕابردوو دەخوێنێتەوە بە هەمزەی لە باری وەستان وەبە (ی) ی شەدەداری کەسرە لە باری نەوەستاندا، وەك حەفصیش دەخوێنێتەوە لە بارەی نەوەستان.

تێبینی:

دەربارەی وشەی ﴿ ٱلْأَنۢبِيَآءَ ﴾، ئەم درێژکردنەوەیە دەبێتە درێژکردنەوەیەکی لکاو ودرێژکردنەوەیەکی لەبری(مد البدل)، بەڵام درێژکردنەوەی لکاو پێش دەکەوێت چونکە بەهێزترە.

دەربارەی هەردوو وشەی: ﴿ ٱلنَّبِيِّـُٔونَ، ٱلنَّبِيِّـِٔنَ ﴾. ئەوە دوو درێژکردنەوەیان تێدایە ئەوانیش: درێژکردنەوەی لکاو(المد المتصل) لە پیتی(ی) ی پێش هەمزە.

دەربارەی هەردوو پیتەکانی(و) و(ی) کە لە دوای هەمزە دێن هەردووکیان درێژکردنەوەی لەبری(مد البدل)، لەباری نەوەستانداو درێژکردنەوەی پەیداکراوی زەنەدار(مد عارچ للسکون) لەباری وەستان.

باسی دوو هه‌مزه له‌یه‌ك ووشدا

ئه‌گه‌ر دوو هه‌مزه له‌یه‌ك وشه‌دا كۆبێته‌وه، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌بێته هه‌مزه‌ی پرسیاری، وپێویسته به‌رده‌وام فه‌تحه‌داربێت، ئه‌م جۆره هه‌مزه ده‌خوێندرێته‌وه له‌لای گشت قوڕائه‌كان، وهه‌مزه‌ی دووه‌م جووله‌دار ده‌بیت واته: ضه‌ممه یان فه‌تحه یان كه‌سره ده‌بیت.

مه‌زهه‌بی پێشه‌وا قالون ده‌رباره‌ی دوو هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا، بریتیه له ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌گه‌ڵ ئه‌لیفێك خستنه نێوان هه‌ردوو هه‌مزه‌كه‌دا.

كه‌واته ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌دار بوو–واتا هه‌ردوو پیته هه‌مزه‌كه فه‌تحه‌یان له‌سه‌ر بوو–وه‌ك: ﴿ ءَأَنذَرْتَهُمْ، ءَأَلِدُ ﴾. **ئه‌وه له‌م كاته‌دا هه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسان ده‌خوێندرێته‌وه له‌نێوان هه‌مزه‌و ئه‌لیف دا، به‌م شێوه‌یه:** ﴿ ءَاأنذَرْتَهُمُو، ءَاألِدُ ﴾.

ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌ممه‌دار بو، وه‌ك:﴿ قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ﴾،[**ئالی عیمران**:15]. و﴿ أَءُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِنۢ بَيْنِنَا ﴾[**ص**:8].و﴿ أَءُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِنۢ بَيْنِنَا ﴾ [**قه‌مه‌ر**:25]. **كه ئه‌مه‌ش ته‌نها له‌م سێ شوێنه‌دا هه‌یه له قورئانی پیرۆزو شوێنی چواره‌می نیه[1]. ئه‌وه هه‌مزه‌ی دووه‌م به ئاسانی ده‌خوێندرێته‌وه به‌شێوه‌یه‌ك خوێندنه‌وه‌كه له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(و) بێت، به‌م شێوه‌یه:**

﴿ أَا وۨنَبِّئُكُمُو، أَاۥنزِلَ، أَاۥلْقِيَ ﴾.

---

[1] **قالون شوێنی چواره‌می باس كردووه وه‌ك:** (أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ) **له سوره‌تی زوخروف، ئایه‌تی**19 **باسی ده‌كه‌ین له بابه‌تی-ئاگاداركردنه‌وه‌كان-**

ئەگەر هەمزەی دووەم كەسرەدار بوو وەك: ﴿ أَئِنَّا، أَئِنَّكُمْ، أَئِنَّ، أَئِفْكًا ﴾. ئەوە هەمزەكە ئاسان دەكات-واتا خوێندنەوەی لە نێوان هەمزەو پیتی(ی) بەم شێوەیە: ﴿ أَا ئِنَّا، أَا ئِنَّكُمْ، أَا ئِنَّ، أَا ئِفْكًا ﴾. هەموو ئەو وشانەی باس كران لە ڕابردوو ئاسان خوێندنەوەیان بۆ دەكرێت لەگەڵ خستنە ئەلیفێك لە نێوان هەردوو هەمزەكە.

ئاگاداركردنەوە

- قالون لە وشەی ﴿ أَئِمَّةَ ﴾[1]. تەنها ئاسان خوێندنەوە ئەنجام دەدات بێ ئەلیف خستنە نێوان هەردوو هەمزەكە بەم شێوەیە: ﴿ أَئِمَّةَ ﴾.

- قالون ﴿ أَشَهِدُواْ خَلْقَهُمْ ﴾،[زوخروف:19]. بە زیادكردنی هەمزەی ضەممەدار دەخوێنێتەوە لە دوای هەمزەی یەكەم، دواتر دوو شێوە خوێندنەوەی بۆ هەیە:

---

[1] قالون تەنها ئاسان خوێندنەوە ئەنجام دەدات لە وشەی(أَئِمَّةَ) دەربارەی شێوەی گۆڕین لە ڕێگەی شاطبی، صەفاقصی لە پەرتووكەكەی(غیث النفع) دەفەرموێت: بەڵام گۆڕینی بە پیتی(ی)ی تەواو هەرچەندە شتێكی ڕاست و دروستە بە گێڕانەوەو هاتنی ڕێگەی تواتر -واتا كۆمەڵێكی زۆر گێڕاویانەتەوە- بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناخوێندرێتەوە لە ڕیگەی شاطبی، چونكە پاڵدانی بۆ لای زانایانی زانستی نەحو واتا زۆرینەیان، بەڵام نەخوێندراوتەوە بەم شێوە لە ڕیگەی ئەوەوە لەلای شێخەكەم، لە وەڵام دانەوەی زەمەخشەریدا لە پەرتووكی (كەشاف) دەربارەی دانپێنانی پیتی(ی) بە خوێندنەوە داناندرێت و دروست نیە بە قیرائە ئەژمار بكرێت، وەهەركەسێكیش دانپێدابنێت ئەوە كەسێكی لە ڕێی دەرچووی سەرلێشێواوە. جەزەری لە وەڵامی زەمەخشەریدا دەفەرموێت: ئەوەی ئەو دەیلێت بەڕاستی زێدەڕۆییە ڕاستیەكەش ئەوەیە جێگیركردنی هەرسێ شێوە خوێندنەوەیە مەبەستیش ئەوەیە: خوێندنەوەو خوێندنەوە لە نێوان و خوێندنەوەی پیتی یائی تەواو، هەرئەوەش هاتووە لە عەرەبەكانەوە ئەوەش بەڕاست داندراوە لە گێڕانەوەكاندا هەروەك باسمان كرد لە ڕابردودا، بۆ هەر شێوە خوێندنەوەیەك لە عەرەبیدا دارشتنێكی وەرگیراوی هەیە خودا لە هەمو كەس زاناترە، بڕوانە: (موحەممەدی كوڕی موحەممەد، ئیبن جەزەری، پەرتووكی: (النشر فی القرائات العشر)، لە لێكۆلینەوەی: عەلی كوڕی موحەممەدی ضەباع، وڵاتی میصر قاهیرە، چاپخانەی تیجاریەی گەورە، ب1، 1427ك، لا380.

- **یهكهم: ئاسان خوێندنهوهی ههمزهی دووهم بهبێ دانانی ئهلیف له نێوان دوو ههمزهكه، بهم شێوهیه:** ﴿ أَ• شۡهِدُواْ ﴾.(1).
- **دووهم: ئاسان خوێندنهوهی ههمزهی دووهم لهگهڵ خستنه نێوان ههمزهكان به ئهلیف، بهم شێوهیه:** ﴿ أَٰ• شۡهِدُواْ ﴾.(2).

➢ **قالون ههمزهی یهكهم دهخوێنێتهوه له** ﴿ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ ﴾،**[زوخروف**:58]. **وههمزهی دووهم ئاسان دهكات و ههمزهی سێیهمیش دهگۆڕێت به ئهلیف:** ﴿ ءَاْ•لِهَتُنَا﴾.

➢ **قالون له** ﴿ قَالَ فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُمُۥ بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ ﴾،**[ئهعراف**:123]. **ههمزهی پرسیاری زیاد دهكات لهسهر بنچینهی خۆی، چونكه بنچینهی ئهم وشه بهم شێوهیه:**(أأأمنتم) **واتا بوونی سێ ههمزه لهیهك كات و بهدوای یهكدا، ههمزهی یهكهم و دووهم فهتحهداره ههمزهی سێیهم زهنهدارو گۆڕدراوه به ئهلیف، ئهویش** (فاء **الفعل)ی وشهكهیه، مهزههبی قالون بریتیه لهوهی كه ههمزهی یهكهم بخوێندرێتهوهو ههمزهی دووهم ئاسان بكرێت و ههمزهی سێیهم بگۆردرێت به ئهلیف، له ههردوو شێوهدا لهباری نهوهستانداو دهستپێكردندا بهم شێوهیه:** ﴿ ءَ• امَنتُمُۥ ﴾.

➢ **قالون له** ﴿ قَالَ ءَامَنتُمُۥ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ ﴾،**[شوعهڕا**:49]. **ههمزهی پرسیاری زیاد دهكات، ئهوهش لهسهر بنچینهی وشهكهی خۆیهتی، چونكه بنچینهی وشهكه بهم شێوهیه** (أأأمنتم) **واتا سێ ههمزه بوونی ههیه، یهكهم و دووهم جووله دارن وههمزهی سێیهم زهنهدارهو گۆردراوه به ئهلیف، كه ئهویش** (فاء **الفعل)ی وشهكهیه. مهزههبی قالون ههمزهی یهكهم دهخوێنێتهوهو ههمزهی دووهم ئاسان دهكات و**

(1) زهنهداركردنی پیتی(ش) دهردهكهوێت.
(2) زهنهداركردنی پیتی(ش) دهردهكهوێت.

هەمزەی سێیەم دەگۆڕێت بە ئەلیف لە باری نەوەستان و دەست پێكردندا بەم شێوەیە: ﴿ءَ ٰامَنتُمُو﴾.

- قالون لە ﴿قَالَ ءَامَنتُمُو لَهُو قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمُو﴾،[طه:71]. هەمزەی پرسیاری زیاد دەكات، ئەوەش لەسەر بنچینەی وشەكەیە، چونكە بنچینەی ئەم وشە بەم شێوەیە:(أأأمنتم) واتا بوونی سێ هەمزە، یەكەم و دووەم جوولە دارن وهەمزەی سێیەم زەنەدارەو گۆڕدراوە بە ئەلیف كە ئەویش فاء الفیعلی وشەكەیە.مەزهەبی قالون هەمزەی یەكەم دەخوێنێتەوەو خوێندنەوەیەكی ئاسان دەكات بۆ هەمزەی دووەم و هەمزەی سێیەم دەگۆڕێت بە ئەلیف بەم شێوەیە: ﴿ءَ ٰامَنتُمُو﴾.

- قالون لە ﴿لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَا۬عۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞ﴾،[فوصیلەت:44]. هەمزەی دووەم ئاسان دەخوێنێتەوە، لەگەڵ خستنە نێوان هەردوو هەمزە بە ئەلیف، ئەوەش لەسەر بنچینەی وشەكەیە، بەم شێوەیە: ﴿ءَا۬عۡجَمِيّٞ﴾.



باسی پرسیاری دووباره‌بووه‌وه

پرسیاری دووباره له قورئانی پیرۆز له یازده شوێندا هاتووه، له نۆ سوره‌تدا به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌یه:-

1. ﴿ وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ ﴾،[**ره‌عد**:5].
قالون ئه‌م ئایه‌ته به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه: ﴿ وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمُۥٓ أٓ ءذَا كُنَّا تُرَٰبًا إِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ ﴾.

2. ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ﴾،[ئیسراء:49].

3. ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ﴾،[ئیسراء:98].

4. ﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾،[مؤمنون:82].

5. ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ ﴾،[**نه‌مل**:67]. **قالون به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه:** ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أٓ ءنَّا لَمُخۡرَجُونَ ﴾.

6. ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾،[**عه‌نكه‌بوت**:28-29]. **قالون به‌م شێوه‌یه ده‌خوێنێته‌وه:** ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمُۥ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُمُۥ بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أٓ ءنَّكُمُۥ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾.

7. ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۭ ﴾،[**سه‌جده**:10].

8. ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴾،[**صافات**:16].

9. ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾،[**صافات**:53].

10. ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾،[**واقيعه**:47].

11. ﴿ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي ٱلْحَافِرَةِ ۝١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمًا نَّخِرَةً ﴾،[**نازيعات**:10-11].

مهزههبی قالون دهربارهی پرسیاری دووباره

قالون ههمزهی پسیاری جێگیر كردووه له وشهی یهكهم و دووهم له گشت ئهو شوێنانهی ڕابردو كه باس كران، تهنها له سوڕهتی عهنكهبوت و نهمل نهبێت، ههمزهی یهكهم له شێوهو مانای ههوال وخهبهردان خوێندۆتهوهو ههمزهی دووهمیشی له شێوهی پرسیاری خوێندۆتهوه، ئهوهش ناشاردرێتهوه كه ههمزهی دووهم به ئاسان دهخوێنێتهوه لهگهڵ ئهلیف خستنه نێوان ههردوو ههمزهكه.

بابەتی دوو هەمزە لە دوو وشەدا

پێناسە: مەبەست لە دوو هەمزە لە دوو وشەدا، واتا: بوونی دوو هەمزەیە لە دوو وشە لە باری نەوەستاندا بەشێوەیەك كە هەمزەی یەكەم بكەوێتە كۆتایی وشەی یەكەم و هەمزەی دووەم بكەوێتە سەرەتای وشەی دووەم.

مەبەست لە نەوەستان واتا خوێندنەوەی بەردەوامی بۆ بكرێت: چونكە لە كاتی وەستان هەردوو هەمزەكان كۆنابنەوە لەگەڵ یەك، چونكە وەستان لەسەر هەمزەی یەكەم پێك گەیشتنی نامینێت.

كۆبونەوەی دوو هەمزە لە دوو وشەدا دەبێت بەدوو بەش:

- ✓ **یەكەم:** بوونی دوو هەمزەی یەكسان لە جووله .
- ✓ **دووەم:** بوونی دوو هەمزەی پێچەوانەی یەكتر لە جووله .

❖ یەكەم: دوو هەمزەی یەكسان لە جووله

ئەو دوو هەمزەیە یان هەردووكیان فەتحەدارن، وەك: ﴿ جَآءَ أَمۡرُنَا، جَآءَ أَحَدُ، جَآءَ أَجَلُهُمۡ، تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ﴾.، **یان هەردووكیان كەسرەدارن وەك:** ﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ، هَٰٓؤُلَآءِ إِن، ٱلنِّسَآءِ إِلَّا، وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ ﴾. **یان هەردووكیان ضەممەدارن وەك:**﴿ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾[**ئەحقاف**:32]. **لەمە زیاتری نیە لە قورئان.**

مه‌زهه‌بی قالون ده‌رباره‌ی دوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌یه :

1. دوو هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار:

قالون هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م لاده‌بات و هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌خوێنێته‌وه، وبۆی هه‌یه درێژكردنه‌وه بكات به ئه‌ندازه‌ی چوار یان دوو جووله بۆ پیتی مه‌دی پێش هه‌مزه‌كه، ودرێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله پێش ده‌خرێت له‌سه‌ر چوار جووله ، وه‌ك:
﴿ جَآءَ أَجَلُهُمۡ۞ جَآءَ أَحَدٌ ﴾.

تێبینی:

ئه‌گه‌ر كۆبویه‌وه درێژكردنه‌وه‌ی لكاوو درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاو به‌یه‌كه‌وه، به‌لاَم هه‌مزه‌كانیان له‌یه‌كتر جیابوو له لابردندا، وه‌ك: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴾،**[ئه‌نعام**:61]. **قالون له درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوی دوو جووله یی دوو شێوه خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه: درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی چوار جووله له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی، ودرێژكردنه‌وه‌ی لكاوی دوو جووله به‌هۆی ئه‌و گۆڕانه‌ی په‌یداده‌بێت كه بریتیه له لابردنی هه‌مزه، به‌لاَم ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر به چوار جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی لكاو(الجائز المنفصل) خوێنده‌وه ئه‌وه ته‌نها ده‌بێت به چوار جووله‌و درێژكردنه‌وه‌ی لكاو بخوێنێته‌وه، ئه‌وه دیاری ده‌كرێت له‌سه‌ری درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی چوار جووله ، چونكه هۆی درێژكردنه‌وه‌ی لكاو هه‌رچه‌نده گۆردراوبێت به لابردنی هه‌مزه به‌لاَم ئه‌وه‌یان به‌هێزه به‌هۆی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو، دروست نیه درێژكردنه‌وه‌ی لاواز پێش درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ی به‌هێز بكه‌وێت.**

پێش خستنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو
له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی هه‌مزه گۆڕدراو-به لابردن-
(تقدم المد الجائز المنفصل على المد المتصل المغير الهمزة(بالاسقاط)

وه‌ك: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآ أَمۡرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلۡنَا ٱحۡمِلۡ فِيهَا ﴾،[هود:40].

	حَتَّىٰٓ	جَآ أَمۡرُنَا
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو	كاو گۆڕینی هه‌مزه(به‌لابردن)
1	درێژكردنه‌وه دوو جووله	لابردن و درێژكردنه‌وه دوو جووله
2	درێژكردنه‌وه دوو جووله	لابردن و درێژكردنه‌وه چوار جووله
3	درێژكردنه‌وه چوار جووله	لابردن و درێژكردنه‌وه چوار جووله

پێش خستنی درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی هه‌مزه گۆڕدراو-به لابردن-
له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو
(تقدم المد المتصل المغير الهمزة(بالاسقاط) على المد الجائز المنفصل

وه‌ك: ﴿ وَجَآ أَهۡلُ ٱلۡمَدِينَةِ يَسۡتَبۡشِرُونَ ۝٦٧ قَالَ إِنَّ هَـٰٓؤُلَآءِ ضَيۡفِي فَلَا تَفۡضَحُونِ﴾
[حيجر:67].

	وَجَآ أَهۡلُ	هَـٰٓؤُلَآءِ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	لكاو گۆڕینی هه‌مزه(به‌لابردن)	درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو
1	لابردن و درێژكردنه‌وه دوو جووله	درێژكردنه‌وه دوو جووله
2	لابردن و درێژكردنه‌وه چوار جووله	درێژكردنه‌وه دوو جووله
3	لابردن و درێژكردنه‌وه چوار جووله	درێژكردنه‌وه چوار جووله

ڕاهێنان:

بە گریمانە لەسەر خوێندنەوەی ئەم ئایەتە بە یەك هەناسە، ئەم ئایەتە لای پێشەوا قالون بە چەند خوێندنەوە دەخوێندرێتەوە بەپێی یاسای گشتی بەكارهاتوو لە زانستی قیرائاتدا،

﴿وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗىۖ فَإِذَا جَآ أَجَلُهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرَۢا﴾ [فاطير:45].

2. دوو هەمزەی ضەممەدار و كەسرەدار:

قالون هەمزەی یەكەم ئاسان دەكات و هەمزەی دووەم دەخوێنێتەوە، وبۆی هەیە لە پیتی درێژكردنەوەی دەكەوێتە پێش هەمزەی یەكەم، درێژكردنەوەیەكی چوار یان دوو جوولە یی بێت، بەلاّم دوو جوولە پێش دەكەوێت، وەك: ﴿ ٱلسَّمَآءِ إِلَىٰ ﴾ **و** ﴿ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾.

قالون شێوە خوێندنەوەیەكی تری هەیە لە ﴿ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا ﴾**،[یوسف:53]. ئەویش بریتیە لە گۆڕینی هەمزەی یەكەم بە پیتی(و) پاشان پیتە واوەكەی تێكهەڵكێش كردووە لەگەڵ پیتی(و)ی پێشە خۆی هەردو واوە تێكهەڵكێشكراوەكان بۆتە واوێكی شەدەداری كەسرە، بەم شێوەیە:** ﴿ بِٱلسُّوِّ إِلَّا ﴾.

لەم بابەت قالون سێ شێوە خوێندنەوەی بۆ كردووە:

- **ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی یەكەم لەگەڵ درێژكردنەوەی چوار جوولە .**
- **ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی یەكەم لەگەڵ درێژكردنەوەی دوو جوولە .**
- **هەمزەی یەكەم بگۆڕدرێت بە پیتی(و) دواتر تێكهەڵكێش بكرێت لەگەڵ ئەو پیتە واوەی لە پێش دا هاتووە، لەم كاتە دەبێتە پیتی(و)ی شەدەداری كەسرە.**

تێبینی1:

دوو شوێن جیاكراوته‌وه له هه‌ردوو هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار، ئه‌وانیش هه‌ر یه‌ك له ﴿ إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ﴾ **و** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ ﴾،[**ئه‌حزاب**:50-53]. **پێشتر باسی ئه‌و شوێنمان كرد له حوكمی وشه‌ی**(النبي).

تێبینی2:

هه‌ركاتێك درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوو درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی-گۆڕانی هه‌مزه به ئاسان خوێندنه‌وه-به‌یه‌كه‌وه كۆبویه‌وه، وه‌ك: ﴿ وَلَآ أَبۡنَآءِ إِخۡوَٰنِهِنَّ ﴾،[**ئه‌حزاب**:55]. **قالون درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوی دوو جووله له وشه‌ی** ﴿وَلَآ﴾. **و هاوشێوه‌كه‌ی دوو خوێندنه‌وه ئه‌نجام ده‌دات، درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله ی لكاو له وشه‌ی** ﴿أَبۡنَآءِ﴾. **و هاوشێوه‌ی ئه‌و، له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆی، ودرێژكردنه‌وه‌ی لكاو به هۆی ئه‌وگۆڕانه‌ی په‌یداده‌بێت كه بریتیه له ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه، به‌لاٌم ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر به چوار جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو خوێندنه‌وه، ئه‌وه پێویسته له‌سه‌ری دیاری بكات درێژكردنه‌وه‌ی دروست به چوار جووله ، چونكه درێژكردنه‌وه‌ی لكاو هه‌رچه‌نده گۆڕدرابێت به هۆی ئاسان خوێندنه‌وه، به‌لاٌم ئه‌و به‌هێزتره له دێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو، درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله به‌هێزتره له درێژكردنه‌وه‌ی لاواز.**

پێش کەوتنی درێژکردنەوەی دروستی نەلکاو
لەسەر درێژکردنەوەی دروستی لکاوی هەمزە گۆڕدراوی –ئاسا نخوێندنەوە-
(تقدم المد الجائز المنفصل على المد الجائز المتصل المغير الهمز – بالتسهيل -)

وەك: ﴿وَلَيۡسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾،[**ئەحقاف**:32].

	دُونِهِۦٓ	أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ
خوێندنەوە دروستەكان	مەددی دروستی نەلکاو (صیلەی گەورە)	لکاوی هەمزەی گۆڕدراو(بەئاسان)
1	درێژكردنەوە دوو جوولە	ئاسان و درێژكردنەوەی چوارجوولە
2	درێژكردنەوە دوو جوولە	ئاسان و درێژكردنەوەی دوو جوولە
3	درێژكردنەوەی چوارجوولە	ئاسان و درێژكردنەوەی چوارجوولە

پێشكەوتنی درێژكردنەوەی لكاوی هەمزە گۆڕداوی –ئاسا نخوێندنەوە-
لەسەر درێژكردنەوەی دروستی نەلكاو
(تقدم المد المتصل المغير الهمز ـ بالتسهيل ـ على المد الجائز المنفصل)

وەك: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يَعۡرُجُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥٓ أَلۡفَ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾،[**سەجدە**:6].

	ٱلسَّمَآءِ إِلَى	مِقۡدَارُهُۥٓ
خوێندنەوە دروستەكان	لکاوی هەمزەی گۆڕدراو(بەئاسان)	مەددی دروستی نەلکاو (صیلەی گەورە)
1	ئاسان و درێژكردنەوەی چوارجوولە	درێژكردنەوە دوو جوولە
2	ئاسان و درێژكردنەوەی چوارجوولە	درێژكردنەوە دوو جوولە
3	ئاسان و درێژكردنەوەی دووجوولە	درێژكردنەوە دوو جوولە

پێش كهوتنی میمی كۆ لهسهر درێژكردنهوهی دروستی نهلكاو
لهسهر درێژكردنهوهی لكاوی ههمزه گۆڕدراوی – ئاسا نخوێندنهوه-
(تقدم ميم الجمع على المد الجائز المنفصل على المد المتصل المغير الهمزة - بالتسهيل -)

وهك: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ أَهَؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ﴾ [سهبهء:40][1].

إِيَّاكُمُۥ	أَهَـٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمُۥ	أَهَـٰٓؤُلَآءِ	يَحْشُرُهُمُۥ	
میمی كۆ	لكاوی ههمزهی گۆڕاوی بهئاسان	مهددی دروستی نهلكاو	میمی كۆ	خوێندنهوه دروستهكان
بێ صیله	ئاسان و چوارجووله	دووجووله	بێ صیله	1
بێ صیله	ئاسان و دوو جووله	دووجووله	بێ صیله	2
بێ صیله	ئاسان و چوارجووله	چوارجووله	بێ صیله	3
صیله	ئاسان و چوارجووله	دووجووله	صیله	4
صیله	ئاسان و دوو جووله	دووجووله	صیله	5
صیله	ئاسان و چوارجووله	چوارجووله	صیله	6

ڕاهێنان:

به گریمانه لهسهر خوێندنهوهی ئهم ئایهته به یهك ههناسه(بێ وهستان)، ئهم ئایهته به چهند خوێندنهوهیهك دهخوێندرێتهوه لهلای پێشهوا قالون بهپێی یاسای گشتی بهكارهاتوو له دهرچوون له زانستی قیرائاتدا،

﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ ﴾[یوسف:53].

---

[1] قالون به پیتی(ن)ی خوێندۆتهوه له بری پیتی(ب) له (يَحْشُرُهُمْ ، يَقُولُ).

❖ دووه‌م: دوو هه‌مزه‌ی جیاواز له جووله

له كاتی كۆبوونه‌وه‌ی دوو هه‌مزه له دوو وشه‌دا، یان هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌داره یان كه‌سره‌داره یان ضه‌مه‌دار.
وه‌هه‌روها هه‌مزه‌ی دووه‌م یش به‌هه‌مان شێوه یان فه‌تحه یان كه‌سره یان ضه‌مه‌ی وه‌رگرتووه.
كۆی ئه‌م شێوانه‌ی باس كران ده‌بێته نۆ شێوه، سێیان له‌م نۆیه هه‌مزه‌كان هه‌ردووكیان یه‌كسانن له شێوه‌ی جووله ، ته‌نها شه‌ش شێوه له نۆ شێوه ده‌مینێته‌وه، سێیان له‌م نۆ شێوه‌یه له وانه‌كانی ڕابردو باس كران.
سه‌باره‌ت به‌م شه‌ش شێوه‌ی كه ماوته‌وه، پێنجیان له قورئانی پیرۆز باس كراون، به‌لأم شێوه‌ی شه‌شه‌میان له قورئاندا نه‌هاتووه، ئه‌ویش بریتیه له‌وه‌ی ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م كه‌سره‌دار بوو وه‌هه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌مه‌داربو.

ئه‌وه‌ی له قورئانی پیرۆز باس كراوه به‌م شێویه: هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌داره، وه‌هه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌مه‌داره یان كه‌سره‌دار، وه‌هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌مه‌ی له‌سه‌ره، یان كه‌سه‌ره، وه‌هه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌ی وه‌رگرتووه.
وێنه‌ی پێنجه‌م بریتیه له‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ضه‌مه‌داره هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌سه‌ردار.
سه‌باره‌ت به شێوه‌ی شه‌شه‌م بریتیه له‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م كه‌سه‌رداره هه‌مزه‌ی دووه‌م ضه‌مه‌داره، به‌لأم ئه‌م شێوه‌یان نه‌هاتووه له قورئانی پیرۆز.

ئه‌م پینج وێنه دابه‌ش ده‌بێت بۆ سێ كۆمه‌ڵه:

- ✓ كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م دوو شێوه‌ی تێدایه.
- ✓ كۆمه‌ڵه‌ی دووه‌م به‌هه‌مان شێوه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م دوو شێوه‌ی تێدایه.
- ✓ كۆمه‌ڵه‌ی سێیه‌م ته‌نها یه‌ك شێوه‌ی له خۆ ده‌گرێت.

دەربارەی كۆمەڵەی یەكەم كە دوو شێوە لە خۆ دەگرێت بەم شێوەیە:
هەمزەی یەكەم فەتحەدارەو هەمزەی دووەمیش كەسرەدارە یان ضـەممەدار.

دەربارەی كۆمەڵەی دووەم ئەم دوو شێوە كە لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە:
هەمزەی یەكەم ضـەممەدارە یان كەسرەدارە، وهەمزەی دووەم فەتحەدارە.
دەربارەی كۆمەڵەی سێیەم كە تەنها یەك شێوە لە خۆ دەگرێت ئەویش بریتیە لەوەی كە هەمزەی یەكەم ضـەممەدارەو هەمزەی دووەمیش كەسرەدارە.



مەزهەبی قالون
دەربارەی بوونی دوو هەمزەی لەیەکتر جیاواز لە جوولە لە دوو وشە

1. ئهگهر كۆبویهوه دوو ههمزهى له یهكتر جیا له جووله دا له دوو وشه، به شێوهیهك كه ههمزهى یهكهم فهتحهدار بوو، وههمزهى دووهم كهسرهدار بوو یان ضـهممهدار، ئهوه قالون ههمزهى دووهم ئاسان دهخوێنێتهوه.

نمونهى ههمزهى یهكهم فهتحهدارو ههمزهى دووهمیش كهسرهدار بێت ئهم وشانهن: ﴿ تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ، نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ ﴾. نمونهى ههمزهى یهكهم فهتحهدارو ههمزهى دووهمیش ضـهممهدار بێت تهنها له ﴿ جَآءَ أُمَّةً ﴾[مؤمنون:44]. نمونهى دووهم نههاتووه له قورئانى پیرۆز، ئهو وشانهى باس كران بهم شێوهیه دهخوێندرێتهوه: ﴿ تَفِيٓءَ ٱلَىٰٓ، نَبَأَ ٱبۡرَٰهِيمَ، جَآءَ ٱمَّةً ﴾.

2. كۆبونهوهى دوو ههمزهى له یهكتر جیا له جووله له دوو وشه، ههمزهى یهكهم ضـهممهدار یان كهسرهدار بوو ، ههمزهى دووهم فهتحهدار بوو، قالون ههمزهى دووهم دهگۆڕێت به پیتێكى هاوشێوهى جووله ى ههمزهى یهكهم، وهك: [﴿ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ ﴾. ﴿ ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي ﴾. ﴿ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا ﴾. ﴿هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ ﴾. ﴿ مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا ﴾.]، بهم شێوهیه دهخوێندرێتهوه ﴿ سُوٓءُ وَعۡمَٰلِهِمۡۗ، ٱلۡمَلَؤُاْ وَفۡتُونِي، وَٱلۡبَغۡضَآءُ وَبَدًا، هَٰٓؤُلَآءِ يَهۡدَىٰ، مِنَ ٱلۡمَآءِ يَوۡ مِمَّا ﴾.

3. ئهگهر ههمزهى یهكهم ضـهممهدار بوو ههمزهى دووهم كهسرهدار بوو، قالون بۆ ههمزهى دووهم به دوو شێوه دهخوێندرێتهوه:

أ- ئاسان خوێندنهوهى ههمزهى دووهم ئهوهى كه دهكهوێته نێوان ههمزهى یهكهم و پیتى(ى).

ب- گۆڕینی هەمزەی دووەم بە پیتی(و)ی تەواوی کەسرەدار.

نمونەکان: ﴿ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ ، وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَاْ ، يَشَآءُ إِلَىٰ ﴾.**بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:** [﴿ ٱلۡفُقَرَآءُ ٱلَى أو ٱلۡفُقَرَآءُ أُلَى ﴾. ﴿ ٱلسُّوٓءُۚ ٱنۡ؛ أو ٱلسُّوٓءُۚ أُنۡ ﴾. ﴿ يَشَآءُ ٱلَىٰ؛ أو يَشَآءُ أُلَىٰ ﴾.].

ئەیمن سوید پارچە هونراوەیەکی هەیە لەسەر مەزهەبی قالون دەربارەی بوونی دوو هەمزە بە جوولە ی جیاواز لە دوو وشە، بە کورتی دەفەرموێت:

فتحُ الأُولى سَهلِ — فتحُ الاخرى أبدلِ
غيـرَ فتـحِ سـهلِ — وكـــذاكَ أبـــدلِ

سەیری نمونەی ژمارە(1) بکە لە کۆتایی پەرتووکی ئوصول.



بابه‌تی گواستنه‌وه‌ی جووله‌ ی هه‌مزه‌
بۆ زه‌نه‌داری پێش خۆی

گواستنه‌وه‌(النقل) له‌ زمانی عه‌ره‌بیدا: به‌ مانای گواستنه‌وه‌و گۆڕینی شتێك له‌ شوێنی خۆی دێت.

گواستنه‌وه‌ له‌ زاراوه‌دا: بریتیه‌ له‌ گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی پچڕاو بۆ هه‌مزه‌یه‌كی زه‌نه‌داری پێشخۆی، له‌گه‌ڵ لابردنی پیته‌ هه‌مزه‌كه‌ له‌به‌ر ئاسان كردن، ئه‌وه‌ش شێوه‌زاری هه‌ندێك له‌ عه‌ره‌به‌كانه‌.

قالون گواستنه‌وه‌ی كردووه‌ بۆ سێ لەم ئه‌م وشانه‌:

❖ قالون وشه‌ی ﴿ ءَآلۡـَٔـٰنَ ﴾[یونس:51-91]. ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ لابردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و گواستنه‌وه‌ی جووله‌ ی بۆ پیتی(ل). وقالون بۆ هه‌مزه‌ی لكاو سێ خوێندنه‌وه‌ی كردووه‌ به‌م شێوه‌یه‌:

1. گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله‌ ، به‌ هۆی بنچینه‌ی پیتی(ل) كه‌ زه‌نه‌داره‌، به‌م شێوه‌یه‌: ﴿ءَآلَـٰنَ﴾.

2. گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی به‌ دوو جووله‌ ، له‌به‌ر جووله‌داركردنی پیتی(ل) به‌ فه‌تحه‌ به‌ هۆی گواستنه‌وه‌ی جووله‌ ی هه‌مزه‌ بۆ ئه‌و، به‌م شێوه‌یه‌: ﴿ ءَالَـٰنَ ﴾.

3. ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی لكاو، به‌م شێوه‌یه‌: ﴿ ءَا۬لَـٰنَ ﴾.

كه‌واته‌ ده‌توانی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئاسان بخوێنێته‌وه‌ یان گۆڕینی به‌ ئه‌لیف، ودروسته‌ له‌ كاتی گۆڕین به‌ شه‌ش یان دوو جووله‌ بیخوێنێته‌وه‌، هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی باس كران

له‌گه‌ڵ هه‌مزه‌ی دووه‌م ئه‌نجام ده‌درێت و گواستنه‌وه‌ی جووله‌ ی بۆ پیتی(ل) به‌ شێوه‌یه‌ك ده‌بێت له‌م وشه‌دا كه‌ قالون ته‌نها لكاوی بۆ هه‌یه‌ له‌م سێ شوێنه‌ی له‌ ڕابردوو باسمان كرد، وه‌هه‌روها له‌ باری وه‌ستاندا سێ په‌یداكراوی زه‌نه‌دار(مد عارض **للسكون) ده‌خه‌رێته‌ سه‌ر، كه‌واتا بۆی ده‌بێته‌ نۆ شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ له‌ باری وه‌ستاندا.**

❖ **قالون وشه‌ی** ﴿ ٱلۡأُولَىٰ ﴾**[نه‌جم:50].** ﴿ أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾. **پیتی هه‌مزه‌كه‌ ده‌گۆڕێت بۆ واوی زه‌نه‌دار و گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌كه‌ بۆ (ل) ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌كه‌ و تێكهه‌ڵكێشانی بێ مینگه‌ی ته‌نوین له‌گه‌ڵ لام به‌م شێوه‌یه‌:** ﴿عادَلُّؤلى﴾، **به‌ڵام كاتێك به‌ وشه‌ی** ﴿ ٱلۡأُؤۡلَىٰ ﴾. **ده‌ست بكه‌ین به‌ خوێندنه‌وه‌ ئه‌وه‌ خوێندنه‌وه‌ی بۆ دروست ده‌بێت كه‌ بریتین له‌:**

1. **ده‌ست پێكردن به‌ هه‌مزه‌ی لكاوی فه‌تحه‌دار و** ضـه‌**ممه‌ی پیتی(ل) به‌م شێوه‌یه‌:** ﴿ ٱلُـؤۡلَىٰ ﴾.

2. **ده‌ست پێكردن به‌ پیتی(ل) ی** ضـه‌**ممه‌دار، به‌م شێوه‌یه‌:** ﴿ لُـؤۡلَىٰ ﴾. **واتا وه‌ك شێوه‌ی خوێندنه‌وه‌ی پێشو به‌ڵام له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌ی لكاو.**

3. **گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ بنچینه‌ی خۆی – وه‌ك حه‌فص – واتا به‌ جێگیر كردنی ئه‌لیف و لامی ناسراو، له‌گه‌ڵ** ضـه‌**ممه‌داركردنی ئه‌و هه‌مزه‌ی ده‌كه‌وێته‌ دوای ئه‌و، وزه‌نه‌داركردنی پیتی(و) و هه‌مزه‌ نه‌كردنی، به‌م شێوه‌یه‌:** ﴿ ٱلۡأُولَىٰ ﴾. **شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ی نه‌گواستنه‌وه‌ پێش ده‌كه‌وێت له‌ ڕوی جێبه‌جێكردندا، به‌هۆی ئه‌وه‌ی قالون سه‌رپێچی بنچینه‌كه‌ی كردووه‌ له‌ نه‌گواستنه‌وه‌ی.**

❖ قالون وشهى ﴿ رِدۡءًا ﴾[قهصهص:34][1]. له ﴿ مَعِيَ رِدۡءًا يُصَدِّقُنِيٓ ﴾. دهخوێنێتهوه به گواستنهوهى جوولهى ههمزه بۆ زهنهى پێش خۆى كه پيتى(د) لهگهڵ لابردنى ههمزه بهم شێوهيه: ﴿ مَعِي رِدًا يُصَدِّقْنِيٓ ﴾[2]. بهدرێژكردنهوهى لهبرى دهخوێندرێتهوه لهبارى وهستاندا.

❖ شێخ عبدالفتاح ى قاچى له هونراوهى(الجامع لقراءة الإمام نافع) كۆكهرهوهى خوێندنهوهى پێشهوا نافع دا دهفهرموێت:

46: وَقَدْ رَوَوْا عَن نَّافِعٍ مَنْقُولاً	رِدْءًا وَآلآنَ وَعَادًا الأُولَى
47: وَاقْرَأ لِقَالُونَ بِهَمْزٍ سَاكِنِ	مَكَــانَ وَاوٍ مُطْلَقًا وَأتْقِنِ
48: وَقُـــلْ ألْؤْلَى بَـادِئًا أوْ لُؤْلَى	لَكِــنَّ بَدْءَهُ كَحَفْصٍ أوْلَـى

---

[1]ئهم وشه تاكه وشهيه كه نافع شێخى قالون پێچهوانهى بنچينهكهى خۆى له يهك وشهدا، لهوهشهوه جياوازى دروست بوه له نێوان خهڵكى جێبهجێكار له ڕوى گواستنهوهى يان لابردنى زۆرينه لهسهر گواستنهوهن.

[2]قالون دهيخوێنێتهوه به زهنهداركردنى پيتى(ق) له (يصدقني)، قهلقهلهش دهردهكهوێت و پيتى(ى) ى دانه پاڵ دهخوێنێتهوه بهزهنه له(معي).

باسی تێكهه‌ڵكێشان

ئیدغام له‌ زمانی عه‌ڕه‌بیدا: به‌كاردێت بۆ تێكهه‌ڵكێش كردنی شتێك له‌ شتێكی تر .

ئیدغام له‌ زاراوه‌دا: واتا تێكهه‌ڵكێش كردنی پیتێك له‌ پیتێكی تر به‌ شێوه‌یه‌ك هه‌ردوو پیت به‌ پیتێكی توندی شه‌ده‌دار ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌ ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به‌ دوو به‌ش: بچوك و گه‌وره‌.

مه‌به‌ست له‌ خوێندنی ئه‌م بابه‌ته‌، شاره‌زابوونه‌ له‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت و ئه‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، گه‌یشتنه‌ دوو پیت به‌یه‌ك و كۆبونه‌وه‌یان ده‌كرێت به‌ سێ به‌ش:

- ✓ **یه‌كه‌م:** پێك گه‌یشتنیان له‌ وشه‌و نوسیندا، به‌ شێوه‌یه‌ك پچڕان نه‌كه‌وێته‌ نێوانیان وه‌ك پێك گه‌یشتنی دوو پیتی(د) وه‌ك: ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ ﴾.
- ✓ **دووه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌ نوسیندا، وه‌ك: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾. لێره‌دا پچڕان له‌ نێوانیاندا ڕوویداو.
- ✓ **سێیه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌ گوتن و خوێندنه‌وه‌دا، وه‌ك: ﴿أَنَا۠ نَذِيرٌ ﴾. ﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایەکی گشتی گرنگ

هەر کاتێك دوو پیت بەیەکتر بگەن، ئەو دوو پیتە یان شوێنی دەرچوونیان یەکسانە یان جیاوازە[(1)].

❖ ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیاوازبوو (مەخرەجیان یەکسان نەبوو) ئەوکات بە لەیەکتر دوور ئەژماردەکرێن، تەنها پیتی (غ) و (خ) نەبێت کاتێك دەگەن بە پیتی (ق) و (ك) هەرکاتێك پیتی (غ) وهەرکاتێك پیتی (خ) بە یەك گەیشتن لەگەڵ پیتی (ق)یان (ك) ئەو دوو پیتانە دەبنە لەیەکتر نزیك و پێیان ناگوترێت پیتە لێك دوورەکان، ونکە هەرچەندە شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیایە بەلاّم دەرچوونیان لەیەکتر نزیکە. پیتی (غ) و (خ) دەرچوونیان دەکەوێتە نزیکترین شوێنی گەرو، ئەو شوێنەی کە لە دوای ئەو زمان دەست پیٚ دەکات.

هەروها پیتی (ق) و (ك) شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین شوێنی زمان کە لە دوای ئەو نزیکترین شوێنی گەرو دێت.

کەواتا شوێنی دەرچوونی هەموو ئەو پیتانەی باس کران لەیەکتر نزیکن، لەبەر ئەم هۆکارانە دەرکەوت کە پیتی (غ) لەگەڵ (ق)یان (ك) لەیەکتر نزیکن، وبەهەمان شێوە پیتی (خ) لەگەڵ (ق)یان (ك) لەیەکتر نزیکن.

❖ ئەگەر پیتەکان لەیەك ئەندام بوون (واتە لە یەك ئاست و شێوە دابوون و هەمان دەربڕینیان هەبوو)، لەو کاتەدا دەبن بە دوو بەش:

یان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر نزیکە.

یان شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر دوورە.

[(1)] مەحمود خەلیل حوصەری، پەرتووکی ئەحکامی قورئانی پیرۆز، (مەککە ی پیرۆز، نوسینگەی مەککیە – دار بەشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، بەدەست کارییەوە.

ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر نزیك بوو، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونەدات لە نێوان هەردوو پیتەکە لە یەکتر نزیکن، ئەم دوو پیتە بە لە یەکتر نزیك سەیر دەکرێن.

لەم قسانەی ڕابردوو وا دەردەکەوێت ئەگەر دوو پیت شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیابوو، بە شێوەیەك هەر یەکێکیان لە شوێنێك دەردەچوو، (پچڕان و دابڕان لە نێوانیاندا هەبوو) بە دوو پیتی لە یەکتر دوور سەیردەکرێن.

بۆمان ڕوون بویەوە کە نێوان پیتەکانی گەرو (حروف الحلق) کە ژمارەیان شەش پیتە لەگەڵ هەژدە پیتەکەی زمان، دوریەك هەیە (شەش پیتەکانی گەرو دوورن لە هەژدە پیتەکانی زمان) چونکە پیتەکانی گەرو لە شوێنێك دەردەچێت و پیتەکانی زمانیش لە شوێنێکی تر.

تەنها پیتەکانی (غ) لەگەڵ (ق) و (ك) وپیتی (خ) لەگەڵ پیتی (ك) نەبێت، ئەوانە جیادەکرێنەوە لەم حوکمەی کە لەسەر پیتەکانی گەرو و پیتەکانی زمان دا هەبوو.

- ❖ لە نێوان پیتەکانی گەرو و پیتەکانی لێو دوورییەك هەیە، چونکە هەر یەك لەوان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیاوازە، ولە کاتی دەربریندا جیاکاریەك دەکەوێتە نێوانەکانیان.

- ❖ لە نێوان پیتەکانی زمان و پیتەکانی لێو دووری هەیە، چونکە شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیایە، تەنها پیتی (م) لەگەڵ (ن) نەبێت لێکچوونێکیان هەیە لە نزیك بونەوە.

  پیتی (ن) لەگەڵ (و) نزیکبوونەوەیەکیان هەیە لە یەکتر لە شێوەی دەربڕیندا.

  پیتی (ی)ی لەین لەگەڵ (و) نزیك بونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا لە دەربڕیندا.

- ❖ لە نێوان پیتەکانی گەرو پیتێك لەگەڵ پیتێکی تر نزیك بوون و دورکەوتنەوە هەیە.

  ئەم دوو پیتەی کە شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین بەشی گەرو کە ئەوانیش پیتی(ء)و (ه) لەگەڵ ئەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە ناوەڕاستی گەرو ئەوانیش پیتی (ع) (ح) لێك نزیك بوونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا،

ئه‌م دوو پیته‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه‌ ده‌رچوونیان ده‌كه‌ویته‌ نزیكترن شوێنی گه‌روو وه‌ك: پیتی (غ) و (خ) دوریه‌ك هه‌یه‌.

پیته‌كانی ناوه‌ڕاست وه‌ك پیتی (ع) و (ح) نێوان ئه‌و دوو پیته‌و پیته‌كانی ده‌كه‌وێته‌ دوری گه‌رو وپیتی نزیكترن شوێنی گه‌روو نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌.

❖ له‌ نێوان پیته‌كانی زمان هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تر نزیك و دووری هه‌یه‌.

ئه‌و دوو پیته‌ی ده‌كه‌ونه‌ دورترین شوێنی زمان، وه‌ك پیته‌كانی (ق) و (ك) له‌ نێوان ئه‌ودوو پیته‌و پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان وه‌ك پیتی (ج) و (ش) و (ی)و پیتی سه‌ره‌ زمان وه‌ك پیتی (ض) و (ل) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌، ئه‌و پیتانه‌ له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێواری زمان كه‌ بریتین له‌: (ن ، ر ، ط ، د ، ت ، ص ، س ، ز ، ظ ، ذ ، ث) دوریه‌ك هه‌یه‌.

ئه‌م پیتانه‌ی باس كران پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان (الذلقية) پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌ی زمان (النطعية) وپیته‌كانی سه‌ره‌تای پێشه‌وه‌ی زمان (الأسلية) وپیته‌كانی لێو (الشفوية) و (پیته‌كانی نزیك له‌ پودو).

❖ له‌ نێوان پیته‌كانی ناوه‌ڕاست و سه‌ر زمان و لێواره‌كان، نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌.

له‌ نێوان پیته‌كانی سه‌ره‌ زمان و لێواره‌كاندا نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌، وله‌نێوان پیتی (ف) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو وه‌ك: (ی) و (م) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه‌، وله‌ نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان نزیك بوونه‌وه‌یه‌ك له‌ شوێنی ده‌رچونیان هه‌یه‌.

ڕوونکردنەوە

❖ ڕوون و ئاشکرایە کە هەر یەك لە پیتەکانی (ء) و (هـ) دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین شوێنی گەرو، ئەم دووانە بە یەك ڕەگەز دەخوێندرێنەوە (شوێنی دەرچوونیان یەکەو لە شکل و شێوەدا لە یەکتر جیان).

پیتەکانی (ع) و (ح) لە ناوەڕاستی گەرو دەردەچن، ئەم دوو پیتەش یەك ڕەگەزن.

وپیتی (غ) و (خ) لە نزیکترین شوێنی گەرو دەردەچن ئەوانەش بەهەمان شێوەی ئەو پیتانەی باس کران یەك ڕەگەزن.

❖ پیتەکانی دوور هەر یەك لە پیتی (ء) و (هـ) بەرامبەر پیتەکانی ناوەڕاست (ع) و (ح) لە یەکتر نزیکن، وبەرامبەر پیتەکانی نزیکترینی گەرو (غ) و (خ) لە یەکتر دوورن، چونکە پیتە ناوەڕاستەکان لە یەکتریان جیادەکاتەوە (کەواتا پیتەکانی ناوەڕاست دەکەوێتە نێوان نزیکترین و دوورترین پیتەکانی گەروو، بەهۆی ئەمە پیتی نزیکترین و دوورترین نزمەکان لە یەکتر دوور دەخاتەوە)

❖ پیتەکانی ناوەڕاستی گەرو (ع ، ح) لەگەڵ پیتەکانی دوورترین و نزیکترین نزیکایەتیەکیان هەیە.

❖ پیتی (غ) لەگەڵ پیتی (ق) و (ك) لە یەکتر نزیکن.

پیتی (خ) لەگەڵ (ق) و (ك) بەهەمان شێوە لە یەکتر نزیکن، چونکە پیتی (غ) و (خ) هەر چەندە لە نزیکترین شوێنی گەرو دەردەچن، بەڵام کاتێك نزیکیێکی بەهێز هەیە لە نێوان ئەوان و پیتەکانی (ق) و (ك) کە دەرچوونیان دەکەوێتە دورترین شوێنی زمان، ئەمە وای کردووە کە ئەم پیتانە بە نزیك لە یەکتر بخوێندرێنەوەو سەیر بکرێن، هەرچەندە لە یەکتر جیان هەروەك لە ڕابردوو باس کران.

❖ پیتەکانی (ق) و (ك) لەیەکتر نزیکن، بە هۆی بوونی جیاکاریەك لە شوێنی دەرچوونیان وگوتراوە پیتی (ق) و (ك)یەك ڕەگەزن بە هۆی شوێنی دەرچوونیان کە دورترینی زمانە.

❖ پیتی (ق) و هاوشێوەی ئەو پیتی (ك) لەگەڵ پیتێك لە پیتەکانی ناوەڕاستی زمان (ج ، ش، ی) یان لەگەڵ پیتێك لە پیتەکانی سەرە زمان وەك: (ض) و (ل) لە یەکتر نزیکن، ولەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەکی زمان دەردەبردرێن لەیەکتر دوورن.

❖ پیتەکانی (ج) و (ش) و (ی) کە درێژناکرێنەوە (مەدیان تێدا نیە) لە ناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن، ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەکانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هەموویان لە یەکتر نزیکن، وهەر یەك لەم پیتانە لەگەڵ پیتی لێوەکان بە دوور ئەژمار دەکرێن.

❖ پیتی (ض) لەیەك لە دوو لێواری زمان (لای چەپ یان ڕاست) لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت لە ددانەکان خرێنە (اضراس) دەردەچێت لە ناوەڕاستی لایێکی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت.

پیتی (ض) لەگەڵ پیتی (ق)و (ك)و هەر پیتێکی تری دەرچوو لە ناوەڕاستی زمان یان سەری زمان یان پیتی (ل) ئەوە بە نزیك لە یەکتر ئەژمار دەکرێن.

❖ پیتی (ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان تا کۆتایەکەی.

پیتی (ل) لەگەڵ پیتی (ق)و پیتی (ك)و هەر پیتێکی تر لەو پیتانەی کە لە ناوەڕاستی زمان یان لایێکی زمان و پیتی (ض) ئەمانە هەمووی بە نزیك ئەژمار دەکرێن لەگەڵ پیتی (ل).

پیتی (ل) لەگەڵ پیتەکانی لێو بە پیتی لێك دوور ئەژمار دەکرێن.

پیتی (ل) لەگەڵ پیتی (م) بە نزیك ئەژمار دەکرێت لە سیفەت.

هەرچەندە پیتی(م) یەکێکە لە پیتەکانی لێو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ل) و (م) نزیکایەتییێك هەیە لە نێوانیاندا لە شێوەی وتن و دەرچووندا.

❖ پیتی (ن) له بەشێكی لای زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی (ن) كەمێك دەكەوێته ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی (ل) (دەرچوونی (ن) هەندێك نزیكه له دەرچوونی (ل).

پیتی (ن) لەگەڵ پیتی (ق)و پیتی (ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن، (جیاوازی هەیه له نێوان شێوەو دەربڕینی (ن) لەگەڵ (ق) و (ك)دا.

پیتی (ن) لەگەڵ ئەو پیتانەی كه شوێنی دەرچوونیان دەكەوێته ناوەڕاستی زمان و پیتی (ض)و (ل) لەگەڵ ئەو پیتانەی كه له لێواری زمان دەردەچن، به نزیك ئەژمار دەكرێت.

❖ پیتی (ر) له پێشەوەی زمان (طرف اللسان) دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی (ر) نزیكه له شوێنی دەرچوونی پیتی (ن). لەكاتی دەربڕینی پیتی (ر) شێوەی دەربڕینەكه زیاتر بەرەو لای سەرووی زمان دەچێت.

پیتی (ن) لەگەڵ پیتی (ق)و پیتی (ك) له یەكتر دوورن، بەڵام بەرامبەر به پیتەكانی دەرچوو له ناوەڕاستی زمان وهەروها پیتی (ض) و (ل) و (ن)و پیتەكانی تری دەرچوو له بەشێكی زمان (طرف اللسان) به نزیك ئەژماردەكرێت، پیتی (ر) نزیكه له پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی (ض) و (ل) و (ن).

❖ هەر یەك لەپیتەكانی (ط) و (د) و (ت) دەرچوونیان دەكەوێته پێشەوەی زمان (طرف اللسان) به شێوەیەك شوێنی دەرچوونەكەیان زیاتر بۆ بەشی لای سەرەوەی ددانەكان نزیك دەبێتەوە.

هەر یەك لەم سیٚ پیته (ط) و (د) و (ت) لەگەڵ یەكتر به یەك سەیر دەكرێن.

پیتەكانی (ط) و (د) و (ت) لەگەڵ (ق) و (ك) لەیەكتر دوورن.

پیتی (ط) و (د) و (ت) لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و ئەم پیتانەی به لایەكی زمان دەردەبڕدرێن پیتی (ض) و (ل) و (ن) و (ر)و پیتەكانی دەرچووی پێشەوەی زمان به نزیك له یەكتر ئەژمار دەكرێن.

❖ پیتەكانی(ص، ز، س) دەرچوونیان دەكەوێته بەشێكی زمان (طرف اللسان)و سەروی ددانەكانی خواروو.

هه‌ر یه‌ك له پیتی (ص) و (ز) و (س) له‌گه‌ڵ یه‌كتردا یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

ئه‌م سێ پیته‌(ص، ز، س) دورن له‌گه‌ڵ پیته‌كانی (ق) و (ك) دا.

ئه‌م سێ پیته‌(ص ، ز، س) نزیكیان هه‌یه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئه‌و پیتانه‌ی تری ده‌كه‌وێته لای به‌شێكی زمان.

- پیته‌كانی(ظ، ذ، ث) ده‌رچوونیان به پێشه‌وه‌ی زمانه (**طرف اللسان**) كه ده‌كه‌وێته لای ددانه‌كانی سه‌روو.

ئه‌م سێ پیته‌(ظ) و(ذ) و(ث) لێك چوون و لێك نزیكیان هه‌یه له‌گه‌ڵ یه‌كتر.

هه‌ر یه‌ك له‌م پیتانه‌(ظ) و(ذ) و(ث) له‌گه‌ڵ پیتی (ق) و (ك) دورن.

ئه‌م سێ پیته‌(ظ، ذ، ث) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز ، س) نزیكی هه‌یه.

- پیتی(ف) له نێوان به‌شی ناوه‌وه‌ی لێوی خواره‌وه‌و بڕبڕه‌كانی سه‌ره‌وه ده‌رده‌چێت، پیتی(ف) له‌گه‌ڵ هه‌ر پیتێك له پیته‌كانی گه‌رو یان هه‌ر پیتێك له پیته‌كانی زمان له یه‌كتر دوورن، جگه له پیتی (ن) نه‌بێت لێك نزیكن له‌گه‌ڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) له‌گه‌ڵ (و، ب، م) له یه‌كتر نزیكن.

- پیتی(و، ب، م) به لێوه‌كان ده‌رده‌بردرێت، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیتانه له‌گه‌ڵ یه‌كتر یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

ئه‌م سێ پیته (و) و (ب) و (م) به‌رامبه‌ر به پیته‌كانی گه‌رو (حلق)و پیته‌كانی زمان له‌یه‌كتر دوورن.

پیتی(و، ب، م)و پیتی (ف) به نزیك له‌یه‌كتر سه‌یر ده‌كرێن.

پیتی (م) له‌گه‌ڵ (ن) هاوڕه‌گه‌زن له سیفه‌تدا.

پیتی (و) له‌گه‌ڵ (ن)یش به‌هه‌مان شێوه له‌یه‌كتر نزیكن له سیفه‌تدا.

پیتی (و) و (ی) یه‌ك ڕه‌گه‌زن و له‌یه‌ك چوونیان هه‌یه له ده‌ربریندا.

زاناکان دەفەرموون:

ئەوانەی لە ڕابردوو باس کران بۆ ئەو پیتانە بوون کە شوێنی دەرچوونیان دیار بوو، وشێوەی دەربڕینان زاندراوبوو.
ئەو پیتانەی کە شوێنی دەرچوونیان بە تەخمین دیاری کراوە، بریتین لە سێ پیتی مەد (درێژکردنەوە) ئەم سێ پیتە مەدە شێوەی گەیشتنیان بە پیتەکان نادیارەو باس ناکرێت.

ئەگەر پیتی مەد گەیشتن بە پیتێك لە پیتەکانی زمانی عەرەبی نزیك بوونەوەیان بۆ نیە، یەك ڕەگزنین لەگەڵ یەکتر، لێك دورکەوتنەوەشیان بەیەکەوە نیە، چونکە پیتەکانی مەد شوێنی دەربڕین و دەرچونیان نیە وەك پیتەکانی تر، بەڵکو ئەم پیتە مەدانە تەنها بە هەوای دەم و گەرو دروست دەبێت.
بەڵێ پیتە مەدەکان باس دەکرێن لەگەڵ هەندێك لە پیتە عەرەبیەکان کە ڕەگەزایەتیێك و هاوشێوەییێك هەیە لە سیفەتدا، بەڵام نەك لە شوێنی دەرچوون.
ئەو پیتانەی هاوشێوەییان هەیە لەگەڵ پیتە مەدەکان، وەك: پیتی (و)ی جووڵەدار، لەگەڵ پیتی (ئەلیف) هەروەك لە ووشەی (والٍ) .
پیتی **(و)** لەگەڵ پیتی (ئەلیف)یەك ڕەگەزن لە سیفەتدا.
پیتی (ی)ی جووڵەدار لەگەڵ پیتی (ئەلیف) وەك: (**الصِّيَامُ**) هەردو پیتی(ی، ا)یەك ڕەگەزن لە سیفەت و دەربڕیندا.
پیتی **(و)**ی جووڵەدار لەگەڵ **(و)**ی زەنەدار بە هاوشێوە دادەندرێن، وەك: (**وُورِىَ**) هەردوو پیتی **(و)** لە یەك ڕەگەزدان چوونکە هاوسیفەتی یەکترن.
پیتی **(ی)**ی جووڵەدار لەگەڵ پیتی (و)ی زەنەدار، وەك: (**يُوقِنُونَ**) هەردوو پیتی **(ی)** و **(و)**یەك ڕەگەزن لە سیفەتدا.

تێبینی:

پیته‌كانی (ت) و (ك)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی (ح) و (ث) و (ه)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.(حثه)

پیته‌كانی (ج) و (د)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی (م) و (ن)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی (و) و (ى)ى جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ هه‌رسێ پیتی درێژكراوه‌كان (پیته مه‌ده‌كان)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته نه‌رمه‌كان (اللين) وه‌ك (و) و (ى)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

به‌پێی قسه‌كانی ڕابردو ده‌توانین بڵێین ئه‌و پیتانه‌ی یه‌كسانن له هه‌موو سیفه‌تێكدا یه‌ك ڕه‌گه‌زیشن.

بڕوانه پاشكۆی ژماره (1) بكه له كۆتایی ئه‌م په‌رتووكه

په‌یوه‌ندی نێوان پیته‌كان

پیته هاووێنه‌كان (متماثلين) **بریتین** له‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان و ناوو ڕێنووسیان یه‌كسانه، وه‌ك: (ن) له‌گه‌ڵ (ن).

پیته لێك نزیكه‌كان (متقاربين) **بریتین** له‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان له یه‌كتر نزیكه، وه‌ك: **(ن)** له‌گه‌ڵ **(ل)**یان ته‌نها شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیكه‌و سیفه‌تیان جیاوازه، وه‌ك: **(ج)** له‌گه‌ڵ **(ض)**یان ته‌نها سیفه‌تیان له‌یه‌كتر نزیكه‌و شوێنی ده‌رچوونیان جیاوازه، وه‌ك: **(غ)** له‌گه‌ڵ **(ظ)**.

پیته یه‌ك ڕه‌گه‌زه‌كان (متجانسين) **بریتین** له‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوونیان یه‌كسانه‌و سیفه‌تیان له‌یه‌كتر جیاوازه، وه‌ك: **(ذ)** له‌گه‌ڵ **(ظ)**یان شوێنی ده‌رچوونیان له یه‌كتر جیاوازه‌و سیفه‌تیان یه‌كسانه، وه‌ك: **(ت)** له‌گه‌ڵ **(ك)**.



چۆنیه‌تی
دۆزینه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر

هه‌ركاتێك ویستمان په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر بزانین، پێویسته سه‌ره‌تا سه‌یری شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان بكه‌ین، ئه‌گه‌ر هاتوو هاووێنه بوون (متماثل) وه‌ك پیته‌كانی (ق) له‌گه‌ڵ (ق) ﴿ٱلْغَرَقُ قَالَ﴾ بڕیار له‌سه‌ر ئه‌و جۆره پیتانه ده‌ده‌ین به هاووێنه بوون، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاووێنه‌ی یه‌كتر نه‌بوون له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیاندا، له‌و كاته‌دا سه‌یری شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان ده‌كه‌ین له ڕووی هاوشێوه‌ییان، ئه‌گه‌ر هه‌ردوو پیته‌كه هاوشێوه بوون له شوێنی ده‌رچوونیان، ئه‌وه بڕیار ده‌ده‌ین له‌سه‌ر ئه‌م دوو پیته كه یه‌ك ڕه‌گه‌زن له ڕووی ده‌رچوونیان، وه‌ك پیته‌كانی (ع) له‌گه‌ڵ (ح) ﴿ٱلدَّمْعِ حَزَنًا﴾، ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان یه‌كسان نه‌بوون، سه‌یری سیفه‌تیان ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر هاوشێوه‌ی یه‌كتر بوون، به شێوه‌یه‌ك كه نه له‌یه‌كتر كه‌متربوون نه له‌یه‌كتر زیاتر بوون له سیفه‌تیان، بڕیاری یه‌ك ڕه‌گه‌ز بوونیان له‌سه‌ر ده‌درێت له سیفه‌ت دا.

هه‌ر وه‌ك پیته‌كانی(ح، ث، هـ) كۆدبێته‌وه له ووشه‌ی (حثه) ئه‌م پیتانه به هاوشێوه‌ی یه‌كتر ناوده‌بردرێن.

نمونه‌كانیان به‌م شێوه‌یه: (يَبْحَثُ، يُبْعَثُ حَيًّا، فَأَصْبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

له نێوان پیتی (م) و (ن) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ﴾.

له نێوان پیتی (ت) و (ك) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ﴾.

له نێوان پیتی (ج) و (د) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿وَلَقَدْ جَآءَكَ﴾.

له نێوان پیتی (و) و (ی) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿أَوْ يَعْفُوَاْ﴾.

له نێوان پیته‌كانی(أ، و، ی) كه به پیتی نه‌رم (له‌یین) ناوده‌بردرێن، له‌گه‌ڵ پیته درێژكراوه‌كان(حروف المد) هاوشێوه‌یی هه‌یه ﴿وَالٍ﴾ .

جگه له‌م پیتانه‌ی باس كران یه‌ك ڕگه‌ز نیه نه له شوێنی ده‌رچوون و نه له سیفه‌ت دا، له ڕابردوش باسمان كرد.

ئه‌گه‌ر یه‌كسان نه‌بوون له سیفه‌تدا ئه‌وا سه‌یری له یه‌كتر نزیك بوونیان ده‌كرێت له ڕووی شوێنی ده‌رچوونیان و سیفه‌تیان.

ئه‌گه‌ر یه‌كسانی هه‌بوو له نێوان پیته‌كان له ڕووی شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان، وه‌ك:-
نێوان پیته‌كانی (ل) **و** (ر) ﴿قُل رَّبِّ﴾.
نێوان پیته‌كانی (ذ) **و** (ز) ﴿وَإِذۡ زَيَّنَ﴾.
نێوان پیته‌كانی (ق) **و** (ك) ﴿نَخۡلُقكُّمُ﴾.
بڕیار ده‌درێت له‌سه‌ر ئه‌م پیتانه‌ی باس كران، به نزێك بوون له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌ت دا.

ئه‌گه‌ر به‌م شێوه‌یه نه‌بوون له نێوان پیته‌كان له ڕووی شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌ت دا، ته‌نها سه‌یری شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر نزیكایه‌تیه‌ك هه‌بوو له نێوان شوێنی ده‌رچوونیان، بڕیار له‌سه‌ر نزیكبوونیان ده‌درێت ته‌نها له ڕووی ده‌رچوونیان، وه‌ك: پیتی (د) **و** (ص) ﴿وَلَقَدۡ صَدَقَكُمُ﴾.
ئه‌گه‌ر له یه‌كتر نزیك نه‌بوون له ڕووی شوێنی ده‌رچوون، ته‌نها سه‌یری سیفه‌تیان ده‌كرێت.

ئه‌گه‌ر نزیكایه‌تیه‌ك هه‌بوو له نێوان سیفه‌تیان، به شێوه‌یه‌ك جیاوازیان ته‌نها له یه‌ك یان دوو سیفه‌ت هه‌بێت و زیاتر نه‌بێت، بڕیار له‌سه‌ر نزیكبوونیان ده‌درێت ته‌نها له ڕووی سیفه‌ت، وه‌ك: پیتی (و) و (ن) ﴿أَوۡ نَصَٰرَىٰ﴾، **پیتی (س) و (ح)** ﴿لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ﴾، **پیتی (ء) و (ذ)** ﴿أَذَىٰ﴾.

په‌یوه‌ندی نزیكایه‌تی له‌ نێوان پیته‌كاندا زۆره‌، هه‌ر دوو پیتێك تێكهه‌ڵكێشیان هه‌بێت له‌گه‌ڵ یه‌كتر له‌ هه‌ر خوێندنه‌وه‌و گێڕانه‌وه‌یه‌ك بێت و هاووێنه‌یی یان یه‌ك ڕه‌گه‌زی له‌ نێوانیان نه‌بێت، به‌ له‌ یه‌كتر نزیك هه‌ژمار ده‌كرێن، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هیچ شتێك له‌وانه‌ی ڕابردو باس كران له‌ نێوان پیته‌كاندا نه‌بێت، ئه‌وه‌ به‌ له‌ یه‌كتر دوورو جیاواز ئه‌ژمار ده‌كرێن.

كه‌واته‌:

ریزبه‌ندی په‌یوه‌ندی نێوان پیته‌كان ریزبه‌ندیه‌كی دابه‌زینه‌، واتا كامه‌ی له‌پێشتره‌ ئه‌و باس ده‌كرێت ئه‌وانی تر له‌دوای ئه‌وه‌وه‌ دێن، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌[1]:

1. هاووێنه‌ له‌ شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تدا.

2. یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌ شوێنی ده‌رچوون.

---

[1]زانای خه‌لیجی پیته‌كانی زمانی عه‌ره‌بی دابه‌ش گردووه‌ بۆ سه‌ر پێنج به‌شی سه‌ره‌كی سه‌باره‌ت به‌ تێكهه‌ڵكێش كردن و تێكهه‌ڵنه‌كێشكردن: **یه‌كه‌م:** نه‌ تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت و نه‌ تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت، ئه‌وانه‌ش سێ پیتن: (ء، ا، خ) **دووه‌م:** تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، به‌ڵام تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت. ئه‌وانه‌ش چوار پیتن: (ط، ظ، ص، ز).
ناگوترێت پیتی(ط) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌گه‌ڵ پیتی(ت) له‌ (أَحَطتُ، بَسَطتَ) به‌ تێكهه‌ڵكێشێكی ناته‌واو، به‌هۆی مانه‌وه‌ی سیفه‌تی ئیطباق، چونكه‌ مه‌به‌ست به‌ تێكهه‌ڵكێشێكی ته‌واو(الادغام الكامل) به‌ لابردنی پیت و سیفه‌تی، وه‌ك (الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) له‌ لای سوسی. **سێیه‌م:** تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت ته‌نها به‌ هاووێنه‌ی خۆی، ئه‌وه‌ش شه‌ش پیته‌:
(ع، غ، ف، ه‌، و، ی). **چواره‌م:** تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت ته‌نها له‌ ڕه‌گه‌زی خۆی و پیتی نزیك له‌ خۆی، ئه‌وه‌ش پێنج پیته‌: (ج، د، ذ، س، ض). **پێنجه‌م:** تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت به‌ هاووێنه‌و هاوڕه‌گه‌زی خۆی و یه‌ك ڕه‌گه‌زی خۆی و پیتی نزیك له‌ خۆی، ئه‌وه‌ش یازده‌ پیته‌: (ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن).
بڕوانه‌: موحه‌ممه‌دی خه‌لیجی، له‌ په‌رتووكی (حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێكۆڵینه‌وه‌ی، عومه‌ری كوری عه‌بدوالقادر، (ریاض، دار أضواء السلف، د.ت) لاپه‌ره‌23. (به‌ده‌ست كارییه‌وه‌) خه‌لیجی هونراوه‌یه‌كی هه‌یه‌ له‌م به‌شه‌وه‌، باسمان نه‌كردووه‌ له‌به‌ر درێژبوونه‌وه‌.

3. یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌ سیفه‌تدا.

4. نزیكی له‌ شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تدا.

5. نزیكی له‌ شوێنی ده‌رچوون.

6. نزیكی له‌ سیفه‌ت.

7. له‌یه‌كتر دوور.



تێكهه‌ڵكێشی بچووك

تێكهه‌ڵكێشی بچووك: بریتیه له تێكهه‌ڵكێشانی پیتێكی زه‌نه‌دار به پیتێكی جووله دار، به شێوه‌یه‌ك به هۆی ئه‌و تێكهه‌ڵێشانه هه‌ردوو پیت ده‌كرێن به یه‌ك پیتی شه‌ده‌دار له یه‌ك ڕه‌گه‌ز له‌گه‌ڵ پیتی دووه‌م.

هۆی ناونانی به بچووك:

ناوی نراوه به تێكهه‌ڵكێشی بچووك، چونكه له كاتێ تێكهه‌ڵكێشاندا ته‌نها پێویستی به یه‌ك هه‌نگاوی بچوكه، ئه‌ویش بریتیه له تێكهه‌ڵكێشانی پیتی یه‌كه‌م به پیتی دووه‌م.

مه‌زهه‌بی قالون له‌سه‌ر تێكهه‌ڵكێشی بچووك

1. قالون پیتی(ذ) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ت) له فیعلی ﴿ ٱتَّخَذْتُ ﴾. ﴿ أَخَذْتُ ﴾. به هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت، وه‌ك: ﴿ لَئِنِ ٱتَّخَذتَّ، ثُمَّ أَخَذتُّهَا ﴾.

2. قالون پیتی(ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(م) له ﴿ وَيُعَذِّبُ مَن ﴾[به‌قه‌ره‌:284][1]. به‌م شێوه‌یه: ﴿ وَيُعَذِّب مَّن ﴾.

3. قالون پیتی(ن) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له ﴿ وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ ﴾ [قیامه‌:27][2]. به‌م شێوه‌یه: ﴿ وَقِيلَ مَن رَّاقٍ ﴾.

4. قالون پیتی(ل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له سوه‌ڕتی موطه‌ففین، ئایه‌تی14 ﴿ كَلَّاۖ بَلْۜ رَانَ ﴾. به‌م شێوه‌یه: ﴿ كَلَّاۖ بَل رَّانَ ﴾.

---

[1] له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كه پێشه‌وا قالون پیتی(ب)ی زه‌نه‌دار كردووه.
[2] له ڕابردو قسه‌ی له‌سه‌ر كراوه له بابه‌تی ئه‌حكامی نونی ساكین و ته‌نوین.

دوو شوێنی تریش هەن ئەوانیش تێكهەڵكێشانیان بۆ دەكرێت، چونكە بە شێوەی ئەمر دەخوێندرێتەوە ئەوانیش بریتین لە سوڕەتی، ئەنبیاء ئایەتی[4 و112] ﴿ قَالَ رَبِّي ﴾. ﴿ قَلَ رَبِّ ﴾. بەم شێوەیە: ﴿قُل رَّبِّي ؛ قُل رَّبِّ﴾[1].

5. هەروەها لە ﴿ أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ﴾[مورسەلات:20].
قالون دوو بۆچوونی هەیە: یەكەم: تێكهەڵكێشانی تەواو. دووەم: تێكهەڵكێشانی ناتەواو.

6. قالون بە یەك لە خوێندنەوەكانی پیتی(ث) دیاردەخات لە ﴿یَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ﴾ [ئەعراف:176]. بەم شێوەیە:﴿ یَلۡهَثۚ ذَٰلِكَ ﴾. خوێندنەوەی تری تێكهەڵكێشانە بەم شێوەیە: ﴿ یَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ ﴾.

7. قالون بە یەك لە خوێندنەوەكانی پیتی(ب) دیاردەخات لە ﴿ ٱرۡكَب مَّعَنَا ﴾ [هود:42]. بەم شێوەیە: ﴿ ٱرۡكَبۡ مَعَنَا ﴾. خوێندنەوەی تری تێكهەڵكێشانە بەم شێوەیە: ﴿ ٱرۡكَب مَّعَنَا ﴾.

تێبینی:-

قالون وازی لەم (سەكت)وەستانێكی كورتی بێ هەناسە وەرگرتن هێناوە كە پێویستن لای حەفص، بەڵام ڕەچاوی ئەوەی كردووە ئەوەی تێكهەلكێشانی بۆ گونجاو بووە ئەنجامی داوە، وەك:(بَل رَّانَ، مَن رَّاقٍ) هەروەك باسمان كرد.
كە خوێندنەوەی وەك خۆی كردووە(الاظهار) لە وشەكانی دەستپێكی هەر یەك لە سوڕەتەكانی ﴿ یس، القلم ﴾.

---

[1] (قال)ی خوێندۆتەوە بە ضـهـممەداركردنی پیتی(ق)و لابردنی ئەلیف و زەنەداركردنی پیتی(ل).

حوكمی به‌یه‌ك گه‌یشتنی دوو پیتی زه‌نه‌دار

ئه‌گه‌ر دوو پیتی زه‌نه‌دار به‌یه‌ك گه‌یشتن له‌ دوو وشه‌دا، قالون زه‌نه‌ی وشه‌ی یه‌كه‌م ده‌گۆڕێت بۆ ضه‌ممه‌، ئه‌گه‌ر وشه‌ی دووه‌م ده‌ست پێ كردنی به‌ هه‌مزه‌ی نه‌وه‌ستانی ضه‌ممه‌دار بوو.

هۆكاری ئه‌م گۆڕینه‌ له‌ زه‌نه‌وه‌ بۆ ضه‌ممه‌، بۆ ئه‌وه‌یه‌ تاوه‌كو توشی گواستنه‌وه‌ی نا په‌سند نه‌بێت له‌ كه‌سره‌وه‌ بۆ ضه‌ممه‌، وچونكه‌ جووله‌ داركردنی زه‌نه‌ی وشه‌ی یه‌كه‌م به‌ ضه‌ممه‌ ده‌بێته‌ به‌ڵگه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی جووله‌ ی هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌ كاتی ده‌ست پێكردنی له‌ سه‌ره‌تای وشه‌ی دووه‌م ده‌بێته‌ ضه‌ممه‌دار، وه‌ك: ﴿ وَلَقَدُ ٱسْتُهْزِئَ ﴾ ﴿ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ﴾ ﴿ أَنُ ٱقْتُلُوٓاْ ﴾. ﴿ بِرَحْمَةٍ ٱدْخُلُواْ ﴾. ﴿ أَوُ ٱنقُصْ ﴾.

قورئان خوێن ده‌بێت ئاگاداربێت، له‌ كاتی ده‌ستپێكردن به‌ وشه‌ی دووه‌م كه‌ پیتی یه‌كه‌می هه‌مزه‌یه‌، نابێت له‌و كاته‌دا هه‌مزه‌كه‌ ضه‌مه‌دار بكرێت واته‌ هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م له‌ سه‌رتای وشه‌ی جووه‌م ئه‌گه‌ر به‌ كه‌سر بخوێندرێته‌وه‌ له‌ كاتی ده‌ستپێكردن نابێت له‌كاتی خوێندنه‌وه‌ی دوو زه‌نه‌دار كه‌ بكرێت به‌ ضه‌ممه‌، وه‌ك: ﴿ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ، قُلِ ٱلرُّوحُ، أَنِ ٱمْشُواْ ﴾.

باسی حەوت ئەلیفەکان

بە شێوەیەکی گشتی پێشەوا قالون هاوڕایە لەگەڵ حەفص لە بابەتی حەوت ئەلیفەکان، تەنها لە مانەی خوارەوە نەبێت:

➢ **یەکەم**: قالون ئەلیف ی جێگیرکردووە لە باری وەستان و نەوەستاندا لە سێ وشەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. وشەی ﴿ الظُّنُونَا ﴾. لە ﴿ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبْتُلِيَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾ [ئەحزاب:10].

2. وشەی﴿الرَّسُولَا﴾. لە ﴿ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا ۝٦٦ وَقَالُواْ رَبَّنَآ ﴾[ئەحزاب:66].

3. وشەی ﴿ السَّبِيلَا ﴾ لە ﴿ فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا ۝٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ﴾ [ئەحزاب:67].

➢ **دووەم**: قالون بە فەتحەداری خوێندۆتەوە لە گەڵ تەنوین لەم ووشانەی خوارەوە:

1. وشەی ﴿ سَلَٰسِلَا ﴾ لە ﴿ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا ﴾ [ئینسان:15]. قالون بە تەنوین دەخوێنێتەوە لە باری نەوەستان ﴿ سَلَٰسِلَا ﴾ لەگەڵ گۆڕینی بە ئەلیف لە باری وەستاندا.

2. وشەی ﴿ قَوَارِيرَا ﴾. شوێنی یەکەم لە ﴿ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَاْ ﴾[ئینسان:15]. شوێنی دووەم ﴿ قَوَارِيرَا ﴾ لە ﴿ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَاْ ﴾[ئینسان:16]. قالون بە تەنوین دەخوێنێتەوە لە باری نەوەستان لەگەڵ گۆڕینی بە ئەلیف لە باری وەستاندا.

3. وشەی ﴿ ثَمُودَاْ ﴾. قالون دەخوێنێتەوە بە تەنوینی پیتی(د) ﴿ ثَمُودَاْ ﴾. لە باری وەستاندا دەیكات بە ئەلیف لە چوار شوێندا:

أ- ﴿ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَا كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ ﴾[**هود**:68].

ب- ﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ ﴾[**فورقان**:38].﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُمۡ ﴾ [**عەنكەبوت**:38].

ت- ﴿ وَثَمُودَا فَمَا أَبۡقَىٰ ﴾[**نەجم**:51].

➢ **سێیەم**: وشەی(أَنَا) بەم شێوەیە باس كراوە:

ئەگەر لە دوای ئەم وشە(أَنَا) هەمزەی پچڕاو هات فەتحەدار بوو یان ضمەمەدار، وەك:
﴿ أَنَآ أَخُوكَ ؛ أَنَآ أُحۡيِۦ ﴾. **قالون بە ڕەهایی دەخوێنێتەوە بە جێگیر كردنی ئەلیف، و درێژكردنەوەی دوو یان چوار جووڵە .**

هەمزەی پچڕاو بە فەتحەداری دێت لە دوای وشەی: ﴿ أَنَا ﴾. **لە دە شوێن لە قورئانی پیرۆز ، وەك:** ﴿ وَأَنَآ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾.

هەمزەی پچڕاو بە ضمەمە دێت لە دوای وشەی (أنا) **لە دوو شوێن ئەوانەن:** ﴿ قَالَ أَنَآ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ ﴾[**بەقەرە**:258]. ﴿ أَنَآ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ ﴾[**یوسف**:45].

بەڵام ئەگەر لە دوای ئەم وشە هەمزەی پچڕاوی كەسرەدارهات، وەك:
﴿ أَنَاْ إِلَّا نَذِيرٌ ﴾.

كە ئەوەش لە سێ شوێندای هەیە :
[**ئەعراف**:188] و [**شوعەرا**:115] و [**ئەحقاف**:9] **قالون بە ڕەهایی دەخوێنێتەوە بە جێگیر كردنی ئەلیف و درێژكردنەوەی دوو یان چوار جووڵە ، وەبۆی هەیە بە لابردنی هەمزەكە ئەوەش خوێندنەوەیەكی ترە، شێوەی سێیەم لابردنە وەك حەفص، بەم شێوەیە:** ﴿ أَنَا ؛ أَنَآ ؛ أَنَاْ ﴾.

پێشخستنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر وشه‌ی(أنا)
ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه یان ضه‌مه‌ی به دوا داهات
(تقدم المد الجائز المنفصل على لفظ (أنا) اذا أتى بعده همزة قطع مفتوحة أومضمومة)

وه‌ك: ﴿ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾[ئه‌عراف:143].

	فَلَمَّآ	وَأَنَا۠
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو	وشه‌ی(أنا)ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه یان ضه‌مه‌ی به دوا
1	درێژكردنه‌وه دوو جووله	بوونی ئه‌لیف و دوو جووله (أنا)
2	درێژكردنه‌وه چوار جووله	بوونی ئه‌لیف و چوار جووله (أنا)

پێشخستنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر وشه‌ی(أنا)
ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی كه‌سره‌دار به دوا داهات
(تقدم المد الجائز المنفصل على لفظ (أنا) اذا أتى بعده همزة قطع مكسورة)

وه‌ك: ﴿وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ مُّبِينٞ﴾[ئه‌حقاف:9].

	وَمَآ	أَنَا۠
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو	وشه‌ی(أنا)ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی كه‌سه‌ره‌داری به دوا داهات
1	درێژكردنه‌وه دوو جووله	بوونی ئه‌لیف و دوو جووله (أَنَا)
2	درێژكردنه‌وه دوو جووله	لابردنی ئه‌لیف(أَنَاْ)
3	درێژكردنه‌وه چوار جووله	بوونی ئه‌لیف و چوار جووله (أَنَآ)
4	درێژكردنه‌وه چوار جووله	لابردنی ئه‌لیف (أَنَاْ)

پێشخستنی درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی(صیله)ی گه‌وره له‌سه‌ر وشه‌ی(أنا)
ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه یان ضه‌ممه‌ی به دوا داهات
(تقدم مد الصلة الكبرى على لفظ (أنا) إذا أتى بعده همزة قطع مفتوحة أو مضمومة)

وه‌ك: ﴿ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا ﴾[**كه‌هف**:34].

	يُحَاوِرُهُۥٓ	أَنَا
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	درێژكردنه‌وه‌ی لكاوی گه‌وره	وشه‌ی (أنا) پێش هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه‌دار یان ضه‌ممه‌دار
1	درێژكردنه‌وه دوو جووله	بوونی ئه‌لیف و دوو جووله (أَنَا)
2	درێژكردنه‌وه چوار جووله	بوونی ئه‌لیف و چوار جووله (أَنَآ)

پێش خستنی وشه‌ی (أنا) ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه یان ضه‌ممه‌ی به دوا داهات
له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی میمی كۆ هه‌مزه‌ی به‌دوادابێت.
(تقدم لفظ (أنا) اذا أتى بعده همزة قطع مفتوحة أو مضمومة على مد ميم جمع بعدها همزة)

وه‌ك: ﴿ وَأَنَآ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ﴾[**غافر**:42].

	وَأَنَا	أَدۡعُوكُمۡ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	وشه‌ی(أنا)ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه تحه یان ضه‌ممه‌ی به دوا داهات	میمی كۆ پێش هه‌مزه
1	بوونی ئه‌لیف و دوو جووله (أَنَا)	بێ صیله
2	بوونی ئه‌لیف و دوو جووله (أَنَا)	لكاو چوار جووله
3	بوونی ئه‌لیف و چوار جووله (أَنَآ)	بێ صیله
4	بوونی ئه‌لیف و چوار جووله (أَنَآ)	لكاو چوار جووله

بابەتی فەتح و ئیماله

مەبەست له لاركردنەوە(ئیماله) خوێندنەوە له نێوان دوو جووله یان خوێندنەوە له نێوان دوو پیت دا، بۆ نمونه خوێندنەوەی فەتحه بەلای كەسره یان خوێندنەوەی ئەلیف بەلای پیتی(ی) به شێوەیەك له بنچینەدا فەتحەداره بەڵام بەلایەنی كەسرەدا دەخوێندرێتەوە.

بەشێكی زۆر له هۆزەكانی عەرەب، لاركردنەوەیان هەیه له خوێندنەوەدا، وەك خوێندنەوەیان له نێوان فەتحەدار كردن و كەسرەدار كردن، ئەم جۆره خوێندنەوە شتێكی بەربلاوە لەلای خەڵكی نەجد، وەك: هۆزەكانی(بەنی تەمیم، بەنی ئەسەد، قەیس و ئەوانی تر)

هەندێك له هۆزەكانی عەرەب ئاخاوتنیان دەكەوێته سەر فەتحەدار كردنی وشه، وەك: خەڵكی حیجاز، له قورەیشیەكان و هەوازن و ثەقیف و كینانه.
مەبەست له وشەی كردنەوە(فەتح) ئەوەیه كه خوێنەر دەمی خۆی بكاتەوە له كاتی دەربڕینی پیتەكە.

لاركردنەوە(الاماله) له زمانی عەرەبی: واته لاركردن و خواركردنەوە، یان لادان له شتێك و ڕووكردنه شتێكی تر.
لاركردنەوە لای زانایان: بریتیه له لادان له فەتحەوە بەرەو كەسره، وله ئەلیفەوە بۆ پیتی(ی)

لاركردنەوە: دەكرێت بە دوو بەش[1]. **لاركردنەوەی گەورە(إماله كبرى) و لاركردنەوەی بچووك(ئیمالەی صوغرا)** واتە(تقلیل) كەم كردنەوە.

➢ لاركردنەوەی گەورە:

بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان دوو پیتەكانی ئەلیف و یاء دا، وپێشی دەگوترێت(–ئیضجاع-زێدە ڕەوی لە لاركردنەوە بە خوێندنەوەیەك نیوە بەنیوە) هەر ئەوەش مەبەستە ئەگەر تەنها وشەی(ئیماله) بە كار هات. (لە كاتی بە كار هێنانی زاراوەی ئیماله بە تەنها، ئیمالەی گەورە دەگرێتەوە).

➢ لاركردنەوەی بچووك:

بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان كردنەوە (فتح)و ئیماله. واتە لە نێوان كردنەوەو ئیماله دایە، هەروها لاركردنەوەی فەتحەدار بەرەو كەسرە، ودەتوانین بلێین دەرچوونە لە فەتحەداری بەرەو كەسەرە، لەگەڵ هێشتنەوەی دەم لە شێوە

---

(1) هۆكارەكانی ئیماله هەشت شتن:

1/ بوونی كەسرە لە پێش ووشە یان لەدوای ووشە، وەك هەر یەك لە وشەكانی: (الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة)

2/ كەسرەیەكی پەیداكراو لە هەندێك كات دا وەك: (طاب، جاء، شاء، زاد) چونكە لەم ووشانەدا پیتی(ف) كەسەردار دەكرێت لە كاتی لكاندن بە ڕاناوی ڕەفعەدار (مەرفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) لە ووشەدا، وەك: (لاضير) سوك خوێندنەوە لەم ووشەدا بە ئیماله دادەندریت (لاركردنەوە)

4/ یان وەرگێڕان و قەلب كردن، وەك: (رمى)

5/ یان لێكچوون بە وەرگەڕان، وەك: ئەو پیتە ئەلیفەی بۆ میێ بە كاردێت.

6/ یان پێچونێك بە پێچواندنی گۆڕینی پیتی(ی) بێت، وەك: موسى ، عیسى.

7/ یان ئەوەی دەبێتە نزیك لە ئیماله (لاركردنەوە) ناودەبردرێت (ئیماله) لە پێناو (ئیماله) (لاركردنەوە) وەك وشەی: (تراءى) مەبەست پێی پیتی ئەلیفی یەكەمە، وبەهەمان شێوە پیتی(ن) لە ووشەكانی: (نأى ، وراء ، رأى)

8/ یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی (ى) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و) وەك: (ضحى) ئەوانەی باس كران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت: (كەسەر) و (ى)

بڕوانە: عەلی كوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة، (قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ كەلتور ، ساڵی 1420ی كۆچی ، لاپەرە29.


ئاساییەكەی خۆی، واتا بێ لادانێكی تەواو لە فەتحەوە بۆ كەسرە، وپێشی دەگوترێت كەم بوون (التقلیل)، یان لە لاركردنەوەی(بچوك) ، واتا خوێندنەوە لە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە، واتا خوێندنەوەی تەواو لە نێوان دوو پیت دا.

زمان بەرزدەبێتەوە بە كردنەوەی دەم ولار دەبێت بە(ئیمالە)[1]. خوێندنەوە بە لاركردنەوە سووك ترە لەسەر زمان لە بەرزكردنەوە، هەر بۆیە لاركردنەوە دەكەن، ئەوەی كردنەوە دەكات بۆچوونی وایە كە كردنەوە پەسندەو ئەو بنچینەیە.

ئەو فەرموودەی[2]. پێشەوا ئیبن جەزەری(رەزای خوای لەسەر بێت) باسی دەكات لە پەرتووكەكەی خۆی بەناوی(النشر) پاڵ پشتیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ عبداللهكوڕی مەسعود (ﷺ) كاتێك پیاوێك سوڕەتی(طه)ی لەلا دەخوێندو كەسرەداری نەكرد (واتا لاركردنەوەی نەكرد) بۆ پیتە پچڕاوەكانی سەرەتای سوڕەتەكە، ئیبن مەسعود(ﷺ) خوێندیەوە ﴿ طِهِ ﴾. واتا لاركردنەوەی ئەنجام دا سێ كەڕەت، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی فێر كردووە.
زانایانی زمانەوانی ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر (فتح) كردنەوە (ئیمالە)و لاركردنەوە ، ئایە كامەیان بنچینەیە؟ بۆچوونی بە هێز ئەوەیە كە (فتح) كردنەوە ڕاسترە لە (ئیمالە) چونكە ئیمالە پێویستی بە هۆكارێكە بە پێچەوانەی كردنەوە پێویستی بە هۆكار نیە،(ئیمالە) لاركردنەوە لقێكە لە كردنەوە، ئیبن القاصح لە شەرحەكەی لەسەر كتێبی(حرز الامانی) دەفەرموێت: ئەوەی لاركردنەوەی بۆ دەكرێت ، كردنەوەشی بۆ دەكرێت، بەڵام ئەوەی كردنەوەی بۆ دەكرێت مەرج نیە لاركردنەوەی بۆ بكرێت.

---

[1]لە كاتی ئیمالە كردن بە ئەلیفی(طغى) زمان بەرز دەبێتەوە، بەڵام كەمێك لار دەبێت كە بە فەتح بخوێندرێتەوە لەلای حەفص و هاوڕاكانی.
[2]فەرموودەیەكی غەریبە.



مەبەست لە لارکردنەوە یان کەم کردنەوە: ڕاگەیاندنە تا بزاندرێت بنچینەی ئەلیف پیتی(ی)یە، یان ئاگادارکردنەوەیە لەسەر وەرگەڕانی بۆ پیتی(ی) لە شوێنێکی دیاری کراودا، یان دیاری کردنی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو کەسرەی کە نزیکیەتی.

مەزهەبی قالون دەربارەی ئیمالەی گەورە

- قالون ئەلیف ئیمالە دەکات بە ئیمالەی گەورە لە باری وەستان و نەوەستاندا لە وشەی ﴿ هَارٍ ﴾[تەوبە:109]. بەم شێوەیە: ﴿ هَارٍ ﴾. لە هەردو باردا پیتی(ر) لاواز دەکرێت، ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیان تاکە بابەتە کە قالون ئیمالەی گەورەی بۆ ئەنجام دەدات.

- قالون لە وشەی ﴿ مَجْرِبهَا ﴾[هود:41]. پیتی(م)ی ضـەممەدار کردووەو پیتی(ر)ی فەتحەدار کردووە بێ ئیمالە، بەم شێوەیە: ﴿ مُجْرَبهَا ﴾.

مەزهەبی قالون
دەربارەی لاربوونی بچووك-کەم-

قالون یەك لە خوێندنەوەكانی كەمكردنەوە(تەقلیل) دەكا لە وشەی ﴿ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ﴾. واتا بە ئیمالەی بچووك لە هەر شوێنێك بێت، بەم شێوەیە: ﴿ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ؛ ٱلتَّوۡرَىٰةِ ﴾. ئەوەش تاكە شوێنە كە قالون ئیمالەی بچووك تێدا ئەنجام دەدات، پیتی ڕائیش تێدا لاواز دەكات.

لەكاتی كۆبونەوەی وشەی(التوراة)و درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو(المد الجائز المنفصل) پیتی(م)ی كۆ بەیەكەوە، قالون هەشت خوێندنەوەی عەقلی بۆ ئەم بابەتە هەیە، چونكە دوو خوێندنەوەی بۆ وشەی(التوراة) هەیە، كە ئەوانیش فەتح و (تقلیل) كەم كردنەوە، وەبۆ درێژكردنەوەی دروستی نەلكاویش بە دوو یان چوار جووڵە دەخوێندرێتەوە، وەبۆ پیتی(م)ی كۆ زەنەداركردن و شوێن كەوتنی بە پیتی(و)ی گوتراوی صیلە، بەڵام بۆ ئەم هەشت خوێندنەوە عەقلیە پێنجیان دروستە خوێندنەوەی نەقلیان بۆ بكرێت، بەم شێوەیە:

- **خوێندنەوەی یەكەم:** بە فەتح[1]. كردنی وشەی(التوراة) لەگەڵ دوو جووڵە درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو صیلەی پیتی(م)ی كۆ.

- **خوێندنەوەی دووەم:** فەتح كردنی وشەی(التوراة) لەگەڵ چوار جووڵە درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو بێ صیلەی پیتی(م)ی كۆ.

- **خوێندنەوەی سێیەم:** (الامالة الصغری)(تقلیل) لە وشەی(التوراة) لەگەڵ دوو جووڵە درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو بێ صیلەی پیتی(م)ی كۆ.

[1] فەتح: واتە خوێندنەوەیەكی ئاسایی وەك حەفص بێ ئیمالە (گەورو بچووك)

➢ **خوێندنه‌وه‌ی چواره‌م:** (الاماله الصغری)(تقلیل) له وشه‌ی(التوراة) له‌گه‌ڵ چوار جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاوو بێ صیله‌ی پیتی(م)ی كۆ.

➢ **خوێندنه‌وه‌ی پێنجه‌م:** (الاماله الصغری)(تقلیل) له وشه‌ی(التوراة) له‌گه‌ڵ چوار جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاوو صیله‌ی پیتی(م)ی كۆ.

ده‌رباره‌ی سێ خوێندنه‌وه ڕێگه پێ نه‌دراوه‌كه به‌م شێوه‌یه:

✓ **ڕێگه پێ نه‌دراوی یه‌كه‌م:** فه‌تح كردنی وشه‌ی(التوراة) له‌گه‌ڵ دوو جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاوو بێ صیله‌ی پیتی(م)ی كۆ.

✓ **ڕێگه پێ نه‌دراوی دووه‌م:** فه‌تح كردنی وشه‌ی(التوراة) له‌گه‌ڵ چوار جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاوو صیله‌ی پیتی(م)ی كۆ.

✓ **ڕێگه پێ نه‌دراوی سێیه‌م:** ئیماله‌ی بچووك له وشه‌ی(التوراة) له‌گه‌ڵ دوو جووله درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاوو صیله‌ی پیتی(م)ی كۆ.

شێوە دروستەكانی

كۆبونەوەی وشەی(تەوراة)و درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو میمی كۆ

(الاوجە الجائزة عند اجتماع لفظ التوراة والمد الجائز منفصل ومیم الجمع)

خوێندنەوە دروستەكان	وشەی تەوراة	مەددی دروستی نەلكاو	میمی كۆ
1	كردنەوە	دووجوولە	صیلە
2	كردنەوە	چوارجوولە	بێ صیلە
3	كەمكردنەوە	دووجوولە	بێ صیلە
4	كەمكردنەوە	چوارجوولە	بێ صیلە
5	كەمكردنەوە	چوارجوولە	صیلە

شێوە ڕێ پێنەدراوی

كۆبونەوەی وشەی(تەوراة) و درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو میمی كۆ

(الاوجە الممتنعة عند اجتماع لفظ التوراة والمد الجائز منفصل ومیم الجمع)

خوێندنەوە دروستەكان	وشەی تەوراة	مەددی دروستی نەلكاو	میمی كۆ
1	كردنەوە	دووجوولە	بێ صیلە
2	كردنەوە	چوارجوولە	صیلە
3	كەمكردنەوە	دووجوولە	صیلە

شێوە دروستەكانی

پێش كەوتنی وشەی(تەوراتِ) لەسەر درێژكردنەوەی دروستی نەلكاوو میمی كۆ

(الاوجه الجائزة عند تقدم لفظ التوراة والمد الجائز منفصل وميم الجمع)

وەك: ﴿ قُلۡ فَأۡتُواْ بِٱلتَّوۡرَىٰةِ فَٱتۡلُوهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾[ئالی عیمران:93].

	بِٱلتَّوۡرَىٰةِ	فَٱتۡلُوهَآ	كُنتُمۡ
خوێندنەوە دروستەكان	وشەی تەورات	مەددی دروستی نەلكاو	میمی كۆ
1	كردنەوە	دووجوولە	صیلە
2	كردنەوە	چوارجوولە	بێ صیلە
3	كەمكردنەوە	دووجوولە	بێ صیلە
4	كەمكردنەوە	چوارجوولە	بێ صیلە
5	كەمكردنەوە	چوارجوولە	صیلە

شێوه‌ دروسته‌كان

له پێش كه‌وتنی درێژكردنه‌وه‌ی دروستی نه‌لكاو له‌سه‌ر میمی كۆو وشه‌ی(ته‌وڕات)

(الاوجه الجائزة عند تقدم المد الجائز المنفصل على ميم الجمع ولفظ التوراة)

وه‌ك:﴿ وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ﴾ [**مائیده**:46].

	عَلَىٰٓ	ءَاثَـٰرِهِمُۥ	ٱلتَّوْرَىٰةِ
خوێندنه‌وه‌ دروسته‌كان	**مه‌ددی دروستی نه‌لكاو**	**میمی كۆ**	**وشه‌ی ته‌وڕات**
1	دووجووله	بێ صیله	كه‌مكردنه‌وه(ته‌قلیل) بچووك
2	دووجووله	صیله	كردنه‌وه
3	چوارجووله	بێ صیله	كردنه‌وه
4	چوارجووله	بێ صیله	كه‌مكردنه‌وه
5	چوارجووله	صیله	كه‌مكردنه‌وه

شێوە دروستەكان

له پێش كەوتنی میمی كۆ لەسەر وشەی(تەوراة) ودرێژكردنەوەی دروستی نەلكاو

(الاوجه الجائزة عند تقدم ميم الجمع على لفظ التوراة والمد الجائز المنفصل)

وەك: ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ۝٤٢ وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾[**مائيده**:43].

	بَيۡنَهُمۡ	ٱلتَّوۡرَىٰةُ	وَمَآ
خوێندنەوە دروستەكان	**میمی كۆ**	**وشەی تەوراة**	**مەددی دروستی نەلكاو**
1	بێ صيله	كردنەوە	چوارجووله
2	بێ صيله	كەمكردنەوە	دووجووله
3	بێ صيله	كەمكردنەوە	چوارجووله
4	صيله	كردنەوە	دووجووله
5	صيله	كەمكردنەوە	چوارجووله

نمونه:

هه‌ندێك له‌ ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز كه‌ تیایدا كۆبۆته‌وه‌ درێژكردنه‌وه‌ی دروستی لكاو له‌گه‌ڵ پیتی(م)ی كۆو وشه‌ی ته‌وڕات[1].

أ- ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ مِنْ رَبِّهِمْ لَأَكَلُوا مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ ﴾[**مائیده**:66].

ب- ﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَى شَيْءٍ حَتَّى تُقِيمُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ ﴾[**مائیده**:68].

ت- ﴿ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ ﴾[**فه‌تح**:29].

ث- ﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ ﴾[**صه‌ف**:6].

ج- ﴿ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ [**ئه‌عراف**:157].

ڕاهێنان:

به‌ گریمانه‌ له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌ یه‌ك هه‌ناسه‌، ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌ چه‌ند شێوه‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌لای پێشه‌وا قالون به‌ پێی یاسای گشتی به‌كارهاتوو له‌ ده‌رچوون له‌ زانستی قیرائاتدا،(يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَاجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنْزِلَتِ التَّوْرَاةُ وَالْإِنْجِيلُ إِلَّا مِنْ بَعْدِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (65) هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ)[**ئالی عیمران**:66]

---

(1) به‌سه‌یر كردنی هه‌ر یه‌ك له‌و سێیه‌ی ڕابردوو.

وەڵامدانەوەی ڕاهێنان:-

هەمو خوێندنەوەکان	نەلکاو	(التوراه)	نەلکاو	(هانتم)	میمی کۆ	نەلکاو	میمی کۆ
1	2	کردنەوە	2	4ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	2	نەلکاو
2	2	کردنەوە	2	4ئاسان خوێندنەوە	لکاو	2	لکاو
3	2	کردنەوە	2	2ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	2	نەلکاو
4	2	کردنەوە	2	2ئاسان خوێندنەوە	لکاو	2	لکاو
5	2	کەمکردنەوە	2	4ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	2	نەلکاو
6	2	کەمکردنەوە	2	4ئاسان خوێندنەوە	لکاو	2	لکاو
7	2	کەمکردنەوە	2	2ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	2	نەلکاو
8	2	کەمکردنەوە	2	2ئاسان خوێندنەوە	لکاو	2	لکاو
9	4	کردنەوە	4	4 ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	4	نەلکاو
10	4	کردنەوە	4	4 ئاسان خوێندنەوە	لکاو	4	لکاو
11	4	کردنەوە	4	2 ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	4	نەلکاو
12	4	کردنەوە	4	2 ئاسان خوێندنەوە	لکاو	4	لکاو
13	4	کەمکردنەوە	4	4 ئاسان خوێندنەوە	نەلکاو	4	نەلکاو
14	4	کەمکردنەوە	4	4 ئاسان خوێندنەوە	لکاو	4	لکاو
